PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
WWW.GOV.KRD/MOPA
Jul 2024
43
43

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

**خاوەن ئیمتیاز:**
وەزارەتی پێشمەرگە

**سەرنووسەر:**
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

**جێگری سەرنووسەر:**
عمید شوان مەحموود ئەحمەد

**سەرپەرشتیاری بەشی راگەیاندن:**
عمید ستارعبدالکریم عزیز

**سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتمانی:**
عمید محەمەد صدیق حمەد

**بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:**
عقید قارەمان مەهدی محەمەد
(+964) 750 466 1364

**بەڕێوەبەری نووسین - راگەیاندن:**
عقید رەنج جەعفەر ئەحمەد
(+964) 772 531 5240

**بەرپرسی وێنەگران:**
مقدم جمعە قادر

**بەڕێوەبەری هونەری**
کەیوان سلێمان ئاژگەیی

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دراوەتی



## پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکان

پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە و وەزارەتی پێشمەرگەش لەهەوڵی جددیدایە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە...

٥



## رۆڵی توانا لۆجستییەکان لە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەدا

دابینکردنی پێداویستی سەربازی گرنگترین و سەرەکیترین وزە و توانای هەر هێزێکی سەربازییە لە دونیادا، بۆئەوەی بەشێوەیەکی .....

١١



## خولەکانی کۆلێژی ئەرکان

کۆلێژی ئەرکان یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و وێستگەیەکی گرنگە لە پەروەردەکردنی،.....

١٧



## پروپاگەندە
## پێناسەو رەهەندەکانی

مێژووی پروپاگەندە لە راستیدا مێژووی خودی مرۆڤایەتییە، لەو کاتەوەی مرۆڤ دەستی کردووە بە دەربڕینی راو هەڵوێستی. ....

٤١



## پەیامی ئاشتی لە گاندی بۆ هیتلەر

مەهاتما گاندی کە بە یەکێک لە گەورەترین ئاشتیخوازەکانی جیهان دادەنرێت، بەر لە دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی ویستویەتی ......

٨٠



## دیسپلینی سەربازی

دیسپلین، میکانیزم و شێوازێکە کە لە ژیانی تاک و کۆ و لە کاری رێکخراوەیی رۆڵێکی بنەرەتی دەگێڕێت، زۆرێک لە شارەزایان دیسپلین بە سیستەمی ژیان دادەنێن، .......

٥٨

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت
(+964) 772 531 5240 Mail: info@mopa.gov.krd (+964) 750 466 1364

43



## گەڕی نوێی دیالۆگی ئاسایشی هاوبەش لە نێوان عێراق و ئەمریکا

# ڕۆڵی پێشمەرگە لە هاوکێشەی هێزەکاندا

ئامادەکردنی: رائد بارزان روستایی

**لە رۆژانی ٢٢ و ٢٣ی تەمووزی ٢٠٢٤، دووەم کۆبوونەوەی دیالۆگی هەماهەنگی ئەمنیی هاوبەش لە نێوان عێراق و ئەمەریکا بە بەشداریی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەچوو، بڕیار درا هەردوو وڵات پابەندبن بە سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە، سەرباری سوپاسکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش، هەردوولا کۆک بوون کە دەبێت گفتوگۆکان بەردەوامییان هەبێت تا ئەو کاتەی بەئەنجام دەگەن، چونکە بەردەوامیدان بە دیالۆگی هاوبەش بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی لە پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکەدا دەبێت.**

لە کۆبوونەوەکەی پێنتاگۆن کە لۆید ئۆستن، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، سابت عەباسی، وەزیری بەرگریی عێراق، جەنەڕاڵ مارک ئێریک کۆریلا، فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا (سێنتکۆم)، فەریق ڕوکن عیسا عوزێر، سوپاسالاری پێشمەرگە و ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی سوپای عێراق و باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵات بەشداربوون، لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا، ئاماژە بەوە دراوە، ئەمەریکا و عێراق پابەند دەبن بە کارکردنی هاوبەش بۆ ئەوەی دڵنیابن لە پاراستنی سەقامگیریی عێراق و تێکشکاندنی یەکجارەکی ڕێکخراوی داعش بەشێوەیەک ئەو گرووپە نەتوانێت لە داهاتوودا جارێکی دیکە ببێتەوە هەڕەشە لەسەر سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، لیژنەی باڵای سەربازیی هاوبەش پێکدەهێنرێت و هەڵسەنگاندن بۆ هەڕەشەکانی داعش و پێداویستی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەکرێت.

### چاکسازیی و یەکگرتنەوە

سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بەوەش دا کە هاوبەشی و هاوکاریی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەناویاندا پێشمەرگە و پابەندبوونی هاوبەش بۆ سەقامگیریی ناوچەکە دووپاتکرایەوە، هەروەها پشتیوانی ئۆپەراسیۆنەکان دەکرێ لەڕێگای سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی هاوبەشی یەکگرتووی سەربازیی و ئۆپەراسیۆنی چارەسەری بنەڕەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ ڕاهێنان و ڕاوێژپێدان. سەرۆکی ئەرکان راشیگەیاند «چاکسازییەکانی نێو وەزارەتی پێشمەرگە بابەتێکی دیکەی گفتوگۆکان بووە و بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا هەوڵەکانی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیان بەرزنرخاند.»

دەربارەی دابینکردنی چەک و پێداویستیی سەربازیی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەرۆک ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی دا: بەرپرسانی ئەمەریکا هاوڕابوون

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

# بەرپرسانی ئەمریکا هاوڕابوون سەبارەت بەدابینکردنی چەک و پێداویستی سەربازیی لەنێویاندا سیستەمی بەرگریی بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت ڕووبەڕووی هەڕەشەکان ببێتەوە و سەقامگیری ناوچەکە بپارێزێت

سەبارەت بە دابینکردنی چەک و پێداویستی سەربازیی لەنێویاندا سیستمی بەرگریی بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتوانێت ڕووبەڕووی هەڕەشەکان ببێتەوە و سەقامگیری ناوچەکە بپارێزێت، لەم بارەشەوە کارکردن لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا و حکومەتی عێراق بەردەوامە بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییانە.

سەرۆکی ئەرکان ئەوەشی ڕایگەیاند: «لە بەشێکی تری گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ شاندی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، پرۆسەی خوێندن و مەشقپێدان و دەرفەتە پەروەردەییەکان کە بەردەستن لە بواری سەربازیدا، بۆ بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکان و گرنگییدان بە لایەنی ئەکادیمی سەربازیی یەکەکان، ڕاوێژیان لەبارەوە کرا.

## ڕێکخستنەوەی ئەرکەکانی هاوپەیمانان

هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی شاندی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن و کۆبوونەوەیان لەگەڵ لوید ئۆستن وەزیری بەرگریی ئەمریکا و ستافەکەی، ئەلینا ڕۆمانۆوسکی باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا، لە پۆستێکی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس ڕایگەیاند، ڕۆژی سێشەممە،٢٣ی تەمووزی ٢٠٢٤، لە دیالۆگی هاوبەشیی هاوکاریی ئەمنی لە نێوان ئەمەریکا و عێراقدا، دوای گفتوگۆکردن لەسەر ئایندەی پەیوەندییە ئەمنییە دووقۆڵییەکانمان، کۆتایی بەو گەڕەی دیالۆگی هاوبەش هات.

ڕۆمانۆوسکی ئەوەشی خستە ڕوو، «ئێمە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی کارکردن دەکەین لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکانمان بۆ پێشخستنی ئەو ستراتیژەی کە لەسەری ڕێککەوتووین بۆ گواستنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەرکەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و پرسی مانەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا.»

## پێشمەرگە بەشێک دەبێت لە پاراستنی سەروەری و سەقامگیری

ماتیۆ میلەر، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسی ڕۆژانەیدا، لە وەڵامی پرسیارێک ڕایگەیاند: کۆبوونەوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو کە لە واشنتن ئەنجامدراون، کە تایبەت بوون بە دیالۆگی هاریکاریی ئەمنیی هاوبەش لەنێوان ئەمریکا و عێراق، لە کۆبوونەوەی وەزیری بەرگریی عێراق و ئەمریکا، بڕیاریان دا، هەردوولا پابەندی سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە بن، هەروەها هێزە ئەمنییە کوردییەکانیش بەشێک دەبن لە پاراستنی سەروەری و سەقامگیریی ناوچەکەدا.

میلەر لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانانێدا باسی لەوە کرد «پرسی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دۆزێکە ئێمە بە جیا لەگەڵ عێراق تاوتوێی دەکەین، ئەمەش لە ڕێگەی لیژنەی باڵای سەربازییەوە. پرۆسەی چارەسەرکردنی ئەم پرسەمان لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ دیاریکردنی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەستپێکردووە. هەروەها پرسەکانی چۆنییەتی گواستنەوەیان بەندە بە هەریەک لە بنەماکانی هەڕەشەکانی داعش، پێداویستییە ئۆپەراسیۆنییەکان، ژینگە و تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکاندا. هەر بۆیە ئەو دانوستاندنانەی ئێستا لە ڕێگەیەکی جیاوازەوە لەگەڵ عێراق بەردەوامن.

## گەڕانەوەی دیالۆگی هاوبەش

گفتوگۆی هاوکاری و هاوبەشی ئاسایش لەسەر ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ستراتیژیی هاوبەشی دوولایەنە بنیادنراوە، کە لەلایەن هەردوو لاوە پێشتر گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەوانەش گفتوگۆی ستراتیژیی تەمووزی ٢٠٢١ی ئەمریکا و عێراق و لیژنەی باڵای هەماهەنگیی نێوان ئەمەریکا و عێراق لە شوباتی ٢٠٢٢، پاشان یەکەمین گەڕی گفتوگۆی هاوکاری و هەماهەنگیی هاوبەشی ئاسایش کە لە ڕۆژانی ٧ و ٨ ی ئابی ٢٠٢٣، لە واشنتن و هەروەها لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣ تەمووزی ٢٠٢٤ دیالۆگی هاوبەشیی ئەمنی لەنێوان شاندی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و وەزارەتی بەرگریی عێراق بەڕێوەچوو، تیایدا هەردوولا جەختیان کردەوە لە پابەندبوونیان بە هاوکاری ئەمنی و بەرژەوەندیی هاوبەش بۆ سەقامگیریی ناوچەکە، شاندەکانی ئەمریکا و عێراق پێشوازییان لە جێبەجێکردنی تەواوی



ماتیۆ میلەر

## ماتیۆ میلەر: پرۆسەی چارەسەرکردنی دیاریکردنی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ دەستپێکردووە

گفتوگۆکانی ستراتیژیی نێوانیان کردەوە.
پێنتاگۆن لە ٢٤ی تەمووزی ٢٠٢٤ لە ڕاگەیێندراوی هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق ئاماژەی بەوەدا، ئەمریکا و عێراق بەنیازن بەردەوام بن لە ڕاوێژکارییەکانی نێوانیان سەبارەت بە پتەوکردنی هاوکاریی دووقۆڵی، ئەمەش بۆ فەراهەمکردنی شکستی هەمیشەیی داعش و ڕێگریکردن لە دووبارە بەهێزبوونەوەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیەدا.

لە سەردانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، محەممەد شیاع سودانی بۆ واشنتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ جۆبایدن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باسیان لە گرنگی پابەندبوونیان بە عێراقێکی سەقامگیر لەڕووی ئەمنییەوە کرد، هەروەها هاوڕابوون



ئەلینا ڕۆمانۆوسکی

## بەرپرسانی ئەمریکا لەنێویاندا وەزیری بەرگریی پێزانینیان بۆ ڕۆڵ و کاریگەری پێشمەرگە لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و بەزاندنی ئەو گرووپە تیرۆریستییە هەبوو

لەسەر ئەوەی کە دەبێت هێزە ئەمنییەکانی عێراق بتوانن ودڵنیابن لەوەی کە داعش ناتوانێت جارێکی دیکە لە ناوخۆی عێراقدا کاراببێتەوە و ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر عێراق و ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.
لە دیدارەکەدا، سەرۆک بایدن، باوەڕی خۆی دووپاتکردەوە کە عێراقێکی بەهێز کە توانای هەبێت بەرگری لەخۆی بکات، گرنگە بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و ئەوەش بە بەهێزکردنی تواناکانی هێزە ئەمنییەکان لە سەرتاسەری عێراق بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی خاک و خەڵکی عێراق دەکرێت.
لە دیدارەکەدا هەردوولا باسیان لە سەرکەوتنەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراقدا کرد، بەو بنەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بە



فەریق ڕوکن عیسا عوزێر

## سەرۆک ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە: ئەمریکا و عێراق پابەند دەبن بە کارکردنی هاوبەش بۆ ئەوەی دڵنیابن لە پاراستنی سەقامگیریی عێراق و تێکشکاندنی یەکجارەکی ڕێکخراوی داعش

کوردستانیشەوە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە شکستپێهێنانی داعش لەسەر زەوی بینی و ستایشی قوربانیدانەکانی ئەندامانی هێزە سەربازییەکانی عێراق و هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کرد کە شانبەشانی یەکتر لە هەڵمەتە مێژووییەکەی جەنگی دژ بە داعشدا خزمەتیان کرد.
سەرۆک بایدن ئاماژەی بەوەدا کە شکستی هەمیشەیی داعش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی عێراق و ناوچەکە و جیهان لە داهاتوودا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر گەیشتن بە خواستەکانی گەلی عێراق بۆ گەشەپێدانی ئابووری و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی دەبێت و سەرکردایەتی عێراقیش دەتوانێت ڕۆڵی زیاتری لە ناوچەکەدا هەبێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پرۆسەی چاكسازی و یەكخستنەوەی هێزەكان

# قۆناغی نوێی پێكهێنانی فیرقەكان

ئامادەكردنی: ئەحمەد توتمەرەیی

پرۆسەی چاكسازی و ڕێكخستنەوەی هێزەكانی پێشمەرگە بەردەوامە و وەزارەتی پێشمەرگەش لەهەوڵی جددیدایە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە و بە بەردەوامی هەنگاوی باش و خێرا دەنێت، لەم پێناوەشدا سەرقاڵی ڕێكخستن و پێكهێنانی فیرقەكانە كە لە ئێستادا فیرقەكانی یەك و دوو سێ و چوار و هەنگاوی دڵخۆشكەریان ناوە. لەسەر پرۆسەی كاری وەزارەتی پێشمەرگە، گۆڤاری پێشمەرگە بە پێویستی زانی دوایین هەنگاوەكان و بەرەوپێشچوونەكانی پرۆسەی چاكسازی و وردەكارییەكان و هەنگاوەكانی پێكهێنانی فیرقەكانی بخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە هەریەك لە بەڕێزان لیوا روكن دكتۆر كارزان شەقڵاوەیی بەڕێوەبەری پلاندانان و ڕێكخستنی میلاكات و لیوای ئەندازیار نەبەزسەلاح سدیق بەڕێوەبەری چاكسازی دواندووە.



لیوا روكن كارزان شەقلاوەیی

## پەیكەری ڕێكخستنی فیرقەكان

لەم بارەیەوە، لیوا روكن كارزان شەقلاوەیی روونیكردەوە كە پێكهێنانی فرقەكانی سێ و چوار كارەكانیان تەواوبووە و دەستبەكاربوون. بابەتی پێكهێنانی فیرقە هەندێ كاری وردی دەوێت كە پێویستە بەشێوەیەكی دروست ئەنجام بدرێن، وەك دیاریكردنی فەرماندەی فیرقە و بەرپرسی بەشەكان و ستافی فیرقە بەگشتی، دواتر ڕێكخستن و دەسنیشانكردنی ئەفسەر و كارمەندان بەشێوەی جەدوەل روكن كە لەسەر بنەمای پەیكەری ڕێكخستن (هیكل التنظیم)ی فیرقە دارێژراوە و وردەكاریی دابەشكردنی لە ئەفسەر و كارمەندان دیاریكراوە. ئەركی سەرەكی ئێمە دروستكردن و پێداچوونەوە بە پەیكەری یەكەكانی وەزارەتی پێشمەرگەیە، هەروەها دروستكردنی پەیكەری نوێیە بۆ ئەو یەكانەی كە لەسەر یەكەكانی (٧٠و٨٠) دەگوازرێنەوە سەر میلاكی وەزارەتی پێشمەرگە، دواتر دروستكردنی جەدوەل روكن بۆ یەكە نوێیەكان بەپێی پەیكەری پەسندكراو، ئینجا دانانی زانیاری و داتای كەسەكان لەناو جەدوەل ڕوكن و وردبینیكردنیان، پاشان ناردنیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی دەركردنی فەرمان وزاری بۆ جێگیركردنی ئەفسەر و كارمەندان لەیەكە نوێیەكەدا.

## ئەزموونی پێكهێنانی فیرقەكان

لیوا روكن كارزان ئاماژەی بەوەدا كە ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی دارشتنی پلانی پێشوەختە و دیاریكردنی شێواز و ئامانجی یەكەی نوێ بەڕێوەدەچێت، بەشێوەیەكی گشتی پرۆسەیەكی



هەمەلایەنەیە و دەبێ کارەکان بەوردی بەڕێوەبچن، بۆ ئەوەی ئامانجە دیاریکراوەکە بپێکن. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان پێکهێنانی فیرقەکانی یەک و دوو لەگەڵ فیرقەکانی سێ و چوار، بەدڵنیاییەوە ئەزموونێکی باشمان لە پێکهێنانی فیرقە پەیداکردووە، پێکهێنانی فیرقەکانی یەک و دوو کاری زۆری پێویست بوو، چەندین کۆبوونەوەی باڵامان لەگەڵ هاوپەیمانان کرد، ڕاو سەرنجی ئەوانمان وەرگرت، لە هەمانکاتدا لەگەڵ یەکەکانی (٧٠و٨٠) چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجامدا بۆ ئەوەی پێکهێنانی فیرقەی پیادە بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ لایەنی سەربازیی لەلایەک و سیاسەتی وەزارەتەکەمان کە خۆی لەڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەبینێتەوە، بگونجێت، بۆیە لەکۆتاییدا گەیشتین بەوەی کە پەیکەرێکی دروست و گونجاو بۆ فیرقەی پیادە دروست بکەین و بڕیاری پێکهێنانی فیرقەی یەک و دوو دەرچوو. ئەم کارانە ماوەی چەند مانگێکی خایاند، بۆیە بەهۆی بوونی ئەزموونی پێشوەختە، لەدروستکردنی فیرقەی سێ و چوار خێراتر کارەکان بەڕێوەدەچون، چونکە هەموو فیرقەکان لەسەر یەک پەیکەری ڕێکخستن دروستدەکرێن و هەمان جەدوەل روکن دەبێت تەنها ناوی کەسەکان گۆڕانکاری تێدا دەکرێت.

## ڕۆڵی هاوپەیمانان لە پێکهێنانی فیرقەکاندا

سەبارەت بەڕۆڵی هاوپەیمانان، لیوا روکن کارزان شەقلاوەیی ڕایگەیاند: بەدڵنیاییەوە هاوپەیمانان ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوییان لەپرۆسەی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیە و ئێمە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی بەردەوامامان لەگەڵ هاوپەیمانان هەیە، ئەوانیش بەچەند تیمێک لەدروستکردن و ڕێکخستنەوەی یەکە نوێیەکان بەشدارن. تیمێکیان لەسەرەتادا وەک ڕاوێژکاری هونەری کارییان لەگەڵ دەکەین بۆئەوەی یەکەکان بناغەیەکی سەربازییانەی مۆدێرنیان هەبێت، دوای دروستکردنی یەکەی نوێ لەرێگەی تیمی لۆجستیان هاوکاری دەستبەکاربوونی یەکەکە دەکەن، واتا کارەکانیان هەمەلایەنەیە، هەر لەکاری ڕاوێژکارییەوە تا کاری لۆجستی و پێدانی ڕاوێژ، بۆیە ناکرێ ڕۆڵی هاوپەیمانان لەبەرچاو نەگیرێت و لەبایەخی کارەکانیان کەمبکرێتەوە.

## کۆتا هەنگاوەکان

بەڕێوەبەری پلاندانان و ڕێکخستنی میلاکات، ئاماژەی بەوەش دا کە پرۆسەی پێکهێنانی فیرقەکانی سێ و چوار هەنگاوی باشی بڕیوە و دەستبەکاربوون، لەماوەیەکی نزیکدا جیا لەدروستکردنی فیرقەی پیادە، یەکەی باڵاتریش دروست دەکرێت کە دەبێتە مایەی ڕێکخستنەوەی تەواوەتی هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا. ڕایگەیاند: بەدڵنیاییەوە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە پرۆسەیەکی گرنگە لەناو پرۆژە هەمەلایەنەکەی چاکسازی و بەرێوەبەرایەتی پلاندانان و ڕێکخستنی میلاکات، ڕۆڵی سەرەکی لەدروستکردنی فیرقەی پیادە یان هەر یەکەیەکی نوێ هەیە، چونکە کارەکانی دروستکردنی پەیکەری ڕێکخستن (هیکل التنظیم) کە بناغەی پێکهێنانی هەموو یەکەکانە، لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەرێوەدەچێت، ئینجا دروستکردنی جەدوەل روکن و وردبینی ناو و زانیاریی کەسەکان و پەسندکردنی جەدوەل ڕوکن و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکان بەمەبەستی دەرکردنی فەرمان بۆ جێگیرکردنی کەسەکان و دەستبەکاربوونیان لەیەکەکانیان، واتا بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ڕۆڵێکی کارا و کاریگەری هەیە لە دروستکردنی فیرقەی پیادە یان هەر یەکەیەکی تر کە وەزارەتەکەمان داوامان لێبکات.

بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و پێکهێنانی فیرقەکان

سەبارەت بە بەرنامەی چاکسازی و پێکهێنانی فیرقەکان بەڕێوەبەری چاکسازی، لیوای ئەندازیار نەبەز سەلاح سدیق ڕایگەیاند: کارنامەی

**کارنامەی چاکسازی تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ بەیەکخستنی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە کۆتایی دێت**

**کاری بەردەوام دەکرێت تا چاکسازیی ریشەیی لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا ئەنجام بدرێت کۆی پرۆسەکە سەرکەوتوانە بە ئامانج بگات**

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

43




لیوا نەبەز سڵاح سدیق

چاکسازی تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ بە یەکخستنی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە کوتایی دێت. هەروەها ئاماژەی بە دوو پڕۆژەی گرنگی ناو بەرنامەی چاکسازیی دا کە لە ئێستادا چوونەتە بواری جێبەجێکردن و کاریان لەسەر دەکرێت، ئەوانیش پڕۆژەی ستراتیژیی بەرگریی وەزارەت و پڕۆژەی کارنامەی هێزی پێشمەرگەیە کە لە قۆناغەکانی تەواو بووندایین، ئەمەش دەرخەری پەرۆشی کاری جددی و بەردەوامە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کۆی پڕۆژەکان، لەبارەی ئەو پڕۆژانەی کە تەواوکراون و ئەوانیتر کە کاریان لەسەردەکرێت. لیوای ئەندازیار نەبەز سەلاح ئەوەی خستەڕوو: لە ئێستادا ١٣ پرۆژە تەواوبوون و ئاراستەی ئەنجوومەنی بەرگریی کراوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندنی لەسەر پرۆژەکان، دوای جێبەجێکردنی ئەو ١٣ پڕۆژەیە، کار بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک لە پڕۆژەکانی دیکە دەکرێت تا سەرجەمیان جێبەجێ دەکرێن، ئەو خاڵانەی جێبەجێ کراون لە زۆر بواردان کە پەیوەندیی بە ناوخۆی وەزارەتی پێشمەرگە و پەیکەری وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە.

## یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە

بەڕێوبەری چاکسازی ئەوەیشی خستەڕوو: هۆکاری دواکەوتنی ئەو پڕۆژانەی کە ماون، بەهۆی قەیرانی دارایی و بودجەی تەرخەنکراوەوە هەیە. روونیکردەوە، سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە جگە لەبەشێکی یەکەی ٧٠ و٨٠ یەکخراوە و کار دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو هێزانەش لە چوارچێوەی پڕۆسەکەدا یەکبخرێن و هەیکەلی ئەو دوو یەکەیەش بگۆردرێت و لەگەڵ هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگە یەک بگرنەوە، بۆیە کاری بەردەوام دەکرێت تا چاکسازیی ریشەیی لەناو وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام بدرێت. لەو ماوەیەشدا قۆناغی دروستکردنی فیرقەکانی ٣ و ٤ سەرکەوتووانە بە ئامانج گەیشت، ڕێکخستن و دروستکردنی کاری فیرقەکان ئەمجارە ئاسانتر و خێراترە وەک لە دروستکردن و ڕێکخستنی فرقەی ١و٢ لەبەر ئەوەی لە یەکەی ٧٠ و٨٠ پێکهاتبوون، چونکە ئەم فیرقە نوێیانە لە لیوا هاوبەشەکانی ناو وەزارەتی پێشمەرگە دروستدەکرێن. دوا قۆناغی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە پێکهێنانی پەیکەری قیادەی دەڤەرە و بە دروستبوونی ئەم سەرکردایەتییە، کۆتایی بە ئەرکی گرنگی نوێکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکان دێت، بەمەش هیچ هێزێک نامێنی لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بێت.

## هەنگاوەکانی چاکسازی ...

# پرۆژە ستراتیژییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە



ئامادەکردنی: هیوا فاتیح

**کاروانی پرۆژەی چاکسازی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە، پرۆسەکە قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرێت و هەنگاوی باش چووەتە پێشەوە و کاری جدیش لە پرۆسەی چاکسازیدا کراوە. بۆ ئەم مەبەستە حەوت لیژنە لە ئاستی باڵا پێکهێنراون بۆ ئەوەی هەنگاوەکان فراوانتر و خێراتر بکرێت، بە ئامانجی ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوو و نیشتمانی پێکبێت کە فەرماندەیی و کۆنترۆڵی لەژێر سایەی وەزارەتی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت.**

تاوتوێی پرۆژەکانی چاکسازی لەسەر ئەم پرۆسە گرنگەی وەزارەتی پێشمەرگە، گۆڤاری پێشمەرگە بە پێویستی زانی دوایین هەنگاوەکان و بەرەو پێشچوونەکانی پرۆسەی چاکسازی بخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستە چەند لێدوانێکی لە بەڕێوەبەر و ئەفسەرانی پەیوەندیدار لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی وەرگرتووە. لەم [illegible]

عەمیدی ئەندازیار شاخەوان سەلام محەممەد، بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوەو پەرەپێدانی پرۆژەکان ئاماژەی بە هانگاوەکانی بەرەوپێشچوونی خاڵەکانی پرۆسەی چاکسازی لە ناوهێزەکانی پێشمەرگە دا. ناوبراو گەشبینە بەوەی کە هەموان پەرۆشن لە سەرخستنی پرۆسەی یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە [illegible]

پێشمەرگەدا، هەروەها گوتی: کۆبوونەوەکان هەفتانە لەگەڵ ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان و حەوت لیژنەی باڵای وەزارەت بەردەوامە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و خستنەڕووی ڕێگە چارەسەری گونجاو و خێراکردن بۆ جێبەجێکردنی پلان و پرۆگرامەکانی چاکسازی لە گشت بوارەکاندا. ئاماژەی [illegible] هاوپەیمانان بایەخ و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43



گرنگی زۆر بە پرۆسەکە دەدەن و بەردەوام لە ڕاوێژدان لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و ئەفسەرانی باڵای وەزارەت بۆ ئەوەی هەنگاوەکان خێراتر بکرێت.

## پرۆژە ستراتیژییەکان

بۆ تیشک خستنەسەر کۆی پرۆژەکانی چاکسازی و چۆنیەتی بە کارخستنیان عەمیدی ئەندازیار، شاخەوان سەلام محەممەد، بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوە و پەرەپێدانی پرۆژەکان، باسی لە کۆی پرۆژە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کرد و ڕایگەیاند: لیژنەکانی تایبەت بە پرۆژەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بە هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ یەکە و بە ڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت، بۆ ڕێکخستن و دارشتنەوە و ئاماد ەکردنی پرۆژەکان و دەستنیشانکردنی لایەنە گرنگ و پێویستییەکانی برگەکانی ناو پرۆژەکان، لە هەوڵی بەردەوامدان.

دەربارەی ئەو پرۆژانەی کە تەواوکراون وئاراستەی ئەنجوومەنی بەرگریی کراوە، عەمید شاخەوان بە گۆڤاری پێشمەرگەی گوت: وەک هەموولایەک ئاگادارن کە یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ ڕیفۆرم و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە، پرۆسەکە لە ساڵی ٢٠١٧ دەستیپێکردووە و پرۆسەیەکی درێژخایەنە، سەرەتا ٣٦ پرۆژە بوو، دواتر لەساڵی ٢٠٢١ پێداچوونەوە بە کۆی بەرنامە چاکسازییەکە کراوە، لە ئەنجامی پێداچوونەوەکە، لەکۆی پرۆژەکان ٢٨ پرۆژە بڕیاری لەسەردرا، بۆ ئەوەی کاری لەسەربکرێت، لەبەر ئەوەی هەندێک لە پرۆژەکان لەڕووی بەرنامە و بیرۆکەوە نزیکبوون لەیەکەوە.

بەشێوەیەکی گشتی پرۆژەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان کە لە چەند وڵاتێک پێکهاتوون، ئامادە دەکرێن. هەروەها ڕوونیکردەوە: دەمەوێت ئەوە ڕوونبکەمەوە تەواوبوونی پرۆژە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی چۆنە و چی دەگەیەنێت. دوای خستنەڕووی هەرپرۆژەیەک، لیژنەی تایبەتمەند پێکدەهێنرێت، دواتر کۆبوونەوەی بەردەوام لەسەر پرۆژەکان دەکرێت و تەواوی پێداویستی و دارشتنەوەی پرۆژەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان و یەکە و بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەند بە پرۆژەکە بیروڕا ئاڵوگۆردەکرێت تا دەگاتە سەر نووسینەوەی ڕەشنووسی پرۆژەکە. دواتر بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕیز وەزیری پێشمەرگە بۆ ڕەزامەندیدان لەسەر پرۆژەکە، بەم شێوە هەر پرۆژەیەک پێشنیاز بکرێت بۆ ئامادەکردنی کاری لەسەر دەکرێت.

سیانزە پرۆژە ئامادەی جێبەجێکردنن عەمیدی ئەندازیار، شاخەوان سەلام

محەممەد ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو پڕۆژانەی کە تەواو بوون و ئامادەین بۆ جێبەجێکردن، ١٣ پڕۆژەن بەم شێوەیە: پڕۆژەی ستراتیجی بەرگریی وەزارەت، پڕۆژەی کارنامەی هێزی پێشمەرگە، پڕۆژەی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، پڕۆژەی دامەزراندن و خۆبەخشین، پڕۆژەی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق، پڕۆژەی ئامادەباشی، پڕۆژەی لۆجستی، پڕۆژەی گەیاندن کە سیستەمی بەیەک بەستنەوەی گەیاندنی وەزارەتە، پڕۆژەی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان، پڕۆژەی ستراتیجی پزیشکی و پرۆژەی خوێندگای ئەفەسەرانی پۆل .

بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوە و پەرەپێدانی پرۆژەکان، لە قسەکانیدا راشیگەیاند: پڕۆژانەکان بەردەوام کاریان لەسەر دەکرێت و هەوڵی جدی هەیە بۆ جێبەجێکردن ئامادە بکرێن، ئەوانیش پڕۆژەی ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، پڕۆژەی بنەما و ڕاهێنان، پڕۆژەی یەکسانیی ڕەگەز وەک ڕێژە لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، پڕۆژەی پەروەردەی سەربازیی پێشکەوتوو، پڕۆژەی کاریگەریی هێزەکان بەیەکەوە، پڕۆژەی ستراتیژیی نیشتەجێبوونی پێشمەرگە کە مەبەست لەم پرۆژەیە، یەک شێوازی و دیزاینکردنی بارەگای لیوا و فەوجەکانی هێزی پێشمەرگە هەبێت و پڕۆژەی ستراتیجی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە .

دەربارەی ئەو پرۆژانەی کە تاوەکو ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کاریان لەسەر نەکراوە، عەمید شاخەوان گوتی: ژمارەیەک پڕۆژەی تری ستراتیژی ماون و لە داهاتوودا ڕەشنووسیان بۆ ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت و بچنە بواری جێبەجێکردنەوە، کە بەم هەنگاوانەش پڕۆسەی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە دەچێتە قۆناغێکی نوێی و کاریگەریی زۆرباشی لەسەر کارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکانی دەبێت.

ئەوەی گرنگە باسبکرێت، وەزارەتی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پرۆسەی چاکسازی بەردەوامە و بە پەرۆشەوە لەسەر قۆناغ و هەنگاوەکانی ریفۆرم کاردەکات، بەردەوامیش لەگەڵ هاوپەیمانان لەسەرە هێڵە و کۆبوونەوەکان لەم بارەوە بە شێوەی خولی ئەنجامدەدرێن. ئەمەش دەبێتە دەسکەوتێکی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان و لە داهاتوو دەبێتە بەرهەمهێنەری هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی و ڕێکخراو و ئامادە بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان.

**کۆبوونەوەکان هەفتانە لەگەڵ ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان و حەوت لیژنەی باڵای وەزارەت بەردەوامە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و سەرنج و تێبینیەکان و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو و شیاو بۆ خێراکردن لە جێبەجێکردنی پلان و پرۆگرامەکانی چاکسازی لە تەواوی بوارەکاندا**

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

43

# بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی

# ڕۆڵی توانا لۆجستییەکان لە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەدا

**دابینکردنی پێداویستی سەربازی گرنگترین و سەرەکیترین وزە و توانای هەر هێزێکی سەربازییە لە دونیادا، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و تۆکمە ڕووبەڕووی هەر پێشهاتێک ببێتەو. هاوکات، کاریگەرییەکانی توانا و هێزی لۆجستی لە بەرگریکردن و هێرشەکاندا دەردەکەوێت. ئامانجە سەرەکییەکانی توانای لۆجستی، دابینکردنی پێداویستی تەقەمەنی و سووتەمەنی، فریاگوزرایی سەرەتایی، گواستنەوە و چاککردنەوە لە خۆدەگرێت.**

**گەشەکردنی توانای لۆجستی لە ناو هێزی پێشمەرگەدا پەیوەستە بە بەهێزکردنی کاریگەریی شەڕ بەگشتی و دڵنیابوون لە ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێستاو داهاتوو. تایبەت بەم بوارە، بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی وەک یەکەیەکی گرنگ و پێویست ئەم ڕۆڵ و ئەرکەی لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە پێ سپێردراوە کە ئامانج و کارەکانی دابینکردن و فەراهەم بوونی توانا لۆجستییەکانە بۆ گشت لیوا و یەکەکانی هێزی پێشمەرگە.**

ئامادەکردنی: یاسا هیوا



عمید فەرمان زراری


لیوا ڕەفعەت عومەر عەزیز

## پەیکەری ڕێکخراوەیی و ئەرکەکانی میرەی گشتی

لەم پێناوەدا، بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتی میرەی گشتی، لیوا ڕەفعەت عومەر عەزیز، تایبەت بۆ گۆڤاری پێشمەرگە، باسی ڕۆڵ و گرنگی بەڕیوەبەرایەتی میرەی گشتی کرد وەک یەکەیەکی سەرەکی و گرنگ لە پێکهاتەی پەیکەری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دابینکردنی توانا لۆجستییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گوتی: بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لەساڵی ٢٠١٠ لە چوارچێوەی پەیکەری ڕێکخراوی وەزارەت فەرمانی کارگێڕی بۆ دەرچووە و دەستبەکاربووە، ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکی ئەرکانە، ئەرکەکانمان بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە دابینکردنی توانا لۆجستییەکان بۆ گشت لیوا و یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە وەک چەک، تەقەمەنی، ئازووقە، فریاگوزاریی سەرەتایی، چاککردنەوە و گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازیی. ڕوونیکردەوە: پەیکەری بەڕێوەبەرایەتیمان پێکهاتووە لە چەند بەشێک کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی بەشەکان ئەرکەکانیان دیاریکراوە، وەک فەرماندەیی باربوو گواستنەوە، ئەم فەرماندەییە ئەرکی گواستنەوەی پێداویستییە سەربازییەکانە بۆ شوێنی مەبەست، هەروەها لە ڕیگەی ئامێرە گەورەکانەوە ڕێگاوبان و سەنگەرەکانی پێ دروستدەکرێت. یەکێکی دیکە لە بەشەکان، فەرماندەیی ئەندازەی ئامێر و کارەباییەکانە (ە.ا.ک). تایبەتمەندییەتی ئەم فەرماندەییە پێکهاتووە لە بەشەکانی (مزەخەرات، گەڕاوەکان، کارگەی چاککردنەوە، مەشق و پشکێنەری گشتی). بەشێوەیەکی گشتی، کارەکانمان خزمەتکردنی گشت یەکەکانە، بەبێ جیاوازی لە بواری توانا لۆجستییەکان.

## ڕۆڵی هاوپەیمانان لە بواری لۆجستییدا

بەڕێوەبەری میرەی گشتی لەبارەی هەماهەنگی و گرنگیدانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە پاڵپشتی بواری لۆجستی بۆ لیواکانی هێزی پێشمەرگە، ڕایگەیاند: هاوپەیمانان ڕۆڵی بەرچاویان لە دابینکردن و پاڵپشتی لۆجستی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیە و هاوکاربوون لە دابینکردن و بەدەستخستنی چەک و تەقەمەنی

43


مقدم شێروان خەسرۆ

و ئۆتۆمۆبێلی سەربازیی پێشکەتوو، هاوکات، بەردەوام لە ڕێگەی تیمەکانیان، بۆ وەرگرتنی پێشنیاز و سەرنجەکانمان و باشترکردن و بەرەوپێشبردنی پێداویستییە سەربازییەکان، کۆبوونەوەی بەردەوامیان لەگەڵماندا هەیە. سەرەڕای ئەوەش، لەڕیگەی ڕاوێژکاران و مامۆستایانی مەشقەوە بە پێی پلان و پرۆگرامی مەشقییەوە، بەردەوام ڕاهێنان و خولی فێربوون دەکەنەوە بۆ ئەفسەران و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی و یەکە جیاوازەکانی وەزارەت. ڕاشیگەیاند: ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانان لەبەرامبەر هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە بەرزەنرخێن و گەلی کورد سوپاسی و پێزانینی بۆ ئەم جۆرە هاوکارییانە هەیە.

## بنکەکانی کارگێڕی ئەسناد

لیوا ڕەفعەت دەربارەی کردنەوەی هەردوو بنکەی ئەسنادی دهۆک و سلێمانی ئەوەی خستەڕوو: دوای ئەوەی داوامان کرد بنکە کارگێڕییەکان لە هەردوو پارێزگای دهۆک و سلێمانی کارابکرێن، بەخۆشحاڵییەوە ئێستا بنکە کارگێڕییەکانی ئەسناد بەناوەکانی بنکەی کارگێڕی ئەسنادی ١ لە دهۆک و بنکەی کارگێڕی ئەسنادی ٢ لە سلێمانی، دەستیان بەکارەکانیان کردووە و هەموو ئەو پێداویستییانەی بۆ فیرقە و لیواکان گرنگن، لە ڕێگەی ئەم بنکانەوە بۆیان دابیندەکرێت، ئەم بنکانە هۆکارێکن بۆ کارئاسانی و خێرا بەدەستخستنی کەلوپەل و پێداویستییەکان لە سەنگەرەکانی پێشەوە.

دەربارەی پلان و هەنگاوەکانی داهاتوویان بۆ پێشخستنی زیاتری توانا لوجستییەکان، بەڕێوەبەری میرەی گشتی ئاماژەی بەوەکرد: بەڕاوێژ و هەماهەنگی لەگەڵ تیمی هێزەکانی هاوپەیمانان، لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازییەکانی وەزارەت، بەپێی پێداویستی گشت یەکەکان، پلان و پرۆگرامەکانمان ڕێکدەخەین. بۆیە گرێدراو بەم بوارە، ساڵانە بەڕێوەبەرایەتیمان کۆنفرانسی خۆی سازدەدات، تیایدا کاروچالاکییەکان و پلان و پرۆژە بۆ ساڵانی داهاتوو دەخاتەڕوو.

دواتر عمید فەرمان زراری، جێگری بەڕێوەبەری میرەی گشتی، تیشکی خستە سەر و ئەرکەکان و لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی و گوتی: من وەک جێگری بەڕێوەبەر بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەر و تەواوی ئەفسەرانی بەشە جیاوازەکان، بەردەوام لەڕێگەی کۆبوونەوەی هەفتانە بەڕاوێژ و خستنەڕووی پێشنیازەکان، هەوڵدەدەین بەباشترین شێوە کارەکانمان بەجێ بگەیەنین. ئاماژەی بەوەش دا: لە کاتی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەر، لەڕووی کارگێڕییەوە، ئەرکەکانی بەڕێوەبەر جێبەجێ دەکەم و لەگەڵ یەکەکانی وەزارەت لە پەیوەندیی بەردەوامدابین بۆ ئەوەی لەهەرداواکارییەک یاخود پێداویستییەک ئاگاداربکرێینەوە.

دەربارەی چۆنیەتی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و پێداویستییەکانی تر بۆ یەکە و لیوا هاوبەشەکان، جێگری بەڕێوەبەر گوتی: دەربارەی پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیمان بەردەوام پەیوەندی و هەماهەنگیمان لەگەڵ لیواکان هەیە بۆ خستنەڕووی پێداویستییەکانیان و دابینکردنیان و گواستنەوەیان لە ڕێگەی بەشی باربوو گواستنەوە لە بەڕێوەبەرایەتیمان.

## کۆنفرانسی ساڵانە

هەروەها دەربارەی هەنگاوەکانی بەهێزکردنی بواری لۆجستی و بەرنامە و کاری داهاتووی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بۆ ساڵی نوێ، عمید فەرمان گوتی: بە مەبەستی باشترکردنی کارەکانمان و هەنگاونانمان بۆ داهاتوو، ساڵانە بە پێی پلان و ڕێکخستنی کارو چالاکییەکانمان لە بواری لۆجستی، کۆنفرانسی ساڵانە سازدەکەین، بۆ ئەو مەبەستەش کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوو کۆنفرانسی ساڵانەمان لە ژێر ناوی (هێزێکی چالاک و ئەکتیف پەیوەستە بە لۆجستییەکی کارا) لە دیوانی وەزارەت سازدا، تیایدا، بەڕێزان فەریق ڕوکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە، لیوا ڕوکن بەختیار محەممەد سدیق ئەمینداری گشتی، لیوا ڕوکن نەجمەدین عومەر جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان و لیوا ڕوکن هۆشمەند حەیدەر جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارە و میرە و ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ڕاوێژکارانی سەربازیی ئەمریکا لە نووسینگەی هاریکاریی ئاسایش لە کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر و ئەفسەرانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە ئامادەبوون. لەو کۆنفراسەدا ڕاو بۆچوون و سەرنج و تێبینی لەسەر باشترکردنی کارو ئەرکەکان خرایەڕوو.


عقید ئاراس عبدالله

## کۆگاکان و گەڕاوەکان

عەقید ئاراس عەبدوڵا حەمەکەریم، جێگری فەرماندەیی ئەندازەی ئامێر و کارەباییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی بەوردی باسی لە کار و ئەرکەکانی ئەم فەرماندەییە کرد و گوتی: فەماندەییمان پێکدێت لە بەشەکانی (کۆگاکان). ئەم بەشە ئەرکی ئەوەیە کەلوپەلی یەدەگی نوێ لە هێزەکانی هاوپەیمانان و لێژنەکانی وەزارەتی پێشمەرگە تایبەت بە ( ئۆتۆمبێل و مۆلیدە و چەک) وەربگرێت، پاشان بە پێی پێویست، ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە چاککردنەوە یان گۆڕینی پارچەکانیان هەیە، لە کارگەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



چاککردنەوەی سەر بە فەرماندەییمان سودییان لێ وەردەگیرێت. یەکێکی تر لە بەشەکانمان، بەشی (گەراوەکان)ە. ئەرکەکانی ئەم بەشە بە کۆگاکردنی ئامێر و کەلوپەلە لە کارکەوتووەکانە کە بە کەڵکی چاککردنەوە و بەکارهێنان نایەن.

## چاککردنەوەی ئامێرەکان

جێگری فەرماندەیی ئەندازەی ئامێر و کارەباییەکان زیاتر لەبارەی فەرماندەییەکەیان دواو رایگەیاند: کارگەی چاککردنەوەی ئامێرەکان تایبەتە بە چاککردنەوەی گشت ئامێر و ئۆتۆمبێلی یەکەکان و لیواکانی وەزارەت، پاش چاککردنەوەیان دەیان گەڕێنینەوە بۆ یەکەکانی خۆیان.

هەروەها بەشی مەشق بەهەماهەنگی لەگەڵ (کۆمپانیای ئەمینتۆمی ئەمریکی) چەندین خولی جۆراوجۆر ڕێکدەخات، وەک خولەکانی فیتەریی (باجەر و هەمەر) و کردنەوەی خولی چۆنیەتی کۆگاکردنی چەک و تەقەمەنی بە هەموو جۆرەکانییەوە. بەشێکی دیکە، بەشی پشکنینی گشتییە کە ئەرکی ئەم بەشە پشکنینە لە گشت بەشەکانی فەرماندەیی (ه.ا.ک).

تایبەت بە هەڵگرتن و پاراستنی چۆنیەتی کۆگاکردنی خواردن، کەلوپەل، چەک و تەقەمەنی بەشێوەیەکی زانستیانە، گوتی: پێنج کۆگای سەرەکی هەن، هەریەکێکیان تایبەتکراوە بۆ پاراستن و هەڵگرتنی ئازووقەی وشکە، کەلوپەلی سەربازیی و چەک و تەقەمەنی کە تەرخانکراون بۆ یەکە و لیوا هاوبەشەکانی وەزارەت، دواتر بەشێوەیەکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی هاوپەیمانان بە داتا و ژمارە بەسەریاندا دابەشدەکرێت.

## گواستنەوەی ئامێرە سەربازییەکان

لەلایەکی دیکەوە موقەدەم شیروان خەسرۆ میرکە، جێگری فەرماندەیی کەتیبەی گواستنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی، لەبارەی گواستنەوەی گشت پێداویستییەکانی وەک (کەلوپەلی سەربازیی ، ئازووقە، سووتەمەنی، چەک و تەقەمەنی) بۆ گشت سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە بێ جیاوازی، ئەوەی خستەڕوو: دوای ئەوەی بە فەرمی لەسەرووی خۆمانەوە فەرمانمان پێدەکرێت، ئەو ئەرکانەی کە پێمان سپێردراوە جێبەجێی دەکەین. هەروەها باسی لە ئامادەکردن و گواستنەوەی ئامێرە قورسەکانی وەک (شۆفل، بلدۆزەر، حەفارە و گرێدەر و..هتد) کرد کە بەپێی پێویست بۆ هەر جێگەیەک دەنێردرێن. ئاماژەی بەوەش کرد، مانگانە بڕێک خەرجی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاریی سەربازی بۆ بەردەوامیدان و چاککردنەوەی ئامێرە قورسەکان و ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند و شارەزا بۆ چاککردنەوەیان دیاریکراوە.

## خول و ڕاهێنانەکان

هەروەها موقەدەم شیروان جێگری کەتیبەی گواستنەوە باسی لە بەڕێوەچوونی سیمینار وخول و ڕاهێنانی تایبەت بە ئامێرە گەورە و قورسەکان کرد و گوتی: لە ڕێگەی کەتیبەکەمانەوە بەردەوام خول و ڕاهێنان دەکرێتەوە بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە تایبەتکراون بە شوفێری و چاککردنەوەی ئامێر و ئۆتۆمبێلی سەربازیی، بۆ ئەوەی زانیاری و بەرچاوڕوونی زیاتریان لەسەر ئامێرەکان هەبێت، یاخود، بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و تواناکانی ئەفسەرانی بەشی ئامێرەکانی فیرقەکانی پیادە و لیواکان و هێزەکانی پشتیوانی ١ و ٢، وبۆ شارەزابوونی زیاتر لە شێوازەکانی بەردەوامیدان و بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و کەلوپەلە سەربازییەکان لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا، سیمینار ڕێکدەخرێت.

شایانی باسە، توانای لۆجستی ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە لە سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەگێڕێت و بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی، وەک یەکەیەکی سەرەکی لە وەزارەتی پێشمەرگە، بە شێوەیەکی کاریگەر و بەردەوام کار بۆ دابینکردنی پێداویستییە لۆجستییەکانی هەموو یەکەکانی پێشمەرگە بەبێ جیاوازی دەکات. هاوکات، هاوکاری و پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە بواری لۆجستی، بووەتە هۆی بەهێزکردنی توانای بەرگری و ئۆپەراسیۆنی هێزی پێشمەرگە.

دامەزراندنی بنکە کارگێڕییەکانی ئەسناد لە دهۆک و سلێمانی، هەنگاوێکی گرنگە بۆ خێراکردنی گەیاندنی پێداویستییەکان بە سەنگەرەکانی پێشەوە، هەروەها بایەخدان بە مەشق و ڕاهێنان، بەستنی کۆنفرانسی ساڵانە و هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ هاوپەیمانان، نیشانەی ئەوەیە کە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی توانا لۆجستییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئامادەباشی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێستا و داهاتوو.

# دادگای سەربازیی دوو.. پارێزەری یاسا لەناو کۆمەڵگەی سەربازییدا

## سەرۆکی دادگای سەربازیی دوو: دوائامانجمان سەروەریی یاسایە لە کۆمەڵگەی سەربازییدا.

ئامادەکردنی: خدر گۆران

**دادگای سەربازیی دوو لە ٢١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە و عەمید شێخ قادر سەعید ئەحمەد بووە یەکەم سەرۆکی دادگا، دواتر لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ عەمید محەممەد عەزیز بووە دووەمین سەرۆکی دادگا.. لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٠ لیوا بێستون ئەحمەد نەجیب مفتی بووە سێیەم سەرۆک. لە ٢٦ی ئابی ٢٠٠٧ جارێکی دیکە لیوا محەممەد عەزیز رەسوڵ بۆ ماوەی سێ مانگ بووە سەرۆکی چوارەمی دادگا. لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧دا عەقید نامیق قادر وەک سەرۆکی پێنجەمی ئەو دادگایە دەستبەکاربووە. شەشەمین سەرۆک، لیوای مافپەروەر سوبحی محەممەد رەشید لە ٢١ی ئاداری ٢٠١٢ دەستی بەکارکرد. لە ٢٦ی ئابی ٢٠١٤ لیوای مافپەروەر عەبدولرەحمان مەلامحەممەد تاهیر بووە حەوتەمین سەرۆکی دادگای سەربازیی دووی وەزارەتی پێشمەرگە و تا ئێستا لەو ئەرکەی بەردەوامە.**



### پەیکەری دادگای سەربازیی

دادگای سەربازیی پێکدێت لە سەرۆکی داگا و سێ ئەندام کە دوو ئەندامی هەمیشەیی و ئەندامێکی یەدەگە، لەگەڵ داواکاری گشتیی سەربازیی، بەیەکەوە دەستەی دادگا پێکدێنن. هەر لەو پەیکەرەدا، نووسینگەی یاسایی هەیە کە بڕیاردەری یاسایی لێیان بەرپرسیارە و بەشی کارگێڕیی، کاروبارە کارگێڕییەکانی دادگا رایی دەکات.

داواکاری گشتی لە پڕۆسەی دادگاییکردندا نوێنەرایەتی مافی گشتی دەکات. نووسینگەی یاسایی کاروبارە یاساییەکان رێکدەخات کە بریتیین لە تۆمارکردنی دۆسییەکان، پێڕاگەیاندن (تبلیغ)، رێکخستن و دیاریکردنی رۆژی دادگاییکردنەکان و تۆمارکردنی بڕیارەکانی دادگاو..هتد.

یاسا کارپێکراوەکان لە دادگای سەربازییدا بەشێوەیەکی گشتی، زۆرێک لە یاساکان لە دادگای سەربازیی کاری پێ دەکرێت، یەکەمیان تایبەتە بە یاسا سەربازییەکان کە تاوانە سەربازییەکانە و بە پێی یاسای سزاکانی سەربازیی عێراق ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزای سەربازیی عێراق ژمارە ٣٠ ساڵی ٢٠٠٧ی بەرکار. دووەمیان تایبەتمەندییەتی گشتییە کە تاوانەکانی دیکە دەگرێتەوە. زۆرێک لە یاساکان کاریان پێدەکرێت، لەوانە یاسای سزاکانی عێراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزای عێراق ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو، یاسای تیرۆر، یاسای چەک، هاتوچۆ، یاسای مادده هۆشبەرەکان، ..هتد.

لیوای مافپەروەر عەبدولرەحمان مەلامحەممەد تاهیر سەبارەت بە دادگای سەربازیی گوتی: دادگای سەربازیی دوو، سنووری پارێزگای سلێمانی، سەربە باڵی ئەمینداریەتی گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەیە، هاوشانی دوو دادگای

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



سەربازیی دیکە کە دادگای سەربازیی یەک و دادگای پێداچوونەوەی سەربازییە کە بارەگاکانیان لە شاری هەولێرە. دادگای سەربازیی دوو لە ساڵی ٢٠١٠وە بە هاوبەشی بەڕێوەدەچێت. سەبارەت بە سنووری کاری ئەو دادگایە روونیکردەوە: ئەو دۆسیانەی رەوانەی دادگای سەربازیی دوو دەکرێن لە سنووری پارێزگای سلێمانی و کەرکووک گەرمیانە، کە تایبەت بە کەتن و تاوانەکانە. دۆسییەکان لە رێگەی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتەوە بۆمان دێن کە پێشتر لە یەکە سەربازییەکانەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێندراوە و پەڕاوەکانی رێکخراوە، بەفەرمانی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەگاتە دادگای سەربازیی.

لەبارەی تایبەتمەندییەتی ئەو دادگایە، سەرۆکی دادگا ئاماژەی دا: دادگای سەربازیی بەپێی یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧ی پەسەندکراو لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کاردەکات، جگە لەوەش هەموو یاساکانی دیکەش دەبینێت، لەوانە یاسای سزادانی عێراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩. ئەو دۆسیانەشی دێتە بەردەست کە زێدەڕۆییکردنە بۆسەر موڵکی دەوڵەت، هەروەها یاساکانی چەک، هاتوچۆ، جەوازات، سنووربەزاندن، کە سکاڵاکار داواکاری گشتی یان پێشمەرگە بێت و تۆمەتباریش هەر پێشمەرگە بێت، هەندێک دۆسییە هەیە داواکار دەستبەرداری داواکەی دەبێت، بەڵام بەپێی یاسای سزادانی عێراق داواکاری گشتی لێی دێتە دەنگ و دۆسیەکە دێتە بەردەم دادگای سەربازیی.

## هەنگاوەکانی دادگاییکردن

سەبارەت بە پرۆسە و هەنگاوەکانی دادگاییکردن، لیوای مافپەروەر عەبدولرەحمان مەلامحەممەد روونیکردەوە: لە کاتێکدا کەتن یان تاوانێک لەیەکەیەکی سەربازییدا روودەدات، بە بڕیاری فەرماندەی یەکە، لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکدەهێندرێت و رەوانەی فەرمانگەی یاسایی دەکرێت، فەرمانگەی یاسایی پەڕاوی دۆسییەکە رێکدەخات و بە پێی تایبەتمەندیی جوگرافی رەوانەی دادگای دیاریکراوی دەکات کە دابەش بووە بەسەر دادگای یەک کە هەولێر و دهۆک لە خۆدەگرێت یان دادگای سەربازیی دوو کە سلێمانی و کەرکووک و گەرمیان دەگرێتەوە. دۆسییەکان لە فەرمانگەی یاساییەوە دەنێردرێتە دادگای سەربازیی. سەرەتا لە تۆماری هاتووی دادگا تۆماردەکرێن، دواتر دێنەبەردەست سەرۆکی دادگا و وردبینیی خۆی دەکات و دواتر بۆ وردبینیکردن رەوانەی ئەندامانی دادگای دەکات. دوای وردبینی ئەندامانی دادگا، لە رێگای ئەفسەرێکەوە کە پێیدەوترێ بڕیاردەری دادگا، جارێکی دیکە دەخرێتەوە بەردەست سەرۆکی دادگا و ئەگەر دوای وردبینیکردنی ئەندامان دەرکەوت هیچ کەموکوڕییەک لە دۆسییەکەدا نییە، وادەیەک بۆ دادگاییکردن دیاریی دەکرێت کە بە ئامادەبوونی تۆمەتبار و پارێزەرەکەی دادگاییکردنەکە بەڕێوەدەچێت. دیارە ئەگەر تۆمەتبار توانای گرتنی پارێزەری نەبوو، لەسەر ئەرکی دەوڵەت پارێزەری بۆ دەگیرێت. ئەمە بۆ ئەوەیە تۆماتبار مافە یاساییەکانی پارێزراوبێت. دوای تەواوکردنی رێکارەکانی دادگاییکردن، بڕیارەکانی دادگا لەسەر دۆسییەی دیاریکراو بە زۆرینە یان تێکڕای دەنگ دەردەچێت. لەو نێوانەدا رۆڵی داواکاری گشتی ئەوەیە، مافی گشتی کە وەزارەتی پێشمەرگەیە پارێزراو بێت. ئەگەر دوای ئەوەی بڕیارێک دەردەچێت، یاسایی نەبێت و مافی گشتی تێدا رەچاونەکرابێت، بۆیان هەیە تانەی لێبدەن، بەمەش دۆسییەکە



ڕەوانەی دادگای پێداچوونەوەی سەربازیی دەکرێت.

هەروەها سەرۆکی دادگا ڕوونیکردەوە: ئەو دۆسیانەی لە ئاستی کەتندا بێت دەکرێ بەکەفالەت ئازاد بکرێن تا دادگاییکردن و یەکلابوونەوەی دۆسییەکەیان، بەڵام ئەگەر تۆمەتەکە لە ئاستی تاواندا بێت و ترسی ئەوە هەبێت تۆمەتبار لە دەست یاسا رابکات، رادەگیرێت تا دوابڕیاری دادگا لە یەکلاکردنەوەی دۆسییەکەدا، هەندێک ماددەی وەک تیرۆر، بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر یان بازرگانیکردن بە لەشی مرۆڤ، بۆی نییە بە کەفالەت ئازادبکرێت تا ئەو کاتەی لە دادگاییکردندا بێتاوانی دەسەلمێنرێ.

سەبارەت بەو کەیسانەی دێنە بەردەم دادگا، سەرۆکی دادگا رایگەیاند: بە هۆی ئەوەی سنوورێکی فراوانمان هەیە، ساڵانە ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ دۆسییەی جۆراوجۆر دێتە بەردەستمان، دۆسییەی هەڵاتن لە خزمەتی سەربازیی کە بەپێی یاسای ٣٣ی سەربازیی دادگایی دەکرێت لە ئێستادا کەمیکردووە، کۆمەڵگەی سەربازیی بەشێکە لە کۆمەڵگە، بۆیە ئەو دیاردانەی لە کۆمەڵگە هەن سەربازیی و ئەمنییەکانیش دەگرێتەوە. یەکێک لەو کەیسانە، دەرکەوتنی دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرە، بۆیە جگە لە رۆڵی دادگاکان، ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی، وەزارەتەکانی تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی باڵا و میدیا و سۆشیال میدیایە لەوەی بتوانن خەڵک وشیاربکرێتەوە و بەر بەو دیاردەیە بگرن.

لەبارەی ئەو پرسیارەی هیچ ئاستەنگێک لە پڕۆسەی دادگاییکردندا، هەیە سەرۆکی دادگا ڕوونیکردەوە کە ئەوان رێکارەکانی دادگاییکردنی خۆیان دەگرنەبەر و هیچ ئاستەنگێک نابینن، ئەگەر لە بارودۆخێکدا کێشە دروست بێت، تۆمەتبار نەیەتە بەردەم دادگا، دوای ئەوەی لە رێگەی یەکە سەربازییەکەی خۆیەوە ئاگاداردەکرێتەوە، ئەوا کاری پێویست دەکرێت، لەوەی لە دوو رۆژنامەی فەرمی رۆژی دادگاییکردنەکەی بڵاودەکرێتەوە، ئەگەر تۆماتبار هەر نەهاتە بەردەم دادگا، ئەوا بەبێ ئامادەبوونی تۆمەتبار دادگاییکردنەکە بەرێوەدەچێت و بەهەمان شێوە لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە، تا ئەو کاتەی تۆمەتبار خۆی رادەستدەکات یان دەگیرێت و دووبارە دادگایی دەکرێتەوە.

هەروەها رونیکردەوە، هەر ئەفسەر و کارمەندێک لە دادگای مەدەنی سزابدرێت،م پێویستە رەوانەی دادگای سەربازی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی با سزای پاشکۆ دادگایی بکرێتەوە کە بریتییە لە پوچەڵکردنەوەی گرێبەست، دەرکردن، وەدەرنان، خستنە ناو لیست نیوە موچە و بێبەشکردن لە پلە پێشخستن.

لە دواوتەیدا، سەرۆکی دادگا هیوای خواست، میدیا و گۆڤاری پێشمەرگە بەردەوامبن لە بەسەرکردنەوەی فەرماندە سەربازییەکان و هۆشیارکردنەوەی پێشمەرگە، لەوەی پەیوەندیدارە بەو نەهامەتیانەی لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەکەوێتەوە بە هۆی ئەو سنوورە فراوانەی هەمانە، رێگریکردن لێی ئاسان نییە، بۆیە شان بەشانی بەدواداچوون و سزایاساییەکان هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و یاسایی و تەندروستییەکان گرنگی خۆیان هەیە، دوا ئامانجمان سەروەریی یاسایە لە کۆماڵگەی سەربازییدا.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

43

## خولەکانی کۆلێژی ئەرکان

# ئاسۆی پڕشنگداری داهاتووی هێزەکانی پێشمەرگە



لیوا روکن رێبوار عەلی کەریم

**کۆلێژی ئەرکان یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و وێستگەیەکی گرنگە لە پەروەردەکردنی ئەفسەران و دروستکردنی سەرکردەی لێهاتوو، لەم کۆلێژەدا، ئەفسەر وای لێدەکرێت کە لە تەواوی زانستە سەربازییەکان قوڵبێتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئەفسەر لە پلەی نقیب یاخود رائد بەشداری خولی فەرماندەیی (قیادە) دەکات، پاشان بەشداردەبێت لە چەند تاقیکردنەوەیەکی هەڵسەنگاندن و دوای ئەوەی لە هەبوونی مەرجەکان دڵنیا دەبنەوە، لە کۆلێژی ئەرکان وەردەگیرێت. لەم کۆلێژەدا لەسەر فێرخواز پێویستە گرنگی تەواو بەو بابەتانە بدات کە لە ماوەی خوێندندا بۆی دیاردەکرێت و لە کۆتاییشدا دەبێت توێژینەوەیەکی زانستی بەرهەمدار لە بواری سەربازی ئامادەبکات و دوای دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان، دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە بواری سەربازیی و هەڵگری نیشانەی روکن**

ئامادەکردنی: رائد رەعد مەحموود

لەم چوارچێوەیەشدا، وەزارەتی پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی سەربازی، بایەخی تەواوی بەم رەهەندە گرنگە داوە و بەردەوام ئەفسەرانی وەزارەتەکەی هاندەدات بۆ ئەوەی لە کۆلێژە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەشداری لە خولەکانی ئەرکاندا بکەن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە ئێستادا پۆلێک لە ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە هەڵگری ئەو بڕوانامەیە بن و لە بەڕێوەبەرایەتی و یەکە جیاوازەکان شوێندەستیان دیاربێت

لە ساڵی ٢٠٢٤دا، ٣٨ ئەفسەری وەزارەتی پێشمەرگە لە خولی ٨ی کۆلێژی ئەرکانی چوارقورنەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و خولی ٨٣ی کۆلێژی ئەرکانی بەغدا، توانیان سەرکەوتووانە هەردوو خولەکە تەواوبکەن و بگەڕێنەوە سەر ئەرکی خۆیان و ئەو زانستەی لە ماوەی خوێندنیان وەریان گرتبووە، لەڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکەن، هەر لەم روانگەوە، سەرجەم ئەم ئەفسەرانە وەک پاڵپشتییەک، لەلایەن فەریق روکن عیسا عوزێر، سەرۆک ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە پێشوازییان لێکرا، سەرۆک ئەرکان پیرۆزبایی لێکردن و



عەمید روکن سەباح فکری

هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن، هەروەها رایگەیاند، پێویستە زۆربەی ئەفسەران ئەم قۆناغە گرنگەی خوێندنی بواری سەربازی تەواوبکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە ئەرکەکانیاندا خزمەتی زیاتری هێزی پێشمەرگە بکەن

## کۆلێژی ئەرکان و ئەرکە زانستییەکان

لە سۆنگەی گرنگیی بەشداربوونی ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە لە خولەکانی ئەرکان، گۆڤاری پێشمەرگە رای چەند ئەفسەرێکی باڵای کۆلێژی ئەرکانی چوارقورنە و ژمارەیەک ئەفسەری بەشداربوو لە خولی ٨٣ی بەغدا و خولی ٨ی چوارقورنەی وەرگرتووە سەبارەت بە گرنگیی توێژینەوەی زانستی لە بواری سەربازی و رێنماییەکانیان بۆ دەرچووانی خولی ئەرکان، لیوا روکن رێبوار عەلی کەریم، راگری کۆلێژی ئەرکانی چوارقورنە گوتی: لە وڵاتاندا و بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا گرنگی زۆر بە توێژینەوە زانستییەکان دەدرێت و لە سەرجەم بوارەکاندا بودجە و دەزگای تایبەتی بۆ دامەزراوە، بەتایبەتیتریش، توێژینەوە ستراتیژی و سەربازییەکان. خۆشبەختانە لە کوردستانیش کۆلێژی ئەرکان وەک ناوەندێکی گرنگی زانستی سەربازی، لە ساڵی ٢٠٠٣ بە فەرمانی سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق، مام جلال دامەزرا و لە ماوەیەکی کەم و توانایەکی سنووردارادا، سەدان ئەفسەری پێگەیاند و بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە ناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، درێژەیان بە خزمەتی سەربازیی دا

هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە ئەفسەرانی دەرچوو لە خولەکانی ئەرکان ئەرک و بەرپرسیارییەتی نیشتمانییان دەکەوێتە سەرشان، بۆیە داوایان لێدەکەم هەمیشە و بە بەردەوامی هەوڵی بەدەستهێنانی زانست و زانیاریی سەربازیی نوێ بدەن و بەدوای سەرچاوەی نوێدا بگەڕێن و زۆر گرنگی بە بابەتە هەنووکەیی و سەردەمییەکان بدەن

سەبارەت بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کۆلێژەکانی ئەرکان، لە عێراق یان وڵاتانی دیکە، راگری کۆلێژی ئەرکان ئاماژەی بەوەدا: کۆلێژی ئەرکانی چوارقورنە لەبنەڕەتدا سوودی لە سیستم و پرۆگرام و وانەکانی کۆلێژی ئەرکانی عێراق وەرگرتووە، تەنانەت نامیلکە سەربازیی و سەرچاوەکانیشمان هەر ئەوەیە کە لە کۆلێژی ئەرکانی بەغدا دەخوێندرێن و هەماهەنگیمان لەگەڵ کۆلێژی ئەرکانی بەغدا هەیە، هاوکات داوامان لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43



عەقید روکن تەها محەممەد سالح


رائد روکن فەهد سنعان محەممەد

ولاتانی هاوپەیمانان کردووە، بە مەبەستی گۆڕینەوەی زانست و زانیاری سەربازیی، دەرفەتمان بۆ بڕەخسێنن بۆ ئەوەی مامۆستاکانمان بچنە ولاتەکانیان و سەردانی کۆلێژەکانیان بکەن

عەمید ڕوکن سەباح فکری محێدین، مامۆستای باڵی ئەرکان لە کۆلێژی ئەرکانی چوارقوڕنە، لە وڵامی ئەوەی ئایا ئێوەش وەک ناوەندە ئەکادیمییە مەدەنییەکان هیچ وانە یان بابەتێکی خوێندنتان دەربارەی چۆنێتی ئامادەکردن و نووسینەوەی توێژینەوەی زانستی هەیە؟ هەروەها ئایا مامۆستای پسپۆڕتان لەو بوارەدا هەیە؟ گوتی: بەپێی پرۆگرامی خوێندنی ئامادەکراو بۆ بەشداربووانی خولەکانی ئەرکان، بابەتێک دەربارەی ئامادەکردنی توێژینەوە دەخوێندرێت کە بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی سەربازییدا، لە ماوەی ساڵی یەکەمی خوێندندا هەر خوێندکارێک توێژینەوەیەکی کورت ئامادەدەکات، لە دوای تێپەڕاندنی یەکەم ساڵی خوێندن، پێویستە سێ بابەتی ئامادەکردبێت، دەبێت دوو بابەتیان سەربازی و بابەتێکی تر سیاسی یان ئابووری یان مێژوویی بێت، هاوکات لە نامیلکەی ئەرکەکانی ئەرکاندا بابەتێک هەیە دەربارەی چۆنێتی نووسینی توێژینەوە، زانستی سەربازی زمانێکی تایبەت و جیاوازی هەیە لە چاو زانستەکانی تردا و تێگەیشتنی چەمک و زاراوە و دەربڕینەکان و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دروست زۆر گرنگە، سەبارەت بە مامۆستاش، هەر مامۆستایەک هەڵگری نازناو و نیشانەی ڕوکن بێت، دەتوانێت بابەت و وانەکان پێشکەش بکات

عەقید ڕوکن تەها محەممەد ساڵح، مامۆستا لە کۆلێژی ئەرکان، سەبارەت بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشووتر یاخود بەکارهێنانیان وەک سەرچاوەی توێژینەوەکان، ئاماژەی بەوەدا، هیچ توێژینەوەیەک بەبێ سەرچاوە نانووسرێ، بۆیە دەتوانن وەک سەرچاوە سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرن

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی، لەڕووی ڕاگەیاندنەوە چی بکرێت بۆ ئەوەی پێشمەرگە و ئەفسەران لە یەکەکانی تر بتوانن سوود لەو توێژینەوانە وەربگرن؟ موقەدەم میرزا داود ڕەسوول، ئەفسەری ڕاگەیاندن و هۆشیاریی کۆلێژی ئەرکانی چوارقوڕنە، ڕایگەیاند: لە ڕاستیدا توێژەران و مامۆستایانی سەرپەرشتیار هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریان داوە و توێژینەوەی گرنگ و بەسوودیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەگەر تەنها لە کتێبخانەی کۆلێژدا بمێننەوە و نەکەونە بەردەستی

43



رائد روکن یوسف عوسمان عەبدولکەریم



مقدەم روکن نزار

خوێنەرانی یەکە سەربازییەکان، ئەوا ماندووبوونی توێژەرەکان بەفیڕۆدەچێت و وەک پێویست ئامانجەکەی ناپێکێت، بۆیە پێشنیازدەکەم پوختەی توێژینەوەکان وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی یان بە شێوەی چەند بەرگێک چاپ و بەسەر یەکە سەربازییەکاندا دابەش بکرێن یان هەرجارێک پوختەی بابەتێکیان لە گۆڤاری پێشمەرگەدا بڵاوبکرێتەوە

## ئەزموونی ئەفسەرانی بەشدار لە خولی ئەرکاندا

رائد روکن فەهد سنعان محەممەد، یەکێکە لە دەرچووانی خولی ٨ی ئەرکان، سەبارەت بە بەشداربووانی خولەکانی داهاتوو گوتی: دەبێت لەڕووی دەروونییەوە بۆ دوو ساڵ خوێندن تەواو ئامادەبن و بەرگەی گوشاری بەرنامەی چڕی خوێندن بگرن و باشتر وایە ئامادەکاریی پێشوەختە بکەن، بۆ نموونە، خوێندنی بابەتەکان پێش دەستپێکردنی خولی ئەرکان و گرنگیدانی زۆر بە ڕاهێنانە پراکتیکییەکان (التمارين العملية)، هاوکات، پێویستە کاتەکەیان بۆ خوێندن و پشوو و نووستن دابەش بکەن، بەڵام لێرەدا دەبێت بەشێکی زۆری کاتەکەیان بۆ خوێندن بێت و پەیوەست بن بە دیسپلینی سەربازییەوە و ڕێز لە مامۆستاکان و ڕاگرایەتی و گشت ئەفسەران و کارمەندانی کۆلێژ بگرن. سەبارەت بە توێژینەوەش، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا، باشتر وایە ئەفسەر لەسەرەتای خولدا هەندێک بابەتی گرنگ و نوێی سەربازی و مەدەنی ئامادەبکات کە سەرچاوەیان هەبێت، پێویستە هەموو توێژینەوەکە بەدەستی خۆی و بە وردی بنووسێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاوتوێی توێژینەوەکەی سەرکەوتووانە ئەنجام بدات

موقەدەم ڕوکن نزار کە یەکێکە لە ئەفسەرانی دەرچووی خولی ٨٣ی کۆلێژی ئەرکانی بەغدا، کورتەیەکی لەسەر توێژنەوە زانستییەکەی بە ناوی (پەرەپێدانی میکانیزمی سیخوڕی لە سیستمی هەواڵگریی سەربازییدا) خستەڕوو کە بابەتێکی گرنگی بواری ئەمنی و سەربازییە و تیایدا هاتووە: بابەتی سیخوری زۆر کۆنە و لەسەردەمی حامووڕابی، فەرمانڕەوایی فیرعەونەکان، سومەرییەکان، ئاشوورییەکان، یۆنانییەکان، ڕۆمانییەکان و تاکو دەرکەوتنی ئیسلامیش هەبووە و پەرەی پێدراوە، هەروەها لەسەردەمی فەرمانڕەوایی چەنگیزخان زۆر جێی بایەخ بووە، هەروەها دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

**ئەگەر توێژینەوەکان تەنها لە کتێبخانەی کۆلێژدا بمێننەوە و نەکەونە بەردەستی یەکە سەربازییەکان ماندووبوونی توێژەرەکان بەفیڕۆدەچێت و وەک پێویست ئامانجەکەی ناپێکێت و سودی بۆ یەکە مەیدانییەکان نابێت**


موقەدەم میرزا داود رەسوول

کەوا سیخووڕ سزای تایبەتی خوی هەیە، بەڵام لەهەر سەردەمێکدا سزای جیاوازی هەبووە، بۆ نموونە لەسەردەمی فیرعەونەکان دەستبڕین بووە، لەلایەن ئاشوورییەکانیش زمانبڕین.

دوای جەنگی سارد سیخووڕیی بەتایبەتی لە نێوان ئەمریکا و رووسیادا زۆر پەرەی سەند، هەروەها بەهۆی دەرکەوتنی تەکنەلوژیا و پێشکەوتنەکانی سەردەم کاریگەری زۆر کەوتە سەر کەرتی سەربازیی و ئابووری و ئەمنی. سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سیخووڕی لەناو هێزە سەربازییەکان، ناوبراو لە توێژینەوەکەی نوسیوویەتی: دوای ئەوەی ئامێرە ئەلیکترونییەکان پێشکەوتنیان بەخۆەبینی، ئیتر ململانێ لەنێوان وڵاتان گەیشتە ئەو ئاستەی کە جەنگی ئەلیکترۆنی و سیخووڕی لە نێوانیان بەرپابێت، بۆیە بەپێی هەموو لێکوڵینەوەکان، هەر وڵاتێک لەڕووی تەکنەلۆژیا پێشکەتووبێت، ئەم وڵاتە لەڕووی سیخوورییەوە دەتوانێت هەژموونی خۆی بەسەر هەموو وڵاتانی تردا بسەپێنێت و لەڕووی سەربازیشەوە، دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت

لەلایەکی تر رائد روکن یوسف عوسمان عەبدولکەریم کە یەکێکی ترە لە ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە بەشداریی خولی ٨٣ی کۆلێژی ئەرکانی بەغدای کردووە، گوتی: توێژینەوەکەی من بە ناونیشانی (کێشەی تاکجەمسەری لە نێوان ململانێی وڵاتانی زلهێز و ئاڵنگارییەکانی بەردەم وڵاتانی بچووک)ە، هاوکات ئاماژەی بەوە کرد، کرۆکی ئەم بابەتە بریتییە لەوەی، دونیای ئەمڕۆ جیهانێکی

43



گۆڕاوە و نەبەستراوەتەوە بە پێکهاتەیەکی سیاسی نێودەوڵەتی دیاریکراوەوە، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخە شلەژاوە نائاساییەی کە جیهان پێیدا تێپەڕدەبێت، بە هۆکاری نەبوونی هێزی باڵادەست، ئەو دۆخە پڕ ململانێیە بەردەوامە کە وڵاتان تیایدا دەژین و وێڵن بە دوای خۆسەپاندن و هێزدا. دەتوانین بڵێین هەر لە پاش ڕێکەوتنی ویستڤالیا ساڵی ١٦٤٨ز، مێژووی سیاسەتی نێودەولەتی لەسەر سیستمێکی سیاسیی نوێ دامەزرا، ئەویش تاکجەمسەری یان جووت جەمسەری یاخود فرەجەمسەر، ئەمەش جودانەبوو لەگەڵ شێوازی دابەشبوونی هێز کە ئەو سەردەمە لە جیهاندا ڕەهابوو، بە تایبەتی ئەو هێزانەی کاریگەرن. لەگەڵ ئەوەشدا، فاکتەرە پاڵنەرەکان بۆ گۆڕینی شێوازی سیاسەت لە چەند خەسڵەتێکی تایبەت خۆیان حەشارداوە. لەوانەش، جۆراوجۆربوونی یەکەکانی سیستمی سیاسی یاخود سەنتەری سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەوانەی لەسەر جموجۆڵە سیاسییەکاندا کاریگەرییان هەیە

ئەوەی گرنگە بگوترێت، جیهان لە بەردەم گۆڕانگارییەکی خێرای هەمەلایەنەدایە، بەتایبەتی لەڕووی سەربازییەوە، وڵاتان لە داهێنان و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەم بوارە گرنگەدا پێشبڕکێ دەکەن، بۆ ئەوەی ئامادەیی تەواویان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم ئاڵنگاری و کێشانەی ئێستای جیهان هەبێت، چونکە لە دوای شکستهێنانی دیالۆگ و هەوڵە دیپلۆماسییەکان، دواجار هێزی سەربازی هاوکێشەی ململانێکان یەکلایی دەکاتەوە، بۆیە لە ئێستادا گرنگیدان بەسوپا و پەروەردەکردنی سەرباز گرنگی زۆری پێدەدرێت، وەزارەتی پێشمەرگەش وەک دامەزراوەیەکی گرنگی سەربازی، هەوڵیداوە خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بگونجێنێت و بەردەوامە لە پەروەردەکردنی ئەفسەر و پێشمەرگەکانی و بەشدارییپێکردنی ئەفسەرانیش لە خولەکانی ئەرکان، لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی سوپایەکی بەهێز و پەروەردەکراوی لەڕووی زانستە سەربازییەکان هەبێت و بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو و پاراستنی خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە هەڕەشە و مەترسییەکان، لە ئامادەباشیی تەواودا بێت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# یەکخستنەوەی زاراوە سەربازییەکان، هاوتایە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی زانستی سەربازی سەردەم لە وەزارەتی پێشمەرگەدا

ئامادەکردنی: ڕێکەوت فاتیح

لەگەڵ بەردەوامی و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە، خۆشبەختانە هەنگاوی پڕبایەخ نراوە و لەدواین هەنگاودا، وەزارەتی پێشمەرگە بە سێ قۆناغ کاری بۆ داڕشتنی یەک زاراوەی گشتگیری سەربازی کردووە و بێگومان زاراوەی سەربازیش بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی هەر سوپایەکی پێشکەوتوو لە جیهاندا، بەمەبەستی هەماهەنگی و کاریگەری لەجێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکاندا دادەنرێت، هەروەها زاراوە سەربازییەکان یارمەتی دڵنیابوون لە ڕوونی و وردبینی دەدەن لە گەیاندنی ڕێنماییەکان و فەرمانەکان و ڕاپۆرتەکان، هەروەها مەترسی هەڵە تێگەیشتن لە بارودۆخە مەترسیدارەکان کەمدەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام ئاسانکاری بۆ کارکردنی هاوبەش لەگەڵ هێزە جیاوازەکان دەکەن، کاریگەری و کارایی ئۆپەراسیۆنەکان بەرزدەکەنەوە .



نقیب هێمن فەیسەل محمدئەمین

## گرنگیی ئەو پڕۆژەیە

لەبارەی ئامانج و گرنگی پڕۆژەکە بۆئایندەی هێزی پێشمەرگە، نەقیب هێمن فەیسەڵ محەممەدئەمین، ئەفسەر لە بەشی پلاندانان و بەدواداچوونی پڕۆژەکان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، تایبەت بۆ گۆڤاری پێشمەرگە باسی پڕۆژەکە و قۆناغەکانی پڕۆژەی چاکسازی و یەکخستنەوەی زاراوە سەربازییەکان بۆ ئایندەی هێزەکان دەکات و دەڵێت: لەچوارچێوەی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، لە کۆی ٢٨ پڕۆژە کە لەبەرنامەی کاردان و یەکێک لە پڕۆژەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کە وەک بەڕێوەبەری تیمی پڕۆژەی یەکخستنی زارەوە سەربازییەکان راسپێردراوم و لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکان و بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانە، بە مەبەستی یەکخستن و ڕێکخستنی هەموو ئەو پەیڕە و پرۆگرامانەی لە سیستمی کۆلێژە سەربازییەکان و بنکەکانی مەشقدا هەیە، بۆ ئەوەی لە زاخۆ تاوەکو خانەقین یەک زاراوەی گشتگیریی سەربازی هەبێت و وەک پڕۆگرامێکی تایبەت بە پەرەپێدانی زانستی سەربازیی لە کوردستان کاری پێبکرێت

## هەنگاوەکانی پڕۆژەکە

بەڕێوەبەری بەشی بەدواداچوونی پڕۆژەکان ئەوەی خستنەڕوو، وەزارەتی پێشمەرگە بە تایبەتی سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و بەرپرسی بەشی پلاندانانی پرۆژەکان، بەردەوام جەخت لە کارکردنی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەکەنەوە، بە ڕاوێژی بەردەوام لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی بۆ زیاتر

پێدانی زانیاری و چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم پڕۆژەکە. وەک تیمی پرۆژەکە، دوای ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەک، توانیمان ئەجێندای کارکردن دابڕێژین و پێشەکی و پێناسە و ئامانج و سودەکانی پڕۆژەکە بخەینەڕوو، پڕۆژەکە لە داهاتوودا بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، کە لە دوو مانگی رابردوودا کارمان لەسەری کردووە قۆناغی یەکەم: کۆکردنەوەی پڕۆگرامی پەروەردەیی بنەڕەتی، بۆ پڕۆگرامەکانی خوێندنی کۆلێژی ئەرکان و کۆلێژەکانی سەربازیی و بنەماکانی مەشق لە پیادە و باڵی چەک و تەقەمەنی بکات، بۆ ئەوەی فێرخوازان لە کاتی خوێندنیان لەم ناوەندانەدا بتوانن بەزمانی دایک بخوێنن

قوناغی سێیەم: بە ئامانجگەیاندنی پڕۆژەکە لەوەی لەناو کۆلێژ و بنکەکانی مەشقدا پلان و پڕۆگرامی مەشقی زانستی بە زمانێکی یەگرتووی کوردی ستاندارد هەبێت

## رۆڵی زانکۆکان لەسەرخستنی پڕۆژەکە

نەقیب هێمن فەیسەڵ ئاماژەی بە پەیوەندی و هەمانگیکردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد تا لەو رێگەوە، لە تواناکانی مامۆستایانی زانکۆ لە زانکۆکانی سەلاحەین، سلێمانی و دهۆک کەلکوەربگرن و بە سوودوەرگرتن لەو کتێب و نامیلکانەی تایبەتن بە فەرهەنگ و زاراوەی

**لەئەنجامی چەند کۆبوونەوەیەك تواندرا ئەجێندای کارکردن دابرێژرێت و پێشەکی و پێناسە و ئامانج و سوودەکانی پڕۆژەکە بخرێنەڕوو و لە داهاتوودا تەواوی پڕۆژەکە بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت**

لە کۆلێژی ئەرکان و کۆلیژە سەربازییەکان و بنەکەکانی مەشق، بۆئەوەی پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و ڕێکبخرێن. بۆ ئەو مەبەستە دەمانەوێ بە هەماهەنگی لە رێگای ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە پەیوەندیدارن بەم پڕۆژەیەوە وەک زانکۆکانی سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆک و کۆلێژەکانی زمان، سوود لە زانستەکانی زمانی کوردی وەربگیردرێت، لەرێگای سیمینار و کۆبوونەوەوە کاری لەسەر بکرێت، دواتر لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بخرێتە بەرباس

قۆناغی دووەم: هۆبەیەکی تایبەتمەند لەیەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت زیادبکرێت بۆ پێداچوونەوەی بەردەوام تا کار لەسەر بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی لە وەزارەتی پێشمەرگە بکات. ئەرکی ئەو هۆبەیە ئەوە دەبێت کە وەرگێڕانێکی زانستی و هەموو بڵاوکراوەکان لە ڕێنمایی و فەرمانەکان و نووسراوە فەرمییەکان بە یەک شێوازی زمان ڕێکبخرێن و ئاڕاستەی گشت یەکەکانی وەزارەت بکرێت

## رۆڵی هاوپەیمانان

نەقیب هێمن فەیسەڵ لەبارەی هەماهەنگیکردن لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ پڕۆژەی زاراوە سەربازییەکان زیاتر دواو گوتی: هەماهەنگی و کۆبوونەوەی بەردەواممان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ خستنەڕووی پێشنیاز و پێدانی بیرۆکە و پلان هەیە، ئەمەش بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی کارکردنیان لەو بوارەدا. ئەوانیش جەخت دەکەنەوە و بەپەرۆشن بۆ بەجێگەیاندنی پڕۆژەکان بە تایبەتی پڕۆژەی یەکخستنەوەی زاراوە سەربازییەکان

کوردی و بە خستنەڕووی پێشنیاز و وردبینیکردن لە زاراوەکاندا لە ڕێگای کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار، پڕۆژەکە دەوڵەمەندتربکرێت

شایانی باسە، پڕۆژەی یەکخستنی زاراوە سەربازییەکان یەکێک دەبێت لەو پڕۆژە چاکسازییانەی وەزارەتی پێشمەرگە کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە دەبێت و بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پڕۆژەیە خزمەتێکی زۆر بە فەرهەنگی زمانی کوردی دەکات و هێزی پێشمەرگەش وەک هەر هێزێکی پێشکەوتووی جیهان دەتوانێت خاوەنی یەک پڕۆگرامی گشتگیر و زاراوەی سەربازی یەکگرتووی تایبەت بەخۆی بێت، ئەم هەنگاوەش، دەبێتە پاڵنەری بەردەوامیدان بە پڕۆسەی چاکسازی لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دا

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# بنکەی کاروباری کارگێڕپی دووی سلێمانی، ئەرکی لۆجستی بەردەوام لە ئاشتی و جەنگدا

بنکەی کاروباری کارگێڕی دووی سلێمانی یەکێکە لە بنکەکانی بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە کە ساڵی ٢٠٢٢ بە فەرمانی وەزیری پێشمەرگە کراوەتەوە، تایبەتە بە دابەشکردنی خۆراک، پێداویستییە لۆجستییەکان، بۆ هێزە جیاوازەکانی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە لە سنووری پارێزگای سلێمانی. بەپێی خشتەی ئامادەکراوی وەزارەتی پێشمەرگە (٢٢) یەکەی سەربازی لەم بنکەیە خۆراک و سووتەمەنی وەردەگرن و بەتەواوکردنی، دەبێتە یەکێک لە بنکە گەورە و گرنگەکانی هێزی پێشمەرگە کە لەڕووی نەخشە و دیزاینەوە، بە پێوەرێکی ستاندارد و تایبەتمەند دروستکراوە، کە خۆی لە ژمارەیەک کۆگای خۆراک و پێداویستییە لۆجستییەکان دەبینێتەوە

ئامادەکردنی: مەحموود ئەحمەد





موقەدەم سۆران عەبدوڵڵا ساڵح



عەمید سەبار حسێن عەلی

عەمید سەبار حسێن عەلی، فەرماندەی بنکەی ئەسنادی دووی سلێمانی بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: کردنەوەی ئەم بنکەیە یەکێکە لە پێداویستییەکانی هەموو هێزێکی سەربازیی کە گرنگی خۆی هەیە و کارئاسانییە بۆ باشتر ڕاییکردنی ئیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی، هاوکات کارئاسانییەکی زۆر بۆ ئەو یەکە سەربازییانەی وەزارەتی پێشمەرگە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری دەکات کە خاوەنی چەندین بەشی گرنگە و بە پێی پێوەر و ستاندارده نێودەوڵەتییەکان دروستکراوە. ئەم بنکەیە ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن سوپای عێراقەوە دروستکرابوو کە خۆی لە ژمارەیەک کۆگای تایبەت بە بواری لۆجستی دەبینییەوە

فەرماندەی بنکەکە ئەوەشی خستەڕوو: لە ئێستادا پێداویستییەکانی ژمارەیەک یەکە لای ئێمە دابین دەکرێت، بە تێکڕا بەشە ئازووقە لای ئێمە دابەش دەکرێت، هیواداریـن بتوانین بە زووترین کات بەشەکانی سووتەمەنی و بەشی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و سەرجەم بەشەکانی تر بکەینەوە و بتوانین کارئاسانی بۆ یەکەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری بکەین

عەمید سەبار باسی لە گونجاوی شوێنی بارەگای بنکەی کرد و گوتی: بەهۆی کۆنی، بیناکەمان پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە و هاوکات، بۆ باشتر ڕایکردنی کارەکانمان، چەند ئامێرێکی وەک ڕافیعەمان بۆ ناو کۆگاکان پێویستە.

عەقید دلاوەر محەممەد، جێگری فەرماندەی بنکەی کاروباری کارگێڕی بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕایگەیاند: بنکەکەمان خۆی لە سێ بەشی سەرەکی و چەند هۆبەیەک دەبینێتەوە: کارگێڕی و کۆگاکانی ئازووقە، کۆگای سووتەمەنی، کۆگای هەڵگرتنی پێداویستییە لۆجستییەکان لەگەڵ بەشی چاککردنەوە و سیانەکردنی ئۆتۆمبێلە جۆراوجۆرەکانی یەکە سەربازییەکان، لەگەڵ وەرشەیەکی چاککردنی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی کە لەلایەن تیمی ڕاوێژکارانی سەربازی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان ئیشوکارەکانی بەڕێوەدەچێت، وەرشەیەکی سەربەخۆن لەناو بنکەکەماندا.

عەقید دلاوەر ئەوەشی خستەڕوو کە لەکۆی ٢٢ یەکەی سەربازیی تا ئێستا ١١ یەکە ئیشوکارە ئیدارییەکانیان تەواوبووە بۆ ئەوەی لای ئێمە ئازووقە و سووتەمەنی وەربگرن، هیواداریـن بەزووترین کات ئەو یەکانەی ماون بخرێنەوە سەر بنکەکانمان

## بەشی سووتەمەنی

موقەدەم هاشم محەممەدئەمین، بەرپرسی بەشی سووتەمەنی لە بنکەی کاروباری کارگێڕی دووی سلێمانی ڕوونیکردەوە: ئیشوکاری بەشەکەمان بریتییە لە دابینکردنی سووتەمەنی جۆراوجۆری وەک گاز، بەنزین، نەوت و ڕۆنی ئۆتۆمبێل بۆ ١٨ یەکەی وەزارەتی پێشمەرگە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری. بەشەکەمان چەند خەزانی هەڵگرتنی سووتەمەنی هەیە کە بەپێی پێوەرە ستانداردەکان دروستکراوە، بە

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



ملازمی یەک سورێن محەممەد



نەقیب سەرهەنگ عەبدوڵا

کردنەوەی بەشەکەمان کارئاسانییەکی زۆر بۆ ئەو یەکانەی کە بڕیارە بخرێنە سەر بنکەی کاروباری کارگێڕی ٢ی سلێمانی دەکرێت.

## کاری زیاتر

موقەدەم سۆران عەبدوڵا ساڵح، بەرپرسی بەشی تەقەمەنی لە بنکەکە بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: بەشی تەقەمەنی یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی بنکەمان بۆ هەڵگرتنی تەقەمەنییەکانی هێزی پێشمەرگە لە سنووری پارێزگای سلێمانی و خاوەنی کۆگای تایبەت بە هەڵگرتنی چەکین کە بەشێوەیەکی تۆکمە دروستکراوە، بەهۆی ئەوەی تازە بنکەکەمان کراوەتەوە، ئێمە لەڕووی لۆجستییەوە ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ هەڵگرتنی تەقەمەنییەکانی هێزی پێشمەرگە، هیواداریین بتوانین بە زووترین کات کار لەسەر باشترکردنی بنکەکەمان بکرێت

## بەردەوامی و کارامەیی

نەقیب سەرهەنگ عەبدوڵا، بەرپرسی بەشی دابەشکردنی ئازووقە ئاماژەی بەوەدا کە بەشەکەیان تایبەتە بە دابەشکردنی خۆراک بەسەر لیوا و یەکە جیاوازەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و مانگانە بەردەوامی و کارامەیی کارەکا ڕایی دەکرێن کە بەشێکی جیاوازە لە خۆراک. نەقیب سەرهەنگ ڕوونیکردەوە: کۆگاکانمان بەشێوازاێکی پێشکەوتوو دروستکراوە، تەواویان فێنککەرەوەی بۆ دابینکراوە، لە تواناماندایە زۆر لەو ڕێژە زیاتر بەشە خۆراک بەسەر هێزەکاندا دابەش بکەین، هیواداریین سەرجەم ئەو یەکە سەربازییانەی کە ماون (کە نزیکە ١١ سەربازیین)،

## سریەی بارەگا

ملازمی یەک سورێن محەممەد، جێگری فەرماندەی سریەی بنکەی کاروباری کارگێڕی ٢ی سلێمانی بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: میلاکی سریەکەمان بەپێی پێویست کارمەند و پێشمەرگەی هەیە، ئەرکی سەرەکیمان بریتییە لەپاراستنی بنکەکە لەڕووی ئەمنییەوە و پاکو خاوێن ڕاگرتنی ناو بنکە و پاراستنی دیسپلینی سەربازیی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی ناو بنکە و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ناو بنکە بەشێوازێکی ڕێکخراو کە ئەو ئەرکانە، بە پێی پلانی سەربازیی پەسەندکراو جێبەجێ دەکرێن

**بنکەکەمان بەپێوەرێکی ستانداردی نێودەوڵەتی دروستکراوە دەتوانێت کارئاسانییەکی زۆر بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بکات**

43

## ناوەندی مەشقی تەندروستیی سلێمانی

# سەنتەری ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی پزیشکی هێزەکانی پێشمەرگە

ئامادەکردنی: شنرۆ ئەحمەد

**ناوەندی مەشقی پزیشکیی سلێمانی، یەکێکە لە ناوەندەکانی ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لە ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەرچووە و لەلایەن ڕاوێژکارانی سەربازیی ئەڵمانیا لە هاوپەیمانیەتی نێودوڵەتی پاڵپشتی کراوە و تایبەتە بە مەشقی پزیشکی هێزەکانی پێشمەرگە. لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پزیشکی وەزارەتی پێشمەرگەیە. یەکێکە لە ناوەندە گرنگەکانی مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە، ساڵانە چەندین خولی جۆراوجۆری تێدا دەکرێتەوە، وەک چارەسەری خوێن بەربوون، پێدانی هەناسەی دەستکرد، گواستنەوەی بریندار، خۆپاراستن لە دووکەڵ و گازە ژەهراوییەکان و چەند جۆرە مەشق و ڕاهێنانی دیکە بەشێوازی تیۆری و پراکتیکی ئەنجام دەدرێن.**



عەقید قارەمان قادر

### سەرەتا و دامەزراندن

عەقید قارەمان قادر، سەرپەرشتیاری بنکەی مەشقی پزیشکیی سلێمانی، بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: سەنتەرەکەمان، لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پزیشکی وەزارەتی پێشمەرگە کراوەتەوە، وڵاتی ئەڵمانیای فیدراڵ تەواوی تێچووی بونیادنانی سەنتەرەکەیان لە ئەستۆگرتووە بە دروستکردنی بینا و دابینکردنی تەواوی پێداویستییەکانییەوە. سەنتەرەکەمان یەکێکە لە سەنتەرە پێشکەوتووەکان و لە خزمەتی هێزەکانی پێشمەرگەدایە. فێرخوازان بە تیۆری و پراکتیکی مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت. بوونی ئەم جۆرە سەنتەرانە ڕۆڵی گرنگیان لە بەرەوپێشبردنی توانای سەربازیی هێزی پێشمەرگە هەیە و دەتوانرێت بەهۆی ئەم جۆرە ڕاهێنانەوە، ژمارەی قوربانییەکان لەکاتی جەنگدا کەمبکرێنەوە.

ڕوونیکردەوە: سەنتەرەکەمان بەپێی خشتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەشقی سەربازیی، لەمساڵدا ٢٤ خولی فریاگوزاریی سەرەتایی جۆراوجۆر بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەڕێوەدەبەین. ناوەندەکەمان ٢ ڕۆبۆتی پێشکەوتووی بۆ دابینکراوە تایبەتە بە چۆنیەتی چارەسەرکرنی خوێنبەربوون کە بەشێوازێکی خودکاری کاردەکات، وەک بریندارێکی ڕاستی کاری لەسەردەکرێت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43









بۆ فریاگوزارییەکان و چارەسەری خوێنبەربوون و پێدانی هەناسەدانی دەستکرد، برین پێچان و چەندین جۆر مەشقی دیکەی لەسەر و یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی سەنتەرەکە

## ڕۆڵی ڕاوێژکارە ئەڵمانییەکان

ملازمی یەک دکتۆرە میدیا کامەران، لێپرسراوی هونەریی بنکەی مەشقی پزیشکیی سلێمانی، بۆ گۆڤاری پێشمەرگە گوتی: سەنتەرەکەی ئێمە لە ژێر بڕیار و ڕێنمایەکانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پزیشکی وەزارەتی پێشمەرگە ئەرکەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێت. لە ئێستادا، بۆ بەردەوامی و باشتر ڕایکردنی ئیش و کارەکانمان، گرنگی باشی پێدەدرێت. ئاماژەی بەوەش دا: لە سەنتەرەکەمان شەش ڕاهێنەر و دوو پزیشک ڕاهێنان بە فێرخوازان دەکەن. سەنتەری مەشقی پزیشکی لەلایەن ڕاوێژکارانی سەربازی هێزەکانی ئەڵمانیا چاودێری دەکرێت و سەرجەم خولەکان بەپێی پێوەرە ستانداردەکانی هێزی ناتۆ بەڕێوەدەچێت و بەخۆشحاڵییە دەتوانرێت دوو قۆناغی فریاگوزاریی سەرەتایی لە سەنتەرەکەمان بوترێتەوە، کە ئەمەش تاکە سەنتەرە بەو ئاستە پێشکەوتووە ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگە بکات، کە لە ئێستادا ساڵانە ٢٤ خولی فریاگوزاری سەرەتایی دەکەینەوە بۆ یەکە جیاوازەکانی هێزی پێشمەرگە. مامۆستایانی بنکە لەلایەن ڕاوێژکارانی سەربازیی ئەڵمانیاوە ڕاهێنانیان پێکراوە و پەسەندکراوی ئەوانن، توانایەکی زۆر باشیان هەیە بۆ وانەوتنەوە بە فێرخوازان

یەکێک لە فێرخوازانی سەنتەری مەشقی پزیشکی سلێمانی دەڵێت: ئێمە چەندینجار لە شەڕەکاندا بریندارمان هەبووە، نەمان زانیوە چۆن فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ ئەنجام بدەین، لەم خولەدا فێرکراوین کە چۆن فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ بریندارەکان بکەین و خۆمان لە گازە ژەهراوییەکان بپارێزین، بریندار چۆن بگوازینەوە بۆ نەخۆشخانە و هاوکات، چەندین تەکنیکی گرنگی دیکەش فێرکراوین. ڕوونیکردەوە: بە بەشدارییکردنمان لەم خولانەی سەنتەری پزیشکی سلێمانی، ئێمەی پێشمەرگە زۆر سودمەند بووین، پێویستە هەموو پێشمەرگەیەک ئەم خولانە ببینێت بۆ پاراستنی خۆی و هاوڕێکانی لەکاتی ڕوودانی هەر حاڵەتێکی نەخوازراودا.

## شەهیدی فەرماندە لیوا عوسمان پیرانی

# تێکۆشەری دێرین و فەرماندەی ناو سەنگەرەکان

ئامادەکردنی: سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی




**لە پەڕەکانی دیرۆکی بەرخودان و خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەماندا، زۆرن ئەو ڕۆڵە ئازا و فیداکارانەی کە گیان و ژیانی خۆیان نەزری ڕێگەی پاراستن و سەرفرازی نیشتمان و گەلەکەیان کردووە. بەشێک لەو ڕۆڵە جوامێرانە تێکۆشان و بەردەوامی و کۆڵنەدانیان لە کاروانی خەباتدا هێندە درەوشاوەیە کە بوونەتە چیرۆکی سەربەرزی و سەرکەوتن.**

**یەکێک لەو ڕۆڵە شامێرانە , پێشمەرگەی چیا و فەرماندەی ناو سەنگەر، شەهیدی نەمر لیوا (عوسمان پیرانی)یە. ئەو فەرماندە جەسوورو بە هەیبەتەی کە ٤١ ساڵ تەمەنی خۆی پێشکەشی خاک و نەتەوەکەی و ڕێبازی کوردایەتی کرد و هەر لەم پێناوەشدا تاجی شەهادەت و نەمری لەسەرنا.**

### سەروەرینامەی شەهید

شەهیدی فەرماندە عوسمان عەبدولڕەحمان پیرانی، ناسراو بە عوسمان پیرانی، لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی پیرانی سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ لە دایکبوو. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کرد و ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ کەسوکارەکەی ئاوارەی ئێران بوون. ساڵی ١٩٧٩ بووە پێشمەرگە لە سوپای بارزان. لە دەستپێکی ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداری لە خولی ڕاهێنانی چەک کردووە و ساڵانی دواتر، چەندین پلەی بەرپرسیارێتی پێدراوە و بەشداریی چەندین داستانی بە ناوبانگی دژی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو و تیرۆریستانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43




داعش کرد

## لە خەباتی شاخ

لە خەباتی مەردانەی شاخدا، شەهیدی فەرماندە بەشداری چەندین نەبەردی و داستانی دژی سوپای رژێمی بەعس کرد، لەوانە: لێدانی فەوجی ئەشکەوتووان لە ١٩٨٠/١١/٢٠، لێدانی رەبیەی لێلۆک لە ١٩٨٠/١١/٢١، لێدانی رەبیەی باوەی لە ساڵی ١٩٨١، شەڕی محەممەدشا لە ١٩٨٣/٣/٢٠، شەڕی عەربە و کۆیکا (وەزنێ) لە ١٩٨٣/٣/٨، شەڕی چیای پیران لەساڵی ١٩٨٦، بەشداریکردنی لە چەندین مەفرەزەی جیاواز لە ١٩٨٦/٩/١٨ تا ١٩٨٦/١٠/٢١، شەڕی مێرگەسۆر لە ساڵی ١٩٨٧، شەڕی شکێرێ بێشوون لە ١٩٨٨/٨/٣، شەڕی دەریای سۆر و بەرمێزە لە ٤-٨-١٩٨٨، کەمینەی چەمەلول لە ١٩٨٨/٨/٧، شەڕی گوزە پانکێ لە ١٩٨٨/٨/٨، شەڕی سەرێ خەروانێ لە ١٩٨٨/٨/١٤، شەڕی چیای کتکینێ لە ١٩٨٨/٨/١٨، شەڕی چیای زەرواڤا لە ١٩٨٨/٨/٢١، شەڕی کۆراڤا لە ١٩٨٨/٩/٤، لێدان لە رەبیەی ناو گردۆکا، لێدان لە فەوجی گۆرا میرزای، لێدان لە رەبیەی گردێ گا، لێدان لە رەبیەی نیوەخینێ ، لێدان لە رەبیەی لەنگەرۆکێ، لێدان لە رەبیەی ملێ تاڤۆکێ، لێدان لە تۆپخانەی مێرگەسۆر، کەمینەی خەردنێ، لێدان لە رەبیەی گەلیێ سۆرێ، لێدان لە رەبیەی خۆشکان، لیدان لە مقر سریەی خۆشکان، شەڕی چەقل مستەفا، شەڕی شاولە و...

## لە قۆناغی راپەڕین و ئازادیدا

شەهیدی فەرماندە یەکێک بوو لەو تێکۆشەرانەی شاخ کە بەشداری لە راپەڕینە دیرۆکییەکەی ساڵی ١٩٩١ کرد و رۆڵی جوامێرانەی لە ئازادکردن و بەرگریی لە کوردستان گێڕا. ساڵی ١٩٩١، بەشداری لە داستانە چارەنووسازەکەی کۆرێ کرد و لە هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمی ئەو داستانەدا ئازایەتی خۆی سەلماند. دوای راپەڕین، بە چەندین پلەی بەرپرسیارێتیدا تێپەڕیوە، تا لە ساڵی ١٩٩٩ بوو بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی بارزان

## زنجیرەیەک تۆماری سەروەری

شەهید عوسمان پێشمەرگەی ناو سەنگەرەکانی پێشەوە بوو، هەربۆیە لە خەباتی پێشمەرگایەتیدا چەند جارێک بریندار بوو. لەوانە: لە شەڕی مێرگەسۆر ١٩٨٧، لە شەڕی کتکینێ ١٩٨٨/٨/١٨، شەڕی کۆراڤا ١٩٨٨/٩/٤، لە شاداستانە مێژووییەکەی خواکورک لە ساڵی ١٩٨٨دا و لە داستانی بەناوبانگی کۆرێ لە ساڵی ١٩٩١.

## شەڕی تیرۆریستان و وێستگەی شەهادەت

شەهیدی نەمر لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا یەکێک بوو لەو فەرماندە بەئەزموون و کۆڵنەدەرانەی کە لە سەنگەرەکانی بەرگریی و هەڵمەت و پێشڕەوییەکانی هێزی پێشمەرگە نموونەی ئیرادەی بەهێز و وەرەبەرزی بوو. رۆڵی دیاری لە سەرکەوتنەکاندا گێڕا. هەر لەم ئەرکە پیرۆزەیدا لە ٢٠١٥/١/١١ لە گوندی سوڵتان عەبدوڵڵا، دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، ئەم تێکۆشەرە دێرینە گیانی خۆی فیدای خاک و نەتەوەکەی کرد و بووە ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردایەتی و پێشمەرگایەتیدا

درود بۆ گیانی پاک و بەرزەفڕی شەهیدی فەرماندە لیوا عوسمان پیرانی و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان. ناویان نەمر و هەمیشە یادیان بەخێر

# شەهیدە زیندووەکان

ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلا شێخ

## روحێکی زیندوو، جەستەیەکی تێکشکاو لە لووتکەی زۆزکەوە بۆ زەرگەی گەرمەسێر لەپێناو سەربەخۆیی و شکۆمەندی نیشتمان.



چیرۆکی ئەم جارەمان هی پیاوێکە کە پڕاوپڕە لەهەستی نیشتمانپەروەریی و ئازایەتی. مووسا باپیر هەر لەسەر بێشکەوە غەریب و بێ دایک بووە، ئەوەندە لە ژیانیدا بەرەنگار و جەربەزەبووە، شەڕی مان و نەمانی بۆ نیشتمان و سەربەرزی گەلەکەی کردووە، تاکو بووە فەرماندەیەکی ئازا و چاونەترس. هەر لە بەشداریکردنی لە شۆڕشی ئەیلوول و ئاوارەیی و دەربەدەری وڵاتی ئێران و مانەوەی لە ئۆردوگای زۆرەملێی جەهرومی ناوچەی ئەهواز و هەڵبەز و دابەزی شۆڕشدا بۆ زیندان و ئەشکەنجەی قەسابخانەکانی ئەمنی خاسەی کەرکووک و مەحکەمەی بەناو سەورەی بەعسی شۆڤینی و ژوورە تاریک و داخراوەکانی ئەبووغرێب و جارێکی تر گەڕانەوەی بۆ باوەشی شۆڕش و بەردەوامی تا ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ و تا ئەو ڕۆژەی نیوەی جەستەی پیرۆزی خۆی کردە قوربانی گەڵ و نیشتمانەکەی

موسا باپیر پیاوی ساتە قورسەکان..؟

موقەدەم مووسا باپیر موسا لە ساڵی ١٩٥٣ لە بناری هێرۆ لەدامێنی گردەناز لەگوندی گردمەیتەر لە بنەماڵەیەکی جووتیار و زەحمەتکێشی ئەو دەڤەرە چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، تا چواری سەرەتایی لە قەلادزێ خوێندووە و دوای دەستگیردنی لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعسی فاشییەوە، پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی لەزیندانی ئەبوغرێب لەهەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

(محو الامیه) تەواوکردووە. بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە و لە ساڵی ١٩٧٢ لە بەتالیۆنی دووی زۆزک بووەتە پێشمەرگە و بەردەوام بووە تاکو نسکۆ، دواتر وەک هەزاران خێزان و تاکی دیکەی کوردستان ئاوارەی ئێران بووە و لە ئۆردوگای زۆرە ملێی جەهرومی ناوچەی ئەهوازی ئێران گیرساوەتەوە. لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی کردووەتەوە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لە بەهاری ١٩٧٧ لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج لە شاخ پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگە دەکاتەوە، دواتر گوازرایەوە بۆ هەرێمی پارێزگاری و لە دەستەی پاسەوانی مام جەلال درێژی بە خەبات داوە. پاشان لە ١٩٨٠/٧/١٤ لەلایەن هەواڵگریی سەربازی قەلادزێ دەستگیرکراوە، دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر ڕەوانەی مەنزوومەی شیمالی کەرکوک کراوە، لەوێشەوە گوازرایەوە بۆ مەحکەمەی خاسەی کەرکوک و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بەبێ هیچ دانپیانانێک لە ١٩٨٠/٩/٩ لە دادگای خاسەی کەرکوک دادگایی کراوە و سزای بیست ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە. دواتر سزاکەی سووککراوە بۆ پازدە ساڵ زیندانی و تاکو١٩٨٢/٧/١٥ بە بڕیاری ژمارە (٩٢٣)ی مجلیسی قیادەی سەورەی بەعسی فاشی، دوای دووساڵ زیندانی ئازاد و ڕاستەوخۆ ڕاپێچی خزمەتی سەربازیی کراوە. دوای ماوەیەک پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکان دەکاتەوە. تاکو داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، لەگەڵ یەکەم گەڕانەوەیدا، بەشداری لە ڕێکخستن و دروستکردنی شانە چەکدارەکان بۆ ڕاپەڕین و ڕووبەڕووبوونەوەی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسی فاشی دەکات. لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ هەر لە ڕانیەوە تاکو ڕزگارکردنی زۆربەی شارو شارۆچکەکان بەشداریکردووە، بەڵام مەخابن، لە ١١ی ئازاری ١٩٩١ لە شەڕی زاب لە جدیدە زۆر بەسەختی بریندار بوو، بەو هۆیەوە نەیتوانی لەوە زیاتر هاوڕێی پێشڕەوییەکانی ڕاپەڕین بێت.

مووسا وەک پێشمەرگەیەکی جەربەزە و وەک فەرماندەیەکی ئازا بەردەوام بووە لە خەباتی پێشمەرگایەتی، لەو ڕێگایەشدا چەندین جار زۆر بەسەختی بریندار بووە. لەگەڵ دروستکردنی یەکەم دەزگای ئاسایش لە ساڵی ١٩٩١ وەک کارمەندێکی کارای ئاسایش لە ئاسایشی قەلادزێ دەست بەکار بووە، دوای پێکهێنانی سوپای یەکگرتووی کوردستان بووە بە فەرماندەی فەسیل لە فەوجی ١ی لیوای بیتوێن

لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا پایەکانی فەرماندەی کەرت و تیپ و هێزی بەسەرکەوتوویی بڕیوە. ساڵی ٢٠٠٥ بەشداری خولی فەرماندەیی لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان کردووە و بووە بە ئەفسەر تاکو ساڵی ٢٠١٠ دوای پێکهێنانی لیوا هاوبەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بووە بە فەرماندەی سریە لە لیوای ٦ی پیادە

هەر لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە وەک ئەفسەرێکی کارا و فەرماندەیەکی ئارام و بوێر بووە و بەشداریی تەواوی چالاکییەکانی لیواکەی کردووە و کەسێکی خۆشەویست بووە لەنێو پێشمەرگە و فەرماندەکاندا. لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی تیرۆریستانی داعش، بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە، لە سنووری باشووری ڕۆژئاوای کەرکوک بەتایبەت لە هەموو نەبەردییەکانی گوندەکانی مەلاعەبدوڵڵا و تەلوەرد

دوای گواستنەوەی لیواکەیان بۆ گوندی زەرگە لە سنووری میحوەری دوزخورماتوو، بەردەوام لە ئەرکی پێشمەرگایەتیدا بووە، تاکو٣ی نیسانی ٢٠١٥ لەکاتی بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکاندا، بۆمبێکی چێنراوی



پێدا تەقییەوە و زۆر بەسەختی بریندار بوو، بەهۆی بەهێزی بۆمبەکە و کاریگەریی زۆری برینە سەختەکانی جەستەیەوە، دوای شەش مانگ مانەوە لە نەخۆشخانە، نیوەی جەستەی لە دەستدا، قاچی چەپی لە ئەژنۆیەوە بڕایەوە، دەستی چەپی ئیفلیج بوو، چاوی چەپیشی بەتەواوی لەدەستدا، تەنانەت گوێچکەکانیشی زیانیان بەرکەوتووە و بە ئاسانی نابیستن. دوای ئەو برینداربوونەی بە بڕیاری وەزارەتی پێشمەرگە بووە کەم ئەندامی سەنگەر و چووە ڕیزی شەهیدە زیندووەکانی نیشتمان

موقەدەم مووسا خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە کە پێنج کچ و سێ کوڕە بەناوەکانی (باپیر، سەفین و سەروان، کچەکانیشی بەناوەکانی بەفرین، ئەڤین، هەمین، شەمزین و هاوژین)

لە هەمووی سەرنج ڕاکێشتر، بەهێزی و خۆڕاگریی پیرۆز خانی هاوسەریەتی کە هەمیشە وەک کێوێک لەپشت ئەو پێشمەرگەیە بووە

موقەدەم مووسا لەژیانی پێشمەرگایەتیدا، جگە لەزیندان و دەربەدەری و ئاوارەیی، چوار جار بریندار بوو، لە ئێستا وەک پەککەوتەیەکی سەنگەر خزمەت دەکرێت.

# سەید کاکەیی دووجار پێشمەرگە.. خەباتی پێشمەرگایەتی و بەیەکەوەژیان

ئامادەکردنی : دەرباز عەلی حسێن



**هەرێمی کوردستان بووەتە کەناریکی ئارام بۆ گشت نەتەوە و پیکهاتە ئایینییەکانی کوردستان. کاکەییەکان لە مێژووی بەرخودان و خەباتی رزگاریخوازیی کوردســتاندا، ئەســپی خۆیان تاوداوە و پێگەیەکی دیارییان هەبووە و چەندین شەهیدیان لەو رێیەدا بە نیشتمان بەخشیوە. لە دوای راپەرینیشەوە لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکاندا پێگەی دیارییان هەبووە و دڵسۆزانە ئەرکەکانییان جێبەجێکردووە.**

## سەید کاکەیی و پێشمەرگایەتی

سەرهەد نیعمەت ئەمین، ناسراو بە سەید کاکەیی، لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە چەکی پێشمەرگەیاتی کردووەتەشان و پێشمەرگەیەکی ئازا و بە هەڵوێست بووە. پاراستنی خاکی کوردستان و ئازادی یەکجارەیی ئامانجی ئەو بووە، بۆ ئەمەش لە گشت شەڕەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان بەشداری کردووە. لە ئێستادا یەکێکە لە پێشمەرگەکانی لیوای (٥)ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە و بەردەوامە لە سەر ئەرکەکانی خۆی

## پێکەوەژیان و کاری مرۆیی

سەید کاکەیی بە خۆشحاڵییەوە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڕوانێت کە رێگە بە ئازادی ئایینی دەدرێت، پێیوایە بەجۆرێک بوار بۆ ئەندامانی ئەم هێزە ڕەخساوە لەوەی بتوانن لەبوارە جیاوازەکاندا خۆیان بسەلمێنن، ئەمەش بووەتە پاڵپشتییەک تاوەکو بتوانێت کارەکانی خۆی بکات و لە کاتی پشووەکانیدا چالاکییەکانی ئەنجامبدات. سەید بەردەوام بۆ کاری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی هەوڵی داوە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئاماژەی پێداوە و کاری لە سەر کردووە. سەید کاکەیی بە زمانەکانی (دایک، فارسی، عەرەبی) لە گشت کۆڕ و کۆبووەنەوەکاندا پەیامەکانی خۆی دەگەیەنیت

## رێکخراوی یارسان بۆ گەشەپێدانی کلتوور و پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان

سەرەڕای ئەرکی پیرۆز و قورسی پێشمەرگایەتی، سەید سەرهەد سەرۆکی ڕێکخراوی (یارسان)ە بۆ

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku








(گەشەپێدانی کلتوور و پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان) کە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیرییە و بارەگاکەی لە شاری سلێمانییە، بەڵام کار و چالاکییەکانی لەسەرئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە

لەساڵی (٢٠١٧)وە ڕێکخراوەکەی دامەزراندووە و لەگەڵ هاوکارانی، بەردەوامن لە کارکردن بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و بەرقەرارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش کار لەسەر کۆمەڵێک بنەما دەکەن

بۆ فراوانکردنی کارەکانیان و گەیاندنی پەیامی پێکەوەژیان و پێکەوەیی، هەماهەنگیان لەگەڵ نوێنەرانی چەند ئایینێک هەیە، لەوانە ئایینی (ئیسلام، زەردەشتی، بەهایی، ئێزیدی، جوو، مەسیحی، کلدانی و ئاشورییەکان) بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوەکەیان چەندین خول و سیمیناری هۆشیاری لە بواری پێکەوەژیانی ئایینیان سازکردووە و بروانامەیان بە بەشداربووان بەخشیوە

## بەشداربوون لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکان

سەید کاکەیی بۆ گەیاندنی ئامانج و بیروبۆچوونەکانی خۆی، بەشداریی زیاتر لە (١٠٠) کۆنگرە و کۆنفرانس و سیمینار و وۆرک شۆپی کردووە کە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا ئەنجامدراون، توانیویەتی بەپێی توانا کار لەسەر پرسی کورد بکات و بە دەرەوەی بناسێنێت. لە وڵاتەکانی (ئەڵمانیا، هۆڵەندا، تورکیا، ئێران و میسر) بانگێشتیان کردووە و چالاکییەکانی ئەنجامداوە. زیاتر لە (٢٠) بروانامەی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی لە بوارەکەیدا وەرگرتووە کە هەندێکیان وەک پێزانین و ڕێزلێنان پێی بەخشراوە، سەرەرای ئەمەش سەید سەرهەد لە کەناڵە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەشداریی زیاتر لە (٣٠) بەرنامە و پرۆگرامی تەلەفزیۆنیدا کردووە

## بیری سەید سەرهەد

سەید پێیوایە، مرۆڤ ڕێزلێگیراوترین بوونەوەرە و پێویستە هەموو مرۆڤەکان ڕێز لەیەکتری بگرن و سەرجەم جیاوازییەکانی یەکتر قبوڵ بکەن، بەتایبەتی جیاوازییە ئایینییەکان و نابێت بهێڵین تۆی ڕق و کینە گەشەبکات، بۆیە دەبێ یەک قەبوڵکردن بکەینە بنەمای بەیەکەوەژیان و گەشەکردنمان.

ئەو پێیوایە ئەگەر زیاتر پەرە بەم بوارە بدرێت و پاشکشە نەکات، ئەوا پێکەوەژیانی ئایینی لەئاستیکی باشدا دەبێت.

شایانی باسە، تائێستا هیچ پێکدادانێک لەسەر بنەمای جیاوازیی ئایینی لە کوردستان ڕووی نەداوە، ئەمەش مانای وایە کوردستان وڵاتێکی جوان و نموونەیەکی زیندووە لە پێکەوەژیان، هەروەها پێیوایە هەموولایەک کاریگەری ئەرێنییان هەیە لەم بوارەدا

## ئامانجەکانی داهاتوو

ئامانجی داهاتووی ئەوەیە زیاتر پەرە بە ئازادییە ئایینەکان بدرێت و هەمووکەس سەربەخۆ و بێترس بێت لەپەیڕەوکردنی هەر ئایینێک کە بڕوای پێیەتی، دوور لە سووکایەتی و بریندارکردنی هەستی ئایینی یەکتر، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە، بەیەکەوە بژین

سەید کاکایی ئاواتی ئەوەیە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ببینێت و بەناوی دەوڵەتی کوردستان بەشداری لە چالاکییەکانی دەرەوەی وڵاتدا بکات، چونکە ئەوە خەونی ئەوە وەک کوردێک کە ئێستا بە پێشمەرگایەتی خەباتی بۆ دەکات

# کتێبخانەی پێشمەرگە

## کورتەیەك دەربارەی کتێبی

## مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستدا




ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر

**کتێبێکی قەبارە گەورەی ٤٦٢ لاپەڕەیی مێژووییە، گەورە ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی کریس کۆچیرا نووسیویەتی، حەمەکەریم عارف لە فارسییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، ئەمە چاپی شەشەمیەتی کە ژمارە ٥٨ی بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێرە و ژمارە سپاردنی ٧٦٤ی کتێبخانە گشتییەکانی وەرگرتووە و لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، لە ساڵی ٢٠١١ چاپکراوە و بە کۆدی B١٨ گۆشەیەکی لە کتێبخانەی پێشمەرگە ڕازاندووەتەوە. لە لاپەڕەی ١٣ی ئەم کتێبەدا وەک تێبینییەک ئاماژە بەوە کراوە کە ناونیشانی ئەو کتێبە (بزاڤی کوردایەتی)یە، لەبەر ئەوەی سەرەتا بە ناوی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا کەوتووەتە بەر چاوی خوێنەران و بۆ ئەوەی خوێنەران بە کتێبێکی دیکەی نەزانن هەر بەو ناونیشانە چاپکراوەتەوە.**

نووسەر کتێبەکەی دابەشکردووە بەسەر چواربەشی سەرەکی هەر بەشێک دابەش بووە بەسەر چەند فەسڵ و بابەتێکدا

**ناونیشانی بەشی یەکەم** سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردییە. بابەتەکانی ئەو بەشە تایبەتە بە سەرەتای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی کە بە میربەدرخان دەستپێدەکات، دواتر دێتە سەر شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینان و دامەزراندنی کۆمەڵە و یانە کوردییەکان وماڵباتی بەدرخان و شەریف پاشا و ڕەوت و ڕێبازە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و چەند بابەتێکی دیکە.

**بەشی دووەمیان** بە ناونیشانی ساڵانی سەرکوتکارییە کە لە فەسڵی یەکەمدا دەربارەی شۆڕشی کوردستانی تورکیا ١٩٢١، ئاماژە بەم بابەتانە دراوە: ئینگلیزەکان و شۆڕشی کورد، نەخشەی خلیل بدرخان، کۆمەکی یۆنان، بڕیارەکانی چەرچڵ و سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردان. فەسڵی دووەمی ئەو بەشە، تایبەتە بە سمکۆی شکاک و پەیوەندیی سمکۆ و ئینگلیزەکان، تورکەکان و ڕووسەکان و ئەو شەڕانەی لە ١٩٢٢ ڕوویانداوە، لەوانە، شەڕی میاندواو، شەڕی شەکریازی، شەڕی ساریتاش، پێشوازیی شێخ مەحموود لە سمکۆی شکاک و ساڵانی ئاوارەیی. فەسڵی سێیەم دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودە کە کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت، لەوانە: میرفەیسەڵ و ڕیفراندۆمی گشتی و جموجۆڵی تورکەکان، لەگەڵ هەندێک بابەتی دیکە کە پەیوەندیدارە بە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموود و ڕووداوەکانی سلێمانی تا ساڵی ١٩٣٤.

فەسڵی چوارەم تایبەتە بە شۆڕشی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥ و ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤییەت لەم شۆڕشە و کەسایەتی شارەکان و ڕووداوەکانی شۆڕش تا دەگاتە سەرکوتکردن

**فەسڵی پێنجەم** تایبەتە بە کۆماری ئاراڕات لەساڵانی ١٩٢٧ تا ١٩٣١ کە تیایدا، ئاماژە بە دامەزراندنی خۆیبوون و ڕووبەڕووبوونەوەکانی ساڵی ١٩٢٧ ئیحسان نوری پاشا، ڕاپەڕینی ئاراڕات، ململانێکانی نێوان تورکیا و ئێران و بەشداریی شێخ ئەحمەدی بارزان لە شۆڕشدا کراوە

**فەسڵی شەشەم** تایبەتە بە دواشۆڕشی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٥ تا ١٩٣٠ کە بریتین لە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکانی ئەو شۆڕشە

**فەسڵی حەوتەم** تایبەتە بە شێخ ئەحمەدی بارزان و شۆڕشی ئاراڕات لەگەڵ هەندێک بابەتی دیکە، لەوانە: شەڕی شێخ ڕەشیدی لۆلان لەگەڵ چەند باسێک لەسەر لەشکرکێشییەکان بۆ سەر شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵانی ١٩٣١ و ١٩٣٢ و چەند بابەتێکی دیکە

فەسڵی هەشتەم تایبەتە بە شۆڕشی دەرسیم و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە تا دەگاتە گرتنی سەید ڕەزا

**بەشی سێیەم:**

فەسڵی یەکەمی، دەربارەی دامەزراندنی خۆیبوون و شۆڕشی بارزانی و سەرهەڵدانی حزبەکان لە ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ زانیاریی خستووەتەڕوو

فەسڵی دووەمی ئەو بەشە تایبەتە بە سۆڤییەتەکان لە کوردستانی ئێران و کۆماری مهاباد کە کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت، پەیوەندیدارە بە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، لەوانە ئینگلیز و کورد و سۆڤییەتەکان، یەکەم سەفەری ناودارانی کورد بۆ باکۆ لە ١٩٤١ و دەنگدانەوەی ئەو سەفەرە، ترسی تورکەکان لەم بارودۆخە و ڕووخانی کۆماری مهاباد لە ١٧ کانوونی یەکەم ١٩٤٦ و ڕووداوەکانی دواتر

فەسڵی سێیەم لەوبەشەدا تایبەتە بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو ئەو ڕووداوانەی پەیوەندیدار بەو حزبە تا ساڵی ١٩٥٦.

فەسڵی چوارەم تایبەتە بە حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدارە بەو حزبە لە دامەزراندنەوە بۆ کۆنگرە و ڕووداوەکان لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی گرێدراو بە حزبی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد و حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق تا پێش شۆڕشی ١٩٥٨.

**فەسڵی پێنجەم** باسی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ و دوو ساڵی دواتری شۆڕش دەکات کە کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت کە پەیوەندیدارە بە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە و مەسەلەی کورد لەنێو ململانێکاندا

فەسڵی شەشەم بریتییە لە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە دۆزی کورد و ناکۆکییەکانی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی تا دەگاتە کەوتنی عەبدولکەریم قاسم و کاردانەوەی کورد لە ڕووداوەکاندا

فەسڵی حەوتەم چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت کە پەیوەندیدارە بە ڕووداوەکانی دوای ساڵانی ١٩٦٣ لەوانە، جەمال عەبدولناسر، مەسەلەی کورد، ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە و دانووستانەکان و سیاسەتی ئەوکاتەی دەسەڵاتدارانی عێراق

فەسڵی هەشتەم: لەم بەشەدا، باس لە ڕووداوەکانی دوای ساڵی ١٩٦٣ لەوانە پرۆژەی لامەرکەزیی ئیداری، شەڕی بەعسییەکان، سیاسەتی تەعریب، مامەڵەی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە مەسەلەی کورد و هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤییەت لەم قۆناغەدا تا دەگاتە لە دەسەڵاتکەوتنی بەعسییەکان کراوە

فەسڵی نۆیەم تایبەتە بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٤ بۆ ١٩٦٥ و کۆی ململانێکان لەنێوان ئاگربڕ و قەیرانی ١٩٦٤.

فەسڵی دەیەم تایبەتە بە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٥ بۆ ١٩٦٦ی و شەڕی عارف و هەموو ئەو ڕووداوانەی لەو ماوەیەدا ڕوویانداوە

فەسڵی یانزدە تایبەتە بە ڕووداوەکانی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩ کە بابەتەکانی جەنەراڵ عارف و مەسەلەی کورد و ڕۆڵی شای ئێران تا دەگاتە لابردنی جەنەراڵ عەبدولڕەحمان عارف و باسێکیش دەربارەی کورد و بەعس

فەسڵی دوانزەیەم پەیوەندیی بە شەڕی دووەمی بەعسییەکانەوە هەیە لە بەهاری ١٩٦٩ تا بەهاری

١٩٧٠ کە ئەویش کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت لەوانە: ململانێی ئێران و عێراق و سێکوچکەی ئێران، عێراق، کوردستان و دەستوەردانی ئێران لە ساڵی ١٩٦٩ و دواتر مەسەلەی گفتوگۆ و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.

فەسڵی سیانزەیەم تایبەتە بە ئاگربڕی درێژخایەنی ئازاری ١٩٧٠ تا ئازاری ١٩٧٤ کە خۆی لە چەند بابەتێکدا دەبینێتەوە، لەوانە شای ئێران و ڕێککەوتننامەی ئازار و نێوەندگیریی سۆڤییەت و تێکچوونی نێوان بارزانی و بەغدا و هەندێک بابەتی دیکەی پەیوەندیدار بە ئۆتۆنۆمی و ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە

**فەسڵی چواردەیەم** باسی لەشەڕی سێیەمی بەعسییەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ کردووە

**فەسڵی پانزەیەم** ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥ کە کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت لەوانە ڕۆڵی سادات و بومیدیان، کۆنگرەی سەرانی ئۆپیک و ئەو ڕێککەوتنە، خاڵە ڕەسمییەکانی ڕێککەوتنی ئازار و خەڵە نهێنییەکانی ڕێککەوتنەکە و هەڵوێستی کورد دەربارەی ئەم ڕێککەوتنە و دوارۆژەکانی شۆڕشی کورد تا دەگاتە کۆچڕەوی بەکۆمەڵ

بەشی چوارەم:

**چەند فەسڵێک لەخۆ دەگرێت:**

**فەسڵی یەکەم** تایبەتە بە کورد و حزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و حزبی کرێکارانی تورکیا و بابەتێکی دیکەش دەربارەی دووبەرەکی لەنێو حزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، لەگەڵ کۆی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدار بە مەسەلەی کورد تا دەگاتە سەرکوتکاری پاش کودەتای ساڵی ١٩٧١ لە تورکیا

**فەسڵی دووەم** تایبەتە بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٧٦ کە کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت، ئەویش پەیوەندیدارە بە هەڵوێستەکانی ئەو حزبە و کۆنگرە یەک لەدوایەکەکانی

**فەسڵی سێیەم** پەیوەندی بە دۆخی عێراقەوە هەیە لە ساڵی ١٩٧٦دا کە باسی دەزگای سەرکوتکاری و گوشاری بەعسییەکان دەکات لەگەڵ چەند بابەتێکی تر کە پەیوەندیدارە بە دۆزی کورد لە دوای ساڵی ١٩٧٦.

## ئەوکتێبە یەکێکە لەوکتێبە بەسوودانەی کە زانیاری دەربارەی کورد و کوردستان دەدات بەخوێنە



43

## بڵاوکراوەی نوێ

# سێیەمین ژمارەی گۆڤاری یونیپاس بە زمانی کوردی بڵاوکرایەوە

**ئامادەکردنی: رۆڤان رەنج**




ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی وەرزی پیشەیی سەربازییە ، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا وەک کۆڕبەندێک بۆ ئەفسەرانی سەربازی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشووری ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست بڵاوی دەکاتەوە. ئەم ژمارەیە وەرزی سێیەمە. بەرگی دوانزدەی ئەو گۆڤارە خۆی لە چەند بابەتێکدا دەبینێتەوە پەیوەندیدارە بە ڕاوبۆچوونی ئەفسەرانی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا بەشێوەیەکی گشتی، لەوانە سوپای سعوودیە و ئاسایشی ناوچەیی، هەروەها ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و باشووری ئاسیا بۆ بەرگریکردن لە سنوورەکان و مەشقدان.

هەروەها بەدواداچوونێک دەربارەی کۆلێژی جەنگی ئەردەن کراوە لەوەی لەگەڵ سوپا ناوچەییەکان هاوبەشی دروستدەکات، لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی گرنگ لەوانە: ئەرکی فرەنەتەوەیی لەپێناو ئاشتیدا، بەدیهێنانی ئاشتی لەڕێگەی چەسپاندنی یاسا (بابەتێکە پەیوەندیدارە بە عێراق)، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تاوان، هەروەها مەسەلەی وزە و پاراستنی هاوسەنگی بابەتێکی دیکەیە کە وەزیری کاروباری دەرەوەی کویت نووسیویەتی، لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکە کە پەیوەندیدارە بە ئاشنابوون بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی و ئۆپراسیۆنە ئەلیکترۆنی و پێداویستییەکانیان وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی وڵاتان، هەروەها بابەتێکی دیکە تایبەتە بە ڕۆڵی ژنان لەناو هێزە چەکدارەکانی وڵاتی سعوودیا.

کۆمەڵێک بابەتی دیکەی سەبارەت بە ستراتیژیی سەربازی و توانای لۆجستی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا باسکراوە لەوەی لەڕێگەی مەشق و ئۆپراسیۆنەکانەوە تواناکانی خۆیان پەرە پێدەدەن بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی تیرۆر و مەترسییەکانی سەر سنوور ببنەوە و ئاشتی و سەقامگیریی بۆ وڵاتەکانیان دابینبکەن.

43

# پێشمەرگە... هێز و ئینتیما و نیشتمانپەروەری



قارەمان مەهدی

**نیشتمان ئەو شوێن و جوگرافیایەیە کە جێگای لەدایکبوون و نیشتەجێبوونی مرۆڤە. نیشتمان واتا خاک، زمان، کەلتوور، داب و نەریت، ژینگە و ئەو زێدەی مرۆڤ تیایدا پەروەردە دەبێت. نیشتمان واتا ئەو بەهاو پیرۆزیانەی کە ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگەیە رێزیان لێ بگرێت و بیانپارێزێت، وەک ئاڵا، سەرکردە و رابەر، شۆڕش و قوربانیدانەکان، بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل ، یاساو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.**

مرۆڤ بەبێ نیشتمان ناتوانێت پەی بە خۆناسین و رەسەنایەتی خۆی بەرێت و دیرۆک و فەرهەنگی بزانێت. بۆیە هەبوونی ئینتیماو هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی هۆکارێکی گرنگە بۆ هەستکردن بە بوونی خود و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مانەوەو گەشەکردن و سەرکەوتنی هەر تاک و میللەتێک.

مێژوو پێمان دەڵێ کە تاکی کورد هەرگیز لە ئینتیما و هەڵوێستی پارێزگاری لە کوردستانەکەی، لە سۆزو خۆشەویستی بۆ خاک و نەتەوەکەی دانەبڕاوە و ئەگەر ئەم ئیرادەو هەستە جێگیرەش نەبوایە، لەوانەیە لەژێر هەولومەرجە دژوارەکانی داگیرکاری و چەوساندنەوەدا شوناسی نەتەوەیی زۆر کاڵ ببوایەتەوە و ناسنامە و خاکی نیشتمانەکەی لەدەست بدایە، بەڵام لە رابردوو و ئێستاشدا

لای تاکی کورد، خاک و نیشتمان سەنگی مەحەکی ئازاد ژیان و مانەوەو گەیشتن بەژیانێکی ئاسایی و ئامانجە نەتەوەییەکان و سەرفرازی یەکجاریی بووە.

لەم هاوکێشەیەدا، پێشمەرگە وەک کەسایەتییەکی نیشتمانی پێگە و رۆڵی تایبەتی هەیە، چونکە پێشمەرگە سمبولی نەتەوەپەروەری و پێشەنگی خۆشویستن و خزمەتکردنی نیشتمانە، هێمایەکی درەوشاوەی هۆشیاربوون و خاکپارێزییە. پێشمەرگە لە پرسی هۆشیاریی نیشتمانی و بەرگری لە گەل و نەتەوە نەک هەر رەمز و پاڵنەرێکە، بەڵکو توێژێکی سەردەستەیە و پێویستە وەک چەمکێکی سەرەکی لەم پرسەدا، بکرێتە سەرچاوەی هۆشیاری و وزەی خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان.

کرۆک و خواستی ئینتیمای نیشتمانی لای پێشمەرگە لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندی و وابەستەیی تاکە بە نیشتمان، بەرگرییە لە سەروەرییەکانی خاک و نەتەوە. بەشدارییە لە گەشەپێدانی نیشتمانەکەی و شانازییکردنیەتی بە پیرۆزی و ڕەمزەکانی و ڕێزگرتنە لە یاساکانی، لە دواجاریشدا ئامانج، گەیشتن بە گشت مافە نەتەوەیی و نیشتمانی و یاسایی و مرۆییەکان و شەکاندنەوەی بەیداخی سەرفرازیی یەکجارییە.

بۆیە کاتێک کە پێشمەرگە هۆشیاریی خۆی زیاد بکات و خۆی لە ئاستێکی ئەرێنی و درەوشاوەی بەخشین و پەخشی ئینتیما و گیانی فیداکاری بۆ خاک و نیشتمان لەناو کۆمەڵگەدا ببینێتەوە، ئەوکات وەک هێزی پاراستنی ناسنامەو قەوارەی نەتەوەکەی و پێشکەوتنی نیشتمانیانە و بەهێزیی پایەکانی کیانی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی رۆڵێکی کاریگەرتر دەگێڕێت. لێرەوە دڵنیایی و ئومێدی زیاتر لەناو کۆمەڵگە بەهێزترو گەشاوەتر دەبێت و ئاراستەی کۆمەڵگە و کیانەکە و هەنگاوەکانی پاراستن و خۆشگوزەرانی بەرەو ئایندەیەکی خوازراو و باشتر دەچێت.

پێشمەرگە قوتابخانەیەکی پڕ وانەو ئەزموونی خۆشەویستی خاک و نیشتمانە. پێشمەرگە سەچاوە و هاندەری ئینتمای ئاستبەرزی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە بۆ نەتەوەو نیشتمان و قەوارەکەی، بۆیە ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێشمەرگە ئەم ئەرکە پیرۆزەی ئەدادەکات. بەرپرسیارێتییەکی گەورەشە، کە پێشمەرگە زیاتر درک بەم رۆڵە مەزنەی خۆی بکات و لە بەرهەمهێنانی زیاتر و فراوانتری ئەم وزەی خۆشەویستی و پارێزگارییە لە خاک و نەتەوە، سەردەستەبوونی تیایدا کاراتر ببێت و وەک هەمیشە کوانوی ئیرادەی بەهێز و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پڕوپاگەندە پێناسەو ڕەهەندەکانی

ئا: رائد سۆران

**مێژووی پڕوپاگەندە لە ڕاستیدا مێژووی خودی مرۆڤایەتییە، لەو کاتەوەی مرۆڤ دەستی کردووە بە دەربڕینی ڕاو هەڵوێستی خۆی لە ڕێگەی وشە و نووسین و هێماکانەوە، بەردەوام بووە لە گەڕان بەدوای ئامرازە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕێگەی بۆچوون و زیادەڕەوی و شێواندنی ڕاستییەکان و دووبارە داڕشتنەوەی زانیاری و هەواڵەکان بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکەی.**

**پڕوپاگەندە، دەربڕینی بۆچوون یان کردارێکە، کە بە ئەنقەست لەلایەن تاکەکان یان گروپەکانەوە بڵاودەکرێتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی کاریگەرییان لەسەر بۆچوون یان کردارەکانی تاک یان گروپەکانی تر هەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە پێشوەختە دیاریکراوەکان.**




لە سادەترین حاڵەتدا، پڕوپاگەندە، زانیاریی لایەنگری یان چەواشەکارانەیە کە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئەجێندا یان دیدێکی سیاسی بڵاودەکرێتەوە بۆ شێواندنی هەستەکان لە ڕێگەی وێنە، دروشم، بەکارهێنانی زانیاریی هەڵبژێردراو، یان کۆنترۆڵکردن و سانسۆرکردنی ڕاستییەکان.

دیارترین نموونەکانی پڕوپاگەندە لە کاتی شەڕەکاندا ڕوودەدەن، کاتێک حکومەتەکان هەوڵدەدەن گەلەکەیان لە دژی دوژمنێکی هاوبەش کۆبکەنەوە و لەم سۆنگەوە، ئەم تەکنیکە بۆ بەدەستهێنانی ڕای گشتی بە گرنگ دادەنرێت.

لە سەردەمی جەنگی سارددا، هەردوو وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەت و ئەمریکا پڕوپاگەندەیان لە دژی یەکتر بەکارهێنا، هەوڵیان دەدا هەم گەلی خۆیان و هەم دوژمن و نەیارەکانیان قەناعەت پێبکەن کە کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە.

لە کوبای فیدڵ کاسترۆدا، پڕوپاگەندە کوباییەکانی کۆکردەوە بۆ ئەوەی کۆمۆنیزم لە باوەش بگرن.

بەڵام تەنها وڵاتێک یان ڕێکخراوێک یاخود هێزێکی سەربازی و ئەمنی نییە کە پڕوپاگەندە بەکاربهێنن، بەڵکو کۆمپانیاکان و ڕێکخراوەکان و هەڵمەتە سیاسییەکان شێوازی زۆر هاوشێوەی پڕوپاگەندە بۆ کاریگەریکردن لەسەر نرخی پشکەکان یان باروودۆخی بازاڕ بەکاردەهێنن.

پڕوپاگەندەکانی دوژمن و نەیاران، بریتییە لە هەواڵ و زانیاریی ناڕاست و چەواشەکارانە ،

43

# پروپاگەندە
## چەکە کاریگەرەکەی جەنگی دەروونی

ئا: هیوا



پروپاگەندە، چەکە سەرەکی و کاریگەرەکەی جەنگی دەروونییە و سەرەکیترین هەنگاو لە شەڕی دەروونیدا لە رێگەی پروپاگەندەوە دەست پێدەکات.

توێژەران لەو بڕوایەدان، کە جەنگی دەروونی مەترسیدارترە لە جەنگی چەکداری، چونکە لە جەنگی دەروونیدا ململانێ و شەڕەکە ناڕاستەوخۆ و نادیارە، چەندین شێوازی جیاوازی پروپاگەندە بەکاردەهێنرێت و کاریگەری دەخاتەسەر مێشک و ویژدان و ورەو ئیرادەی نەک هەر سەربازەکان، بەڵکو کومەڵگە بەگشتی. ئەم شەڕە کاریگەری لەسەر زۆر لایەن هەیە، وەک بارودۆخی شەڕ و ورەی سەربازو سڤیل، رووداني کارەسات، گرانبوونی نرخ، پەیوەندیی سیاسی و ئابووری، تەنانەت زۆر جەخت لەسەر ورەی خەڵک بە گشتی دەکاتەوە، هەربۆیە بەشێک لە شارەزایان بە شەڕی ئەخلاقی ناوی دەبەن.

مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە مەترسی گوللە و بۆمب و فرۆکە بپارێزێ، بەڵام گوللە و بۆمب و فرۆکەی دەروونی، یاخود جەنگی دەروونی دێتە ناوتەوە بێ ئەوەی پێی بزانی. لەم سۆنگەیەشەوە بەرەی جەنگی دەروونی زۆر بەرفراوانترە لە بەرەی جەنگی سەربازی، چونکە ئەم جەنگە لە یەک کاتدا مەدەنی و سەربازەکان دەکاتە ئامانج و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و گوتە گوت زۆرتر درێژە دەکێشێ. ئەم حاڵەتە نە تەنها لەکاتی شەڕدا، بەڵکو لە ئاشتیشدا بەکاردەهێنرێ. لەم گۆشە نیگایەوە دەکرێ بڵێین، جەنگی دەروونی هەروەکو شارەزایانی سایکۆلۆژیای سەربازی دەڵێن: بریتییە لە بەکارهێنانی پلانی دارێژراو لەلایەن دەوڵەتێک یان کۆمەڵێک دەوڵەت، یاخود دەستەو تاقمێکەوە بە ئامانجی ئاراستەکراو بەرامبەر کۆمەڵێک، جا ئەو کۆمەڵە دەکرێ دوژمن یان دۆست، یان بێلایەن بن، بۆ کارتێکردن لەسەر سۆزو راو بۆچوون و هەڵوێست و رەفتاریان.

کە دەیانەوێت بە خێرایی لەناو کۆمەڵگە و هێزە سەربازی و ئاسایشییەکاندا بڵاوبێتەوە و گومان و دڵەڕاوکێ دروست بکەن، ئیرادە و ورەی تاکەکان برووخێنن. پروپاگەندە جۆرێکە لە هێرش و پەلاماردان کە بە شێوازی جۆراوجۆر ئاراستە دەکرێت.

لە سەردەمی ئێستادا پروپاگەندە بەهۆی تۆڕەکانی سۆشیال میدیاوە رووبەرێکی فراوانی هەیە کە زەمینەی لەبارتریان رەخساندووە بۆ ئەم شەڕە و دەرفەتیان داوە بۆ کورتکردنەوەی کات و مەوداو ئاسان گەیاندنی پەیامەکان.

جۆرەکانی پروپاگەندە

أ- **پروپاگەندی سپی:** بابەتێکی ئاشکرایە و سەرچاوەکەی ناسراوە ، دەتوانرێت بە ئاسانی لێی بکۆڵدرێتەوە و تا رادەیەک مەترسیدار نییە، دیارە کە لایەن، هێزێکی سیاسی، سەربازی، میدیای و ئابووری لە پشتە.

ب- **پروپاگەندەی خۆڵەمێشی:** سەرچاوەکەی دیار و ئاشکرا نییە. روون نییە کێ و کام لایەن ئاراستەی کردووە و هیچ کەس و لایەنێک بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ ناگرێت.

ج- **پروپاگەندی رەش:** ئەو بابەت و پرسانەن کە بە تەواوی سەرچاوەکانیان بزرە و خودی پروپاگەندەکەش دوژمنکارانەیە و جۆرێکە لە هێرش و پەلاماردان.

### شێوازەکانی پروپاگەندە

- پروپاگەندەی هێواش: بە هێواشی دەڕوا و بە هەمان شێوە بە هێواشی وەردەگرێت، رادەی وەرگرتن بەرزەو وەرگر هەست بە راستگۆیی دەکات.
- **پروپاگەندەی خێرا (فریو)** : بەخێرایی بڵاودەبێتەوە، بە خێرایش بزردەبێت.
- **پروپاگەندەی هەڵگەڕاوە:** ئەم جۆرەیان دەردەکەوێ و بزر دەبێت و دواتر ئەگەر بارودۆخ گونجاوبێت بۆی، دەگەڕێتەوە.
- **پروپاگەندەی هێرشبەر** : ئەم جۆرەیان بە شێوازی هێرشکردن بۆ سەر ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستە .
- **پروپاگەندەی چاودێری:** هەوڵدەدات چاودێری رای گشتی شەقام بکات و لە کاتێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت بۆ ئەوەی پەرچەکرداری شەقام بزانێت.
- **پروپاگەندەی رووخان:** بۆ شکاندن و داڕووخان بەکار دێت، لە زۆرترین حاڵەتیشدا هەوڵی شکاندنی کەسایەتی و ناوبانگی لایەن و کەسەکان دەدات.
- **پروپاگەندەی بەهانەهێنانەوە:** کار لەسەر رەوشت و ئاکاری مرۆڤ یان کۆمەڵگە دەکات
- **پروپاگەندەی پێشبینیکراو:** ئەو جۆرەیان لەو کاتەدا خۆی دەردەخات کە چاوەڕوانی هەواڵێک یان رووداوێکە، کە پێشتر لەو جۆرەیان بینیوە.
- **پروپاگەندەی ترس:** کار لەسەر جوڵاندنی هەستی ترسی مرۆڤ دەکات و رووداوێکی دیاریکراو و پێشبینیکراوی بۆ ئامادە دەکات.
- پروپاگەندەی هیوا: کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئومێد و هیوا دەکات لەو کاتانەی کە چاوەڕوانی رووداوێکی پێشبینیکراو دەکات.
- پروپاگەندەی رقلێبوونەوە: کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆکارەکانی رقلێبوونەوە لەسەر کەسێک یان لەناو کۆمەڵێک و نەتەوەیەک دەکات.

### پروپاگەندی ستراتیژی

ئەم جۆرە دەنگۆیە ئامانجیەتی پێشکەوتنێکی ستراتیژی قوڵ لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگەدا بەدەستبهێنێت و ئامادەی بکات بۆ قبوڵکردنی هەندێک دەنگۆ لە داهاتوودا، واتە زەمینە ئامادە دەکات و بەبێ جیاوازی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکاتە ئامانج. بۆ نموونە، تێکدانی متمانەی هاووڵاتیان بە وڵاتێک و بە سیستمەکەیان، کاتێک ئەم ئامانجە هاتەدی، لایەنی دوژمنکار دەتوانێت هەر دەنگۆیەکی حکومەتی ئەو وڵاتە و دەسەڵاتەکەی بڵاوبکاتەوە و خەڵک باوەڕی پێدەکەن، چونکە ئامادەکراوە و زەمینە بۆ ئەوە رەخسێنراوە دەتوانێت هەر پرسێک یان هەر مەرامێک بێنێتەدی.

### پروپاگەندەی تاکتیکی

ئامانجی گەیشتن بە مەرامێکی خێرا و کاتی و ئەنجامێکی بەهێز و دەستبەجێیە. وەک دروستکردنی کەشێکی دیاریکراو لە وڵاتدا، دروستکردنی ئاڵۆزی و پەشێوی، بەدەستهێنانی قازانجێکی دیاریکراو، یان زیانگەیاندن بە لایەنێکی دیاریکراو.

سەرچاوە:
www.almrsal.com

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

# پڕوپاگەندەی پێچەوانە و تەکنیکەکانی بەرپەرچدانەوە



ئا: ئاسۆ محەممەد

**پڕوپاگەندەی پێچەوانە، فرەلایەنە و لەسەر بنەمای شیکارکردن بۆ بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەکانی دوژمن کاری لەسەردەکرێت. دامەزراوە سەربازی و ئاسایشییەکان پێویستە توانایەکی کاراو راستەوخۆیان بو وەڵامدانەوەی پڕوپاگەندەکان و چالاکیی دژەپڕوپاگەندە هەبێت.**

پڕوپاگەندەی پێچەوانە وەڵامدانەوەیە بۆ مەرام، پیلان، هێرش و فشارەکانی دوژمن، بەڵام دەکرێت هەندێجار هێرشبردن بێت نەک بەرگریکردن.

پڕوپاگەندەی دژەهێرش، بەرەنگاری پەیامی شەڕانگێزی دوژمن دەبێتەوە بە پێشبینیکردن و سوودوەرگرتن لە هەڵە و نادروستی و هەڵسەنگاندنی لاوازییەکانی دوژمن و بە ئامانج کردنیان.

شیکردنەوە ئەرکی سەرەکی دژە پڕوپاگەندەیە. شیکردنەوەی بابەتیانە بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ناوەڕۆک نزیک دەبێتەوە و لە بەکارهێنانی سیستەمی پۆلێنکردن و زانیاریی داتابەیسەکانی ئامارەوە، سوودەکانی ئەم شێوازە چەندێتی و جۆری پڕوپاگەندە بەرجەستە دەکات.

دژایەتی پڕوپاگەندەی دوژمن پێویستی بە هەماهەنگی و زانیاری لە هەموو ئاستەکان هەیە.

چەندین تەکنیکی جۆراوجۆر بۆ بەرهەڵستی پڕوپاگەندەی دوژمن هەیە کە بەشێک لەو

**تەکنیکانە بەم شێوەیەی خوارەوەن**

**١ . پڕوپاگەندەی تێکدەری ڕاستەوخۆ:** ئەم تەکنیکە بەرپەچدانەوەی خاڵ بە خاڵی بانگەشە و بابەتی پڕوپاگەندەی بەرامبەرە کە تەکنیکێکی زۆر باشە بۆ کاریگەریی لەسەر لاوازکردن و پووچەڵکردنەوە.

**٢. پڕوپاگەندەی تێکدەری ناڕاستەوخۆ :** ئەم تەکنیکە پرسیار لە ڕەوابوونی هەندێک لایەنی بانگەشە و پڕوپاگەندەکانی ڕکابەر یان سەرچاوەی پڕوپاگەندە دەکات، بەم شێوەیە بەرەنگاری ماهیەتی پڕوپاگەندەکە دەبێتەوە.

**٣. دوورخستنەوە:** ئەم تەکنیکە خۆنمایشکردنی زیاترە بە مەبەستی سەرنجڕاکیشان لەسەر بابەتی پەیوەندیدار وەک وەڵام و پێچەوانەی مەرامەکەی دوژمن

٤. بێدەنگی: ئەم تەکنیکە بە هەر شێوەیەک بێت، وەڵامی پڕوپاگەندە دژەکان ناداتەوە بۆ ئەوەی بێ بایەخیان بکات، یان زیاتر بڵاونەبنەوە.

**٥. فریودان و لاساییکردنەوە:** لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لایەنی پەیوەندیدار پڕوپاگەندەی دوژمن و نەیار دەگۆڕن و ڕووبەڕووی خۆی دەکەنەوە. ئەم تەکنیکە، پێچەوانەکردنەوەی ئەو بابەتانەیە کە دوژمن لە پڕوپاگەندەکانی بەکاری دێنێت.

**٦. کەمکردنەوە:** لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەدا، دان بە پڕوپاگەندەی دوژمن دەنرێت، بەڵام بە کەمترین شێوە باسی دەکرێت و وەک کارێکی هەڵە لێی دەڕوانرێت بۆ ئەوەی متمانە بە پڕوپاگەندەکە نەمێنێت و کەس باوەڕی پێنەکات.

# چەند ڕێگایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پڕوپاگەندە

ئا: بەختیار



١. دوور بکەوەرەوە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوەی باوەڕپێنەکراو.

٢. بە ئاسانی وەڵامی هیچ وتە و دەنگۆیەک مەدەرەوە.

٣. بزانە کە لایک و کۆمێنت بۆ دەنگۆیەک یان زانیارییەکی هەڵە بکەیت، واتا لە زیاتر بڵاوبوونەوەی بەشدار دەبیت.

٤. ناوەڕۆکی دەنگۆ و پڕوپاگەندەکان بە وردی شیبکەوە، وشە و دێڕەکان هەڵبسەنگێنە.

٥. ئەگەر توانیت بەڵگەیەک بخەروو کە پڕوپاگەندە و دەنگۆکە لاوازبکات و پووچەڵی بکاتەوە، ئەگەرنا بێدەنگبە.

٦. تەنها لەسەر بنەمای ئەوەی دەیبیستیت بڕیار مەدە، بەدواداچوونت هەبێت.

٧. وریابە لە ناڕوونی پڕوپاگەندەکان، چونکە بەشی زۆری پڕوپاگەندەکان، ئامانجی شاراوە و مەرامی نادیاریان لەپشتە

٨. پێویستە لە بەرانبەر وێنە و وشە هەستیارەکان هوشیار بیت، نابێت دەنگۆیان لەسەر بڵاوبکەیتەوە.

٩. ئاگاداربە کە بڵاوکردنەوەی دەنگۆیەک یان پڕوپاگەندەیەکی خراپ سوود بە سەرچاوەکەی دەگەیەنێت و بۆ خۆت و دەوروبەریشت دەبێتە زیان.

١٠. دڵنیابە لەوەی ئامانجی پڕوپاگەندە و دەنگۆیەکە چییە و ئاڕاستەکەی چۆنە، تیایدا بەرژەوەندیی کەسی ، گشتی و نیشتمان لەبەرچاوبگرە و لە ئاستی گرنگی و کاریگەرییەکەی تێبگە.

# ئەرکەکانی بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونی

١. هیچ هەواڵێک دەربارەی بارودۆخی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بڵاونەکرێتەوە، چونکە دوژمن دەیەوێ کۆیان بکاتەوە و کەڵکیان لێ وەربگرێت و بەکاریان بهێنێتەوە.

٢. زۆر گرنگە کە نهێنییەکانی ناوخۆ و هێزە سەربازییەکان زۆر پارێزراو بن، بۆ ئەوەی دوژمن سوودیان لێ وەرنەگرێت.

٣. لە ڕێگەی کاری مەیدانی و کۆڕ و کۆبونەوەوە و بەیاننامەی فەرمی و راگەیاندن و سۆشیال میدیاوە، هۆشیاریی نیشتمانی و سەربازی پەرەی پێبدرێت.

٤. هەوڵدان بۆ پتەوکردنی باوەڕبەخۆبوون و ڕوانینی گەشبینانە و هاندانی خەڵک و هۆشیارکردنەوەی ریزەکانی سەربازی بۆ بەشداریکردنی دڵسۆزانە دژ بە پڕوپاگەندەکان لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها پێویستە هەموو چین و توێژەکان بە ڕۆڵی خۆیان هەستن، بۆ نموونە، جووتیارێک کە کاردەکات هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ سەربازێک کە لە بەرەکانی جەنگدایە، ئەو لەبەرەی خەباتی بەرهەم هێناندایە.

٥. بایەخدان بە مەشقی سەربازی و شێوازەکانی بەرگریی مەدەنی، چونکە مەشقکردن، هەستی بەهێز بوون پتەوتر دەکات و وادەکات کە بڕوا بەخۆبوون و شانازییکردن بەهێز ببن. هەروەها دەبێتە هۆی پاراوبوونی زیاتری ورە، بۆ هێرشبردن و بەرگری.

٦. هۆشیارکردنەوەی بەردەوامی ئەندامانی سوپا لە نیەتی دوژمن و بایەخی بەرگریکردن لە نیشتمان ڕوون بکرێتەوە، بە جۆرێک وا تێبگەیەنرێن هەر کەموکورییەک لە ڕاگەیاندنی ئاراستەکراو بۆ سەربازەکان، دەبێتە هۆی دەروازەیەک بۆ هاتنە ناوەوەی پڕوپاگەندەی دوژمن.

٧. پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانە و ڕاستگۆیانە لە نێوان فەرماندە و پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی پڕوپاگەندەی دوژمن بە ئاسانی پووچەڵ بکرێتەوە، هەروەها پێویستە گروپەکانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری لە کەسانی چوست و چالاک و بە توانا و زیرەک دابنرێن بۆ هاوکاریکردنی فەرماندەکانیان لە بواری ڕاگەیاندن و هۆشیاریدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پڕوپاگەندەکان.

٨- بڵاوکردنەوەی گیانی هێرشبردنی سەربازەکان لە کاتی مەشقکردن و چەسپاندنی دیسپلینی سەربازی و گیانی پێکەوەیی.

هەموو ئەمانە هۆکاری گرنگن بۆ پووچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی تێکدەرانە و شکستهێنان بە چەکی جەنگی دەروونی دوژمن و نەیاران.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

# پڕوپاگەندە وەک هێزی نەرم

# لە روانگە نوێیەکانی جەنگی دەروونیدا

لە جیهانی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، پڕوپاگەندە یەکێکە لە کاریگەرترین ئامرازەکانی هێزی نەرم (Soft Power). ئەم چەمکە (هێزی نەرم) کە لەلایەن جۆزێف نای (Joseph S. Nye)-ەوە داهێنراوە، ئاماژە بە توانای کاریگەریدانان لەسەر ڕەفتاری ئەوانی دیکە بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی یان ئابووری دەکات.

پڕوپاگەندە، وەک بەشێک لە هێزی نەرم، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری، بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆجیا بۆ گۆڕینی بۆچوون و هەڵوێستی خەڵک کاردەکات. ئەمە دەکرێت لە ڕێگەی میدیای جۆراوجۆرەوە ئەنجام بدرێت، وەک ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

ئامادەکرنی: ئاکام




## گرنگی پڕوپاگەندە وەک هێزی نەرم لەوەدایە کە:

۱. **کەم تێچووە:** بەراورد بە هێزی سەربازی، پڕوپاگەندە تێچووی کەمتری هەیە.

۲. **درێژخایەنە:** کاریگەرییەکانی دەتوانێت بۆ زۆر بەردەوام بێت.

۳. **بەرفراوانە:** دەتوانێت کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دروست بکات.

٤. **نەرمە:** بەبێ توندوتیژی و زۆرەملێ کاردەکات.

پڕوپاگەندە چەند ڕەهەندە و دەکرێت بەمەبەستی خراپ یان بۆ پەیامی ئاشتی و لێبوردەیی و هاوکات بۆ بڵاوکردنەوەی ڕق و دووبەرەکیش بەکاربهینرێت.

## میکانیزمەکانی کارکردن

پڕوپاگەندە لە ڕێگەی چەندین میکانیزمەوە کاردەکات:

- **دووبارەکردنەوە:** پەیامێک بەردەوام دووبارەدەکرێتەوە تا ببێتە بەشێک لە بیرکردنەوەی خەڵک.
- **سۆزداری:** بەکارهێنانی هەست و سۆز بۆ کاریگەرییدانان لەسەر بیروڕا.
- **سادەکردنەوە:** ئاڵۆزییەکان کەم دەکرێنەوە بۆ پەیامی سادە و ئاسان.
- دژایەتی: دروستکردنی «ئێمە» بەرامبەر بە «ئەوان».

## گرنگی پڕوپاگەندە لەبواری سەربازیدا

پڕوپاگەندە لە بواری سەربازیدا ئامرازێکی بەهێز و کاریگەرە کە بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ستراتیجی شەڕی مۆدێرن. لە ڕاستیدا، زۆرجار دەگوترێت کە شەڕ تەنها لە مەیدانی جەنگدا بەڕێوەناچێت، بەڵکو لەمێنتاڵەتی خەڵک و لە دنیای زانیاری و پەیوەندیدا بەڕێوەدەچێت. لێرەدایە کە پڕوپاگەندەی سەربازی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت.

پڕوپاگەندەی سەربازی تەنیا بۆ کاتی شەڕ

43

نییە. ئەم پرۆسەیە لە کاتی ئاشتیشدا بەردەوام دەبێت. لە کاتی ئاشتیدا، پروپاگەندەی سەربازی هەوڵدەدات وێنەیەکی بەهێز و ئەرێنی لە هێزە چەکدارەکان پیشان بدات، متمانەی گشتی بەدەست بهێنێت و خەڵک بۆ پشتیوانی لە بودجەی بەرگری و سیاسەتە سەربازییەکان رازی بکات.

کاتێک کە هەڕەشەی شەڕ دروستدەبێت، پروپاگەندەی سەربازی چڕتر دەبێتەوە. لەم قۆناغەدا، هەوڵدەدرێت بۆچوونی گشتی بۆ پشتیوانی لە شەڕ ئامادە بکرێت. ئەمە لە رێگەی چەند میکانیزمێکەوە دەکرێت. بۆ نموونە، دوژمن وەک هەڕەشەیەکی گەورە و مەترسیدار پیشان دەدرێت، بەها و شێوازی ژیانی خۆیی وەک شتێکی پیرۆز کە پێویستە بەرگری لێ بکرێت دەخرێتەڕوو، هەستی نیشتمانپەروەری و یەکگرتوویی نەتەوەیی بەهێز دەکرێت.

لە کاتی شەڕدا، پروپاگەندەی سەربازی دەگاتە لوتکەی چالاکیی خۆی. لێرەدا چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە:

**یەکەم:** بەرزکردنەوەی ورەی سەربازان و خەڵکی لە ناوخۆی وڵاتدا: ئەمە لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەوتن، پیشاندانی ئازایەتی سەربازان و بەرجەستەکردنی ئامانجە بەرزەکانی شەڕ دەکرێت.

**دووەم:** لاوازکردنی ورەی دوژمن: ئەمەش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی تواناکانی خۆیی، هەوڵدان بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە ناو هێزەکانی دوژمن و تۆقاندنی سەربازان و خەڵکی دوژمن ئەنجام دەدرێت.

پروپاگەندەی سەربازی رۆڵێکی گرنگ لە شاردنەوەی زانیاریی هەستیار دەگێڕێت. ئەمە دەکرێت زانیاری لەبارەی ژمارەی راستەقینەی کوژراو و برینداران، شکستەکان، یان هەڵە ستراتیجییەکان بگرێتەوە. لە هەمان کاتدا، هەوڵدەدرێت زانیاریی هەڵە بۆ دوژمن بنێردرێت بۆ سەرلێشێواندن و چەواشەکردنی.

لە دونیای ئەمڕۆدا، پروپاگەندەی سەربازی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئینتەرنێت و میدیای دیجیتاڵ بوونەتە گۆڕەپانی سەرەکی ئەم جۆرە پروپاگەندەیە. ئەمە توانای بڵاوبوونەوەی خێرای زانیاری و گەیشتن بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە کاتێکی کورتدا فەراهەم دەکات. هەروەها، بەکارهێنانی هۆشی دەستکرد و تەکنیکە پێشکەوتووەکانی شیکردنەوەی داتا، توانای ئامانجگرتنی وردتر و کاریگەرتری پەیامەکانی پروپاگەندەی فەراهەم کردووە. لەگەڵ ئەوەی کە پروپاگەندەی سەربازی دەتوانێت کاریگەری گەورەی هەبێت، بەڵام مەترسی و کێشەی خۆیشی هەیە. یەکێک لە گەورەترین کێشەکان پرسی ئەخلاقییە. بەکارهێنانی زانیاری هەڵە و فریودان دەکرێت کاریگەری نەرێنی درێژخایەنی لەسەر متمانەی گشتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەبێت. هەروەها، لە ئەمڕۆدا کە زانیاری بە خێرایی بڵاودەبێتەوە، هەڵە یان درۆیەک دەتوانێت زوو ئاشکرابێت و کاریگەری پێچەوانەی هەبێت.

پروپاگەندەی سەربازی تەنیا ئامرازێکە لە ناو کۆمەڵێک ئامرازی تردا کە لە شەڕی مۆدێرندا بەکاردێت. کاریگەری و سەرکەوتنی ئەم جۆرە پروپاگەندەیە بەندە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی و هەماهەنگی لەگەڵ ستراتیجە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی تردا. هەروەها، لە ئێستادا کە خەڵک زیاتر هۆشیار و رەخنەگرە، پێویستە شێوازەکانی پروپاگەندە بەردەوام نوێ بکرێنەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و تەکنۆلۆجیادا بگونجێنرێن.

## کاریگەرییەکانی پروپاگەندە لە پرۆسەی جەنگدا

پروپاگەندە لە جەنگدا تەنیا بۆ دوژمن نییە، بەڵکو بۆ خەڵکی ناوخۆ، سەربازان و تەنانەت وڵاتانی بێلایەنیش بەکاردێت. کاریگەرییەکانی دەکرێت بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:

**١. کاریگەری لەسەر ورەی سەربازان:**

پروپاگەندە رۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوەی ورەی سەربازان دەگێڕێت. بۆ سەربازانی خۆیی، پروپاگەندە هەوڵدەدات هەستی شانازی، ئازایەتی و باوەڕ بە سەرکەوتن بەهێزبکات. چیرۆکی قارەمانێتی، وێنەی سەرکەوتن و پەیامی هاندەر بڵاودەکرێنەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی سەربازان بە گیانێکی بەرزترەوە بجەنگن و ئامادەیی زیاتریان بۆ قوربانیدان هەبێت.

لە لایەکی ترەوە، پروپاگەندە هەوڵدەدات ورەی سەربازانی دوژمن بڕووخێنێت. بڵاوکردنەوەی هەواڵی شکست، نیشاندانی هێزی زۆری بەرامبەر و هاندان بۆ خۆبەدەستەوەدان دەبێتە هۆی لاوازبوونی ورەی دوژمن. ئەمە دەکرێت کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئەدای سەربازی لە مەیدانی جەنگدا هەبێت.

**٢. کاریگەری لەسەر پشتیوانی خەڵک لە ناوخۆدا:**

پروپاگەندە رۆڵێکی سەرەکی لە راکێشانی پشتیوانی خەڵک بۆ جەنگ دەگێڕێت. ئەمە لە رێگەی چەند میکانیزمێکەوە دەکرێت:

- دروستکردنی هەستی هەڕەشە: پیشاندانی دوژمن وەک مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایش و شێوازی ژیان.
- **بەرجەستەکردنی ئامانجە بەرزەکان:** نیشاندانی جەنگ وەک خەباتێک بۆ ئازادی، دیموکراسی یان بەهای پیرۆز.
- **شاردنەوەی لایەنە نەرێنییەکان:** کەمکردنەوەی گرنگی زیانەکان و کوژراوەکان.
- بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەری: هاندانی خەڵک بۆ یەکگرتن لە دژی دوژمن.

ئەم جۆرە پروپاگەندەیە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک زیاتر پشتیوانی لە جەنگ بکەن و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

ئامادەیی زیاتریان بۆ قوربانیدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت و کەمتر ڕەخنە لە حکومەت و سەرکردایەتی سەربازیی بگرن.

**٣. کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی و سەربازی:**

### پڕوپاگەندە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسی و سەربازییەکان هەبێت. بۆ نموونە:

- ڕەواجدان بە بیرۆکەی پێویستی هێرش یان پاشەکشە.
- کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ئامانجە سەربازییەکان.
- دروستکردنی فشار بۆ گۆڕینی ستراتیجی جەنگ.

هەروەها، پڕوپاگەندە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیاری وڵاتانی تر بۆ بەشداریکردن یان دوورکەوتنەوە لە جەنگ هەبێت.

**٤. کاریگەری لەسەر بیروڕای نێودەوڵەتی:**

لە جەنگی مۆدێرندا، ڕاکێشانی پشتیوانی نێودەوڵەتی زۆر گرنگە. پڕوپاگەندە هەوڵدەدات:

- وێنەیەکی ئەرێنی لە هۆکارەکانی جەنگ پیشان بدات.
- دوژمن وەک پێشێلکاری مافی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان وێنابکات.
- پشتیوانی دیپلۆماسی و ئابووری نێودەوڵەتی ڕابکێشێت.

ئەم جۆرە پڕوپاگەندەیە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هاوکاری سەربازی و ئابووری وڵاتانی تر و فشاری نێودەوڵەتی لەسەر دوژمن هەبێت.

٥. کاریگەریی درێژخایەن:

کاریگەری پڕوپاگەندە لە جەنگدا تەنیا بۆ کاتی جەنگ نییە، بەڵکو دەتوانێت کاریگەریی درێژخایەنی هەبێت:

- گۆڕینی تێڕوانینی مێژوویی: پڕوپاگەندە دەتوانێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتی نووسینەوە و تێگەیشتن لە مێژووی جەنگ هەبێت.
- کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان: دەتوانێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێوان وڵاتان هەبێت.
- دروستکردنی ستیریۆتایپ: دەتوانێت وێنەی نەرێنی یان ئەرێنی درێژخایەن لەبارەی نەتەوە یان گرووپێک دروست بکات.

**٦. کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە:**

### پڕوپاگەندەی جەنگ دەتوانێت کاریگەری قووڵی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت:

- **گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان:** بۆ نموونە، بەرزکردنەوەی گرنگی سەربازگەری یان قوربانیدان.
- **کاریگەری لەسەر پەروەردە:** گۆڕینی ناوەڕۆکی پەروەردەیی بۆ خزمەتی ئامانجەکانی جەنگ.
- دروستکردنی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی: دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی نێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

کاریگەریی پڕوپاگەندە لە جەنگدا، بەندە بە چەندین فاکتەر وەک کارامەیی لە بەکارهێنانی، دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئاستی پەروەردە و هۆشیاریی خەڵک و توانای لایەنی بەرامبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی. هەروەها، لە سەردەمی ئێستادا کە خەڵک دەستیان بە سەرچاوەی زانیاریی جۆراوجۆر ڕادەگات، کاریگەریی پڕوپاگەندە دەکرێت لەوەی لە ڕابردوودا هەبووە، جیاوازبێت. لەبەرئەوەی، شێوازەکانی پڕوپاگەندە بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندندان بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەی نوێی زانیاری و پەیوەندیدا بگونجێن.

نموونە کاریگەرەکانی پڕوپاگەندە لە مێژووی جەنگدا

پڕوپاگەندە ڕۆڵێکی گرنگی لەمێژووی جەنگدا بینیوە و یەکێک بووە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتن یان شکست:

**١. جەنگی ئەمەریکا-ئیسپانیا (١٨٩٨):**

ڕۆژنامەکانی ویلیام ڕاندۆڵف هێرست زنجیرەیەک چیرۆکی هەڵبەستراویان بڵاوکردەوە کە ئیسپانیایان وەک دڕندە نیشان دەدا. ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ وروژاندنی پشتیوانی گشتی بۆ جەنگ. ئەم نموونەیە پیشانی دەدات چۆن میدیا دەتوانێت ڕای گشتی بەرەو جەنگ هانبدات

**٢. شۆڕشی ڕووسیا (١٩١٧):**

بەلشەفیکەکان بە سەرکردایەتی لینین، پڕوپاگەندەیان بەکارهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی دروشمی «نان، ئاشتی و زەوی» لە ناو جەماوەردا. ئەم پەیامە سادەیە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر پشتیوانی خەڵک بۆ شۆڕش.

**٣. جەنگی کەنداو (١٩٩١):**

حکومەتی ئەمەریکا و میدیاکان وێنەی جەنگێکی «پاک و دەقیق»یان پیشان دەدا، بە نیشاندانی وێنەی بۆمبە «زیرەکەکان». بەڵام دواتر دەرکەوت کە زۆربەی بۆمبەکان زیرەک نەبوون. ئەمە نموونەیەکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆ دروستکردنی وێنەیەکی پۆزەتیف لە جەنگدا.

**٤.بەهاری عەرەبی (٢٠١١):**

سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان. ئەمە نموونەیەکی نوێیە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ پڕوپاگەندە و دژە-پڕوپاگەندە.

**سەرچاوەکان:**

Taylor, P. M. (2003). - «Munitions of the Mind: A History of Propaganda from the Ancient World to «the Present Era

Jowett, G. S., & O›Don-- nell, V. (2018). «Propa- «ganda & Persuasion

43



# پڕوپاگەندە و لێکەوتەکانی سەرنجە زانستییەکانی سایکۆلۆژیا

ئامادەکرنی: هاوکار محەممەد

**پڕوپاگەندە بریتییە لە بەکارهێنانی زانیاری و بیرۆکە، یان پەیام بۆ داڕشتنی بیروباوەڕ و هەڵوێست و کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵگە. بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندە لە ڕێگەی کەناڵە میدیاییە جیاوازەکانەوە لەوانە چاپکردن، پەخشکردن، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و گوتاری گشتی، دەکرێت لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنی هەبێت و بە ئامانجی پێشخستنی کارنامە یان ڕوانگەیەکی دیاریکراو، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات. زۆرجار حکومەتەکان، پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان و تاکەکان پڕوپاگەندە بۆ ئامانجی جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە، لە هەڵمەتە سیاسییەکانەوە تا کۆکردنەوەی پشتیوانی لە کاتی جەنگدا.**

بە درێژایی مێژوو، پڕوپاگەندەی سەربازی ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لەسەر بیرورای گشتی و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ هەوڵەکانی جەنگدا هەبووە. لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، هەردوو زلهێزی هاوپەیمانان و میحوەر تاکتیکی، پڕوپاگەندەی بەرفراوانیان بۆ وەرچەرخانی هەستی گشتی و بەهێزکردنی هەوڵە سەربازییەکان بەکارهێنا. کاریگەریی میراتی پڕوپاگەندەی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر سیاسەتی گشتی، ئابووری، سەربازی و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستاش بەردەوامە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە دەتوانرێت وەک ئامرازێکی بەهێز، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بیرورا و ڕەفتاری گشتی هەبێت، خزمەت بە ئامانجە ئەرێنییەکان بکات، وەک بەرزکردنەوەی مۆراڵ لە کاتی قەیرانەکاندا، بەڵام زۆرجار پڕوپاگەندە بۆ فریودان و بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە بەکاردەهێنرێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، پڕوپاگەندە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەیە.

کاریگەریی ئەرێنی پڕوپاگەندەی سەربازی

پڕوپاگەندەی سەربازی، لە کاتێکدا زۆرجار بەهۆی لایەنە نەرێنییەکانیەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت، بەڵام دەتوانێت چەندین کاریگەریی ئەرێنی بەدوای خۆیدا بهێنێت، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانی و پەروەردەکردنی بوێری و یەکێتیی نەتەوەیی لە کاتی ململانێدا. لێرەدا چەند کاریگەرییەکی ئەرێنی سەرەکی دەخەینەڕوو:

**١. بەرزکردنەوەی مۆڕاڵ و متمانە:** پڕوپاگەندە دەتوانێت بۆ سەرباز و خەڵکی مەدەنی بە تیشک خستنەسەر سەرکەوتنەکان و کردەوەی بوێری و قارەمانێتی، ئیلهامبەخش بێت. ئەمەش نەک هەر هەستکردن بە شانازی و متمانە باوەڕبەخۆبوون دەچێنێت، بەڵکو هاندەری بەردەوامی خزمەتکردنە لە هەردوو سەردەمی ئاشتی و جەنگدا. بە پێشکەشکردنی پەیامی گەشبینانە، پڕوپاگەندە یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، بەمەش ئارامی و

ئەم گۆڤارە لەماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

ئاسایشی گشتی دەپارێزێت.

**٢. پەروەردەکردنی یەکێتی نەتەوەیی:** پڕوپاگەندە دەتوانێت بە کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری دۆزی هاوبەش و بەرزکردنەوەی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و هەستی نیشتمانپەروەرانە، یەکێتی نەتەوەیی بەهێزبکات. هاوکات بە جەختکردنەوە لەسەر تەوەر و هێماکانی نیشتمانپەروەری، هەستی خۆشەویستی و دڵسۆزی بەرامبەر بە نیشتمان زیادبکات.

**٣. ئاگادارکردنەوە و کۆکردنەوەی خەڵک:** پڕوپاگەندەی کاریگەر دەتوانێت خەڵک لەسەر ڕێوشوێنی پاراستنی سەلامەتی و ڕێگاکانی پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی بەرگری، هاندان بۆ بەشداریی چالاکانە لە ئەرکە سەربازییەکان یان هەڵمەتەکاندا، پەروەردە بکات، بەم شێوەیە پشتگیریی لە هێزە چەکدارەکانی میللەت بەهێزتر دەکات.

**٤. پشتیوانیکردن لە سەقامگیریی ئابووری:** پڕوپاگەندە ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە بەرەوپێشبردنی سەقامگیریی ئابووری، لەڕێگەی هاندانی پاشەکەوتکردن و دەستپێشخەریی دارایی، پشتیوانیکردن لە ئابووریی جەنگ دەگێڕێت. دابینکردنی سەرچاوە بۆ سەربازی مسۆگەردەکات، دەبێتە پاڵنەر بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان و بەشداریکردنی کرێکاران لە پیشەسازییەکانی پەیوەست بە شەڕدا، بەمەش سەربازەکان لە هەبوونی کەرەستەی پێویستی سەربازی دڵنیا دەبنەوە.

**٥. پاراستنی ناسنامەی کولتووری:** پڕوپاگەندە دەتوانێت لە پاراستن و بەرەوپێشبردنی شوناس و بەهاکولتوورییەکان یارمەتیدەر بێت. خەڵک پەروەردەبکات و هەستی بەردەوامی و بەرخۆدان لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان لە ڕێگەی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی ئازایەتی و قوربانیدان بەهێزبکات، کە دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە گێڕانەوەی کولتووری نەتەوەکەدا.

پڕوپاگەندەی سەربازی زۆرجار پەیوەستە بە واتا نەرێنییەکانەوە، بەڵام دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی بەرچاوی هەبێت، بەتایبەتی لە کاتی ململانێدا، دەتوانێت ورەی سەربازان بەرزبکاتەوە، هەستی نیشتمانپەروەری بەرەوپێش ببات، خەڵک ئاگاداربکاتەوە و لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا کۆیان بکاتەوە، بەرپەرچی پڕوپاگەندەی دوژمن بداتەوە، پشتگیری لە سەقامگیریی ئابووری بکات و ناسنامەی کولتووری بپارێزێت. تێگەیشتن لەم پرسە یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی دیدێکی هاوسەنگ بۆ ڕۆڵی پڕوپاگەندە لە چوارچێوەی سەربازی و نیشتمانیدا.

کاریگەریی نەرێنی پڕوپاگەندەی سەربازی پڕوپاگەندەی سەربازی کە زۆرجار لە کاتی ململانێدا بۆ کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی و ورە بەکاردێت، دەتوانێت چەندین کاریگەریی زیانبەخشی لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکان هەبێت. لێرەدا هەندێک لە کاریگەرییە نەرێنییە سەرەکییەکان دەخەینەڕوو:

**١. بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە:** شێواندنی ڕاستییەکان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی درۆ یان زیادەڕۆیی، ئامانج لەم جۆرە پڕوپاگەندەیە گۆڕینی تێڕوانینی گشتی و دابەزینی ورەیە.

**٢. ڕەوایەتیدان بە توندوتیژی:** زۆرجار بەهۆی پڕوپاگەندەوە دوژمن دیمەنێکی نامرۆڤانە وێنادەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕق و کینە و ڕەوایەتی دەدات بە توندوتیژی، ئەمەش زۆرجار دەکرێت سەرباز و هاووڵاتیانی مەدەنی بە هەمان شێوە هەست بە ڕەوایەتی بکەن لە ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی دژی نەیارەکانیان.

**٣. هەڵدانی ترس و دڵەڕاوکێ:** ئەو پڕوپاگەندانەی کە بۆ هاندانی ترس داڕێژراون، دەبنە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و تێکدانی ژیانی ڕۆژانە. بەرکەوتنی بەردەوام بە پڕوپاگەندەی

## کاریگەریی میراتی پڕوپاگەندەی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر سیاسەتی گشتی، ئابووری، سەربازی و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستاش بەردەوامە.

ترسناک دەتوانێت ببێتە هۆی زەبر و زەنگی دەروونی درێژخایەن، بەتایبەتی بۆ منداڵان و خەڵکی مەدەنی.

**٤. سەرکوتکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** پڕوپاگەندە دەتوانێت مشتومڕی تەندروست و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بخنکێنێت، بە ئامانجی گەیشتن بەو مەرامەی کە هاووڵاتی کەمتر ئاگاداری زانیاریی هەواڵی ڕاست ببێت.

**٥. تێکدانی متمانە بە دامەزراوەکان** بەکارهێنانی بەربڵاوی پڕوپاگەندە، درۆ و فریودان ئاسایی دەکاتەوە، متمانە بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەشێوێنێت. دەتوانرێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکانی جەنگ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەکاربهێنرێت.

**٦. دروستکردنی دوژمنایەتی درێژخایەن:** پڕوپاگەندە دەتوانێت تۆی دوژمنایەتی درێژخایەن بچێنێت، ئاشتەوایی دوای شەڕ و هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتی ئاڵۆز و

43

تۆمارە مێژووییەکان دەسکاری و تێگەیشتن و فێربوون لە ململانێکانی ڕابردوو قورستر بکات، بەمەش خولگەی توندوتیژی و تێنەگەیشتن بەردەوام دەبێت.

**٧. خراپ تەرخانکردنی سەرچاوەکان:** زۆرجار پروپاگەندە خەرجییە سەربازییەکان لە پێشینەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دادەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپ تەرخانکردنی سەرچاوەکان و فشاری ئابووری و پەککەوتن. ئەو ترس و ناسەقامگیرییەی کە بەهۆی پروپاگەندەوە دروست دەبێت، دەتوانێت بازاڕ و وەبەرهێنان و چالاکییە ئابوورییەکان تێکبدات و زیان بە هاووڵاتییان بگەیەنێت.

لە کاتێکدا کە پروپاگەندەی سەربازی دەتوانێت وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی و بەرزکردنەوەی مۆراڵ لە کاتی شەڕدا بەکاربهێنرێت، بەڵام کاریگەرییە نەرێنییەکانی قووڵ و دوورمەودان کە خۆیان لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و پەروەردەکردنی ڕق و سەرکوتکردنی نارەزایەتی، زیانگەیاندن بە تەندروستی دەروونی و تێکدانی ئاشتی و سەقامگیری دەبیننەوە.

## ستراتیژییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پروپاگەندە و زانیاریی هەڵە

**١. پەروەردەکردنی کۆمەڵگە:** چۆنیەتی ناسینەوە و پشتڕاستکردنەوەی زانیاری، باشترکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، دەتوانرێت ببێتە پاڵنەرێکی باش یارمەتی کۆمەڵگەکان بدات لە بنیاتنان و تێگەیشتنی زانیارییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیادا.

**٢. هاوبەشییەکانی سوودوەرگرتن:** هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە جیاوازەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی کاریگەر لە دژی زانیاریی هەڵە. ئەم هاوبەشییانە دەتوانن خۆڕاگری کۆمەڵگە بەرزبکەنەوە و لە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەشداری بکەن.

**٣. چاودێریکردنی سۆشیال میدیا:** چاودێریکردنی چالاکانەی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بۆ دەستنیشانکردن و وەڵامدانەوەی خێرای زانیارییە هەڵەکان. بەشداریکردن لەم ڕێبازە چالاکانەدا دەتوانێت ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی پروپاگەندەی زیانبەخش پێش ئەوەی ڕەگ داکوتێت، بکات.

**٤. بەرەوپێشبردنی بەشداریکردنی بنیاتنەر:** هاندانی بەشداری چالاکانە لە گفتوگۆکان و هەوڵەکانی پشکنینی ڕاستییەکان. بەشداریکردنی کۆمەڵگە لە بەرەنگاربوونەوەی زانیاریی هەڵەدا دەتوانێت کۆمەڵگەیەکی ئاگادارتر و وریاتر پەروەردە بکات.

## پروپاگەندەی دیجیتاڵی

پروپاگەندەی دیجیتاڵی ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی، بەتایبەتی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و بەرەوپێشبردنی ئەجێندای سیاسی. سۆشیال میدیا بووەتە سەرچاوەیەک بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەی خێرای هەواڵەکان. سوودوەرگرتن لە سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان، ئێستا بووەتە لایەنێکی سەرەکی بۆ بواری سەربازی، ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات بینەرانی تایبەت بکەنە ئامانج و پەیامەکانیان بگەیەنن. بوونی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لەهەموو شوێنێک، دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکانی ئاسانتر و کاریگەریی پروپاگەندەی سەربازی زۆر فراوانتر کردووە، کە دەتوانرێت بۆ بڵاوکردنەوەی «هەواڵی ساختە» و دەستکاریکردنی ناوەڕۆکی هەواڵ بەکاربهێنرێت، لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا، بۆ پشتیوانیکردن لە ئامانجەکان بە هاندانی هێزی دۆست و بێ ورەکردنی دوژمن بەکاردەهێنرێت. ئەم ڕێبازە بووەتە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە شەڕی مۆدێرندا.

## چالاکییەکانی پروپاگەندەی دیجیتاڵی

**١. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** وەک فەیسبووک، تویتەر، تێلگرام و ئینستگرام کە دروستکردنی ئەکاونتی ساختە لەم تۆڕانە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە، یان دروستکردنی وەهمێک بۆ پشتیوانی بەربڵاو باوە. وەک دروستکردن و دابەشکردنی ناوەڕۆک: بەرهەمهێنان و هاوبەشکردنی وتار، وێنە و ڤیدیۆ، بۆ قایلکردن یان هەڵخەڵەتاندن دیزاینکراوە.

**٢. ڕیکلامی ئامانجدار:** بەکارهێنانی شیکردنەوەی داتا بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسیی گونجاو بۆ گروپە دڕبەرەکان.

**٣. هێرشی ئەلیکترۆنی:** هاککردن یان داخستنی وێبسایتەکان بۆ سەرکوتکردنی بۆچوونی دژەکان یان پچڕاندنی کەناڵەکانی پەیوەندی.

**٤. پروپاگەندەی دیجیتاڵی** دەتوانرێت لەلایەن حکومەتەکان، پارتە سیاسییەکان، گروپە چالاکوانەکان و ڕێکخراوەکانی ترەوە بەکار بهێنرێت بۆ کاریگەری لەسەر ڕای گشتی، هەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان. بۆیە دەشێت کاریگەریی قووڵی هەبێت، دیمەنی سیاسی و گوتاری گشتی بگۆڕێت.

چاودێریکردنی سۆشیال میدیا زۆر گرنگە بۆ ناسینەوە و وەڵامدانەوەی ئەو هەواڵە چەواشەکارانەی کە لەلایەن نەیارەکانەوە بڵاودەکرێنەوە. ئەمەش ڕێگە بە سەرباز دەدات، زانیارییەکان کۆنترۆڵ بکات و هەوڵەکانی پروپاگەندەی دوژمن تێکبدات. سەردەمی دیجیتاڵی بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی پروپاگەندەی سەربازیی فراوانتر کردووە، ئەمەش ڕێگەی بە کاریگەری زیاتری ئامانجدار و گشتگیر و تەکنەلۆژیای ئاڵۆزتر داوە کە ڕەوتی ململانێکان سنووردار بکات.

سەرچاوەکان
• Jarred Prier, Commanding the Trend: Social Media as Information Warfare, Vol. 11, No. 4 (WINTER 2017), pp. 50-85.
• David Tubbs, Perry G. Luzwick, Technology and Law: The Evolution of Digital Warfare, international Law studies, volume 76.

43

# چۆن بەرەنگاری جەنگی دەروونی ببینەوە؟

ئامادەکردنی: لالۆ کەلاری

**جەنگی دەروونی، واقیعێکی کۆنە و لە دروستبوونی ململانێی مرۆڤەکانەوە سەری هەڵداوە. مرۆڤ هەر لە کۆنەوە، شێواز و ئامرازی جۆراوجۆری بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و ورەی ئەوانی دیکە بەپێی ویستی خۆی بەکارهێناوە. ئەم جەنگە جیاوازە لە جەنگی تەقلیدی و بەتەنها نابێتە هۆی وێرانکردنی باڵەخانە و شەقامە و پردەکان و چەکەکانیشی تفەنگ، تۆپ، تانک و زرێپۆش و فڕۆکەی سەربازی نییە و تەقەمەنییەکەیشی بارووت و TNT نییە، بەڵکو جەنگێکە کار لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی و هەست و سۆزی تاکەکان و لەناوبردنی عەقڵ و بیرکردنەوە، متمانە، بیروباوەڕ و ورەی کۆمەڵگە دەکات و چەکەکەیشی، وتە و وتارە و خۆی لە وروژاندنی بابەتی کاریگەر و بڵاوکردنەوەی چەواشەکاری، ترس، تۆقاندن و لەکەدارکردنی رەمز و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە، هەربۆیە دەوترێت جەنگی دەروونی لەڕووی تێکدانی دەروون و لەناوبردنی ورەی مرۆڤەکانەوە، زۆر زۆر لە چەك بەهێزترە.**



## ئامانجەکانی جەنگی دەروونی

ئاشکرایە ئەنجامدانی جەنگی دەروونی کۆمەڵێک مەبەست و ئامانجی لەپشتەوەیە کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا بخرێنەڕوو کە گرنگترینەکانی ئەمانەن:

١. لەناوبردنی بەها و ئەخلاقی ئەو گەلەی کە شەڕی دەروونی بەرامبەری دەکرێت.

٢. شێواندنی تێڕوانینی سیاسی و لەناوبردنی ئایدیا و بیروباوەڕیان.

٣. بڵاوکردنەوەی نائومێدی و تێکشکاندنی ورەی خەڵکی و گۆڕینی بیروباوەڕیان بۆ ئەو بابەتەی جەنگەکەی لە پێناودا کراوە.

٤. زیادکردنی درز و کەلێن و جیاوازییەکان لە نێوان دەسەڵات و گەلەکەیدا.

٥. دروستکردنی ناکۆیی ناوخۆیی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە دروستکردن لە نێوان خەڵکیدا.

٦. پچڕاندنی پردی متمانەی لە نێوان دامودەزگا سەربازی، ئەمنی، مەدەنییەکان و هاووڵاتیاندا.

٧. لێدان لە رەمز و پیرۆزییەکانی وڵات بۆ ئەوەی تاکەکانی هیچ سۆز و خۆشەویستییەکیان بۆیان نەمێنێت.

چۆن بەرەنگاری جەنگی دەروونی ببینەوە؟

بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونی پێویستی بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک رێگا و ئامرازی کاریگەر هەیە کە دەکرێت دیارترینیان بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە:

**یەکەم: لەسەر ئاستی خودی:**

١. کاتێک هەواڵێکتان پێدەگات، یەکسەر بڕوای پێ مەکەن و بە وردیی لە ڕاستی و دروستی بکۆڵنەوە، ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

**(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَٰدِمِينَ) الحجرات:٦.**

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناون ئەگەر کەسێکی متمانەپێنەکراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان، خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕووندەبێتەوە، نەوەکو بەنەزانی ئازارو ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن، جا دوایی پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کەپێی هەستاون).

٢. گرنگینەدان بە پڕوپاگەندە و بڵاونەکردنەوەی هەواڵە گوماناوی و ناڕوونەکان.

٣. نەکەوتنە ژێرکاریگەری ئەجێندا و بەرنامەکانی پشت ڕووداو و پڕوپاگەندەکان، چونکە لە پشتی هەر دەنگۆ و پڕوپاگەندەیەکەوە، کۆمەڵێک پەیامی شاراوە هەیە و دەیەوێت پەلکێشی ناو ئەو بابەتەت بکات کە خۆی دەیەوێت.

٤. نەنواندی نەرمی بەرامبەر بەو کاروبارانەی کە چارەنووسسازن و ئاسایشی وڵات دەخەنە مەترسییەوە.

٥. باوەڕبوون بە پاشخانە فکری و نەتەوەیی



و نیشتمانییەکان و ڕێزگرتن لە خەبات و قوربانیدانەکانی ڕۆڵەکانی گەلەکەت، چونکە هەمیشە دوژمنەکانمان کار لەسەر ناشیرینکردنی سەرکردەکان و ڕەمزەکان و پیرۆزییەکان دەکەن، دەیانەوێت پێت بڵێن، ئەوانە کە کەسە دیار و ناسراوەکانی تۆن وەها بوون، کەواتە تۆ هەر هیچ نیت. دوژمن بە بەرنامەی زانستیانە کاردەکات و باش دەزانێت کاتێک کە مرۆڤ پیرۆزییەکانی لە دەستبدات و هیچ شتێکی نەمێنێت کە شانازیی پێوە بکات، ئەوا ئۆتۆماتیکیەن دەڕووخێت و لەناودەچێت.

٦. دڵنیابە لەوەی کە نەیارەکەت ئەگەر ڕاستیەکیشت پێ بڵێت، ئەوا درۆیەک و پەیامێکی ئامانجداری لەپشتەوەیە، بۆیە بە وریاییەوە شیکاری ئامانجەکانی بەرامبەرت بکە.

٧. دوورکەوتنەوە لە دەستاودەست پێکردنی گومان و بڵاوکردنەوەی بیروڕای خراپ و وەرەڕووخێن لە ناو خەڵکدا.

٨. لەکاتی نەمانی وەرەت یان تێکشکانی کەسێتیی، پەنا ببە بەر دۆست و کەسانی گەشبین و دڵسۆز.

٩. خۆدوورگرتن لە ترس و دڵەڕاوکێی بەکۆمەڵ: وزە نەرێنییە بەکۆمەڵەکان (سلبی)، گەورەتر و بەهێزترە لە وزەی تاک، مەهێڵە ترس بخزێتە ناودڵتەوە و ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست مەکە، باحاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێی بەکۆمەڵ دروست نەبێت.

١٠. وزەی ئەرێنی خۆت زیاد بکە: وزە ئەرێنییەکانت بەرزبکەرەوە لەڕێگەی گەشبینی و خوێندنەوەی کتێب و بابەتی بەسوود و هیوابەخش و بەشداریکردن لە کۆڕو کۆبوونەوە ئیجابییەکان و هاوڕێیەتی کردنی کەسانی دڵسۆز و بەئاگا و هۆشیار.

١١. ئارامگرتن و هێوربوونەوە: ئارامگرتن کلیلی سەرەکی سەرکەوتن و زاڵبوونە بەسەر دڵەڕاوکێی و فشارە دەروونییەکاندا، چونکە کارێکی ئاسان نییە، کاتێک زۆرینەی خەڵک باسی هەندێک بابەت و هەواڵ دەکەن و چەندین بیرۆکە بڵاودەبنەوە، بۆیە کاتێک گوێت لەم هەواڵە دەبێت، ئارامبە و بەهێمنی بیر لەشتەکان بکەرەوە.

١٢. پشوودان بە مێشک، پشوویەک بدە بە مێشکت، هەوڵبدە خۆت دووربگریت لە تەوژمی ئەو دەنگۆ و هەواڵە بێزارکەرانە. بۆ ماوەیەک سەرچاوەکانی ئەو جۆرە فشارانە بپچڕێنە، وەک کوژاندنەوەی تەلەفزیۆن و مۆبایلەکەت بۆ ئەوەی بتوانیت کۆنترۆڵی ئەو زانیارییە نوێیانە بکەیت کە مێشکت وەریدەگرێت و شیکردنەوەیان بۆ بکەیت.

**دووەم : لەسەر ئاستی دەوڵەت:**

١. بەرەنگاربوونەوەی چالاکیی گروپە دوژمنکارە ناوخۆییەکان , یان ئەوەی پێی دەڵێن تابووری پێنجەم، چونکە تابووری پێنجەم چەکێکی کاریگەرە کە ئەرکەکەی تێکشکاندن و لاوازکردن و پارچەپارچەکردنی ناوخۆی کۆمەڵگایە. ئەوەش لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و هەواڵی ناڕاست و ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو هاووڵاتیاندا و دروستکردنی ململانێی نەتەوەیی و تائیفی لە نێوانیاندا و هەستان بەکاری ئاژاوەگێڕی و تێکدەرانە. پێویستە ڕێوشوێنی تایبەت بگیرێتەبەر بۆ وەستانی چالاکییەکانیان و لەناوبردنی سەرچاوەکانیان. لێرەدا دەبێت ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرپرسیارانە و پێشەنگی خۆی ببینێت لە ئاشکراکردنی مەبەست و پیلانەکانی دوژمن بۆ ڕای گشتیی ناوخۆیی، ئەویش بە دانانی سیاسەتێکی ڕاگەیاندنی نیشتمانی.

٢. دانانی پلان و بەرنامەی تۆکمەی هۆشیاریی بە مەبەستی پەرەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی لای هاووڵاتیان، و ڕوونکردنەوەی مەترسی گروپە دوژمنکارەکان و ناساندنی ئامراز و شێوازە تێکدەرانەکانی دوژمن.

٣. بەدیهێنانی یەکگرتوویی نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دابەشبوون.

٤. گرتنەبەری ڕێوشوێنی کارا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەنگۆ و پڕوپاگەندەکان و ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی خێرایی و بەزانیاریی دروست و مەنتیقی و بەبێ پێچ و پەنا و دوور لە شێوازەکانی خۆدزینەوەم بۆ ئەوەی متمانەی خەڵک لەدەست نەدرێت.

٥. دروستکردن و قوڵکردنەوەی پردی متمانە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا، گوێگرتن لە داخوازی و گلەیی و بیروبۆچوونەکانیان و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا.

٦. بڵاوکردنەوە هۆشیاریی ئەمنی و قوڵکردنەوەی گیانی فیداکاری و قوربانیدان و پتەوکردنی یەکڕیزی نیشتمانی.

٧. چەسپاندنی یاسا و دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بۆ گەشەکردنی هەستی خۆشەویستی نیشتمان و ڕێگاگرتن لە دروست بوونی ئاژاوە و پیلانگێڕی.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## تیرۆری مەعنەوی

# ئامانج و هۆکارەکانی دەرکەوتنی

ئامادەکردنی: موقەدم میرزا داود رەسول



**فۆرم و شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەیاران جیاوازن. هەندێجار لە شێوەی شەڕێکی زبردایە و خۆی لە بەکارهێنانی هێزی مادیی بۆ لاوازکردن یان لەناوبردنی نەیارەکە دەبینێتەوە، هەندێکجاریش لە شێوەی شەڕێکی نەرمدایە و نەیارەکەی تێدا بە ئامانج دەگیرێت و ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆری بەدەر لە هێزی فیزیکی بەکاردەهێنرێت.**

«تیرۆری مەعنەوی»یش یەکێکە لە شێوازەکانی جەنگی نەرم و بریتییە لە زیانگەیاندن بە کەسایەتی بەئامانجگیراو و ناشیرینکردنی وێنەکەی لەبەردەم خەڵکدا، لەڕێگەی گومان لەسەر دروستکردن، بە بڵاوکردنەوەی تۆمەت و پروپاگەندە و دەنگۆی ناراست لەبارەیەوە. ئەم شێوازەش زۆر لە تیرۆری جەستەیی بە ئازارترە و لەسەر شێواندنی کەسایەتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاردەکات.

پرۆسەیەکی هێرشبەرانەی بە ئەنقەست و بەردەوامە بۆ لەناوبردنی متمانە و ناوبانگی مرۆڤێک، دامەزراوەیەک، ڕێکخراوێک، گروپێکی کۆمەڵایەتی یان نەتەوەیەک. مەبەستی، شێواندنی وێنەی کەسایەتییە بە ئامانجگیراوەکانە و دەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵگە لەڕووی دەروونی و ئەخلاقییەوە، بە جۆرێک، سێبەر و کاریگەرییەکەی بەسەر قوربانییەکەوە دەمێنێتەوە، تەنانەت دوای مردنیشی زیانێکی زۆر بەخۆی و نەوەکانی دواتری دەگەیەنێت، بەجۆرێکی وەها کە دەکرێت ببێتە هۆی شێواندنی مێژوو.

تیرۆری مەعنەوی یەکێکە لەو مۆدێلە کۆنانەی تیرۆرکردن کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە و بگرە بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیاوە کاریگەرییەکەی بەهێزتربووە. هەموو ئایین و یاسامرۆییەکان، تیرۆری مەعنەوی ڕەتدەکەنەوە و بە تاوانیشی دەزانن، کە لە قسە و قسەڵۆک، تۆمەت دروستکردن، ساختەکاری، بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاست و سووکایەتیکردن بە ناوبانگی تاک و دەوروبەرەکەی خۆی دەبینێتەوە.

ڕەنگە مرۆڤێک لەڕووی جەستەییەوە تیرۆر بکرێت، لە چاوی خەڵکدا ببێتە پاڵەوان، یان بە هەر هۆکارێک بێت، هاوسۆز و پشتیوانیکردنی بۆ پەیدا ببێت، بەڵام لە کوشتنی مەعنەوییدا، کەسەکە هەرچەندە بە زیندوویش بمێنێتەوە ئەوا وێنەیەکی لە ڕادەبەدەر نەرێنی و شێواوی بۆ دروست دەبێت و لە نێو کۆمەڵگەکەیدا دەبێتە کەسێکی بێزراو و ڕەتکراوە.

کەسە بەئامانجگیراوەکە دەکەوێتە ژێر چاودێریکردن و شوێنپێ هەڵگرتن و سیخوڕی لەسەرکردن و لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆن و نوێی دەکرێت، بە ئامانجی دۆزینەوەی هەڵەیەک کە بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ناوزڕاندن و سووکایەتی پێکردن کەلکی لێ وەبگیردرێت، ئەگەر هەڵەیەک بدۆزرێتەوە، بازنەکەی فراوان دەکرێت. لەگەڵ زیادکردنی کۆمەڵێک شتی دیکە بۆی، بۆ ئەوەی بەجۆرێک تاوانبار بکرێت کە لێبوردنی ئاستەم بێت و ئەگەر هیچ هەڵە و کەموکورتییەکیش نەدۆزرێتەوە، ئەوا کۆمەڵێک تۆمەتی ناڕاست و دەنگۆی بۆ هەڵدەبەسترێت و لە دەزگاکانی

راگەیاندن و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا بە بەردەوامی دووبارە دەکرێنەوە.

ئەو کەسەی کە تیرۆری مەعنەوی ئەنجام دەدات، بە بەردەوامی لەسەر شێواندنی قوربانییەکە پێداگری دەکات و خۆی لە شیکاری زانستی و بابەتیانە دووردەگرێت و هەمیشە تیشک دەخاتە سەر هەڵەکانی قوربانییەکە و جەختی لەسەر دەکاتەوە؛ بەجۆرێک تەنها کەموکوڕی و هەڵەکانی دەردەخات و هیچ دەرفەت و بوارێک بۆ دۆزینەوەی یەک نیشانەی ئەرێنی لەسەر کەسی بەئامانجگیراو ناهێڵێتەوە.

دەکرێت کاری ڕەخنەگرتن لە تیرۆری مەعنەوی جیابکەینەوە، چونکە ڕەخنەگرتن پەیوەستە بۆ پرۆسەی چاکسازی و کارێکی ڕەوایە و خزمەتی پێشخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات دەکات، بەڵام تیرۆری مەعنەوی کارێکی قێزەونی نەفرەتلێکراوی ڕەتدەکراوەیە و دەبێتە هۆی وێرانکردنی بنەماکانی ژیانی مرۆڤایەتی. ئەمەش دەبێتە هۆی کەوتنی هەموو سیمبولە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات و لەدەستدانی متمانە لەلای هەمووان و لەناوچوونی بەها مەزنە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان و تێکچوونی شیرازەو پەرتەوازەبوونی کۆمەڵ.

هۆکارەکانی تیرۆری مەعنەوی

## هۆکاری تیرۆری مەعنەوی زۆرن، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

١. **تۆڵەسەندنەوە:** دەکرێت تۆڵەکردنەوە یەکێک بێت لە پاڵنەرە دیارەکان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆری مەعنەوی، بەو پێیەی کەسی ئەنجامدەر پەرچەکردارێک ئەنجام دەدات وەک وەڵامێک بۆ هەڵوێستەکانی کەسی بەئامانجگیراو بەرامبەر بە خۆی یان کەسێکی نزیک لە خۆی.

٢. **ململانێی دەسەڵات:** خواستی گەیشتن بە پێگەکانی دەسەڵات، یەکێکی دیکە لە پاڵنەرەکانی پشت تیرۆری مەعنەوی کەسایەتییە سیاسییەکان یان سیمبولە گرنگەکانی کۆمەڵگەیە، بۆئەوی لە بەها و نفوزی کەم بکاتەوە و لە دەسەڵات دووربیخاتەوە و خۆی یان کەسێکی تر جێگەی بگرێتەوە.

٣. **ململانێی ئایینی یان نەتەوەیی یان ڕەگەزی:** ئینتیما ئایینی و نەتەوەییەکانیش هۆکارگەلێکن بۆ تیرۆری مەعنەوی ئەو کەسایەتییانەی کە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆیانی دەبینن.

٤. **ململانێی خێزانی:** دەکرێت ناکۆکییەکانی ناو خێزان یان پەیوەندییە کەسییەکان ببێتە هۆکاری پشت تیرۆری مەعنەوی بۆ تۆڵەکردنەوە، یان دەستگرتن بەسەر میراتی خێزانیدا، یان هەر هۆکارێکی دیکە.

٥. **ململانێی ئابووری:** ململانێیەکانی پەیوەست بە پارە و بازرگانی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، پاڵنەرێکی دیکەن بۆ تاوانکاریی تیرۆری مەعنەوی.

٦. **تاوانی ڕێکخراو:** لە هەندێک حاڵەتدا کۆمەڵێک دەستە و باند و گرووپ هەڵدەستن بە ئەنجامدانی بۆ مەبەستی دارایی، سیاسی یان کۆمەڵایەتی.. هتد.

٧. **سلوکی دوژمنکارانە:** هەندێک کەس هەر لە بنەڕەتدا ڕەوشتێکی دوژمنکارانەیان هەیە و هەمیشە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە دەکەن.

٨. **هەندێکجار کەسانی دۆڕاو شکستخواردوو ئەنجامی دەدەن،** چونکە هیچ توانایەکی ڕووبەڕووبوونەوەی حەقیقی و مەنتیقییان نییە، هەوڵدەدەن شکستەکانی خۆیان بەوجۆرە بشارنەوە.

## ئامانجەکانی تیرۆری مەعنەوی

١. شێواندنی وێنەی کەسی مەبەست لەپێش چاوی خەڵکی و لێدان لە ناوبانگ و کەرامەتی و کەمکردنەوەی شکۆ و هەیبەتی و چاندنی تۆوی ڕق و کینە.

٢. بێبەشکردنی کەسی مەبەست لە بەشداریکردنی لە ژیانی گشتی و دوورخستنەوەی لە گۆڕەپانی کارەکەی، ئەوەش لە ڕێگەی دروستکردنی گومان لەسەر تواناکانی یان شاردنەوە و لەناوبردنی کۆمەڵێک ڕاستی لە بارەیەوە و وروژاندنی قسەوقسەلۆک و ڕوخاندنی دەروونی کەسەکە و نائومێدکردنی.

٣. کارکردن لەسەر لاوازکردنی وره و ڕۆحی مەعنەوی کەسی بەئامانجگیراو و خوڵقاندنی ژینگەیەکی شێواو و گوماناوی بۆی، بۆ ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ و پەشێوی بکات و دڵسۆزی و کارامەیی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی لەدەست بدات.

٤. نیشانەی پرسیار خستنە سەر بەها و ئەخلاقی کەسی بەئامانجگیراو و کەمکردنەوە لە باوەڕ و متمانەی، لەڕێگەی ساختەکردنی ڕاستییەکان و شێواندنیان و دروستکردنی بیروباوەڕی خراپ لە سەری و دانپاڵی کۆمەڵێک بەڵگەی بێ بنەما و ناڕاست بەهۆی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە

٥. بە ئامانجی دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە دەروونی کەسی بەئامانجگیراودا.

٦. بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی عەقل و بیرکردنەوەکانی خەڵک و باوەڕهێنان بەوەی دەیبیستن.

٧. لەناوبردنی و ڕوخاندنی کەسایەتییە دیار و بەرچاوەکان و بڵاوکردنەوەی جیاوازی و دروستکردنی ئاژاوە لە ناوکۆمەڵگەدا.

چۆن ڕووبەڕووی تیرۆری مەعنەوی ببینەوە؟

١. پابەندبوون بە داب و نەریت وئەخلاق و بەها بەرزە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لەو کارە قێزەونانە و بەرەنگاربوونەوەی ئەجێنداو پلان و بەرنامە داڕێژراوەکانی دژ بە تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

٢. بڵاونەکردنەوەی هیچ تانە وتەشەر و تۆمەت و هەواڵێکی بێبنەما و خوڵادان لێیان

٣. جەخت کردنەوە لە سەر ڕاستی و دروستیی هەواڵەکان.

٤. بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی.

سەرچاوەکان:

- إبراهيم محمد فندي بني عامر , اغتيال الشخصية المعنوي من منظور الفقه الإسلامي, الرسالة الماجستير، جامعة آل البيت, ٢٠١٥.
- الاغتيال المعنوي وكيفية مواجهته في ضوء السنة النبوية، الدكتورة زينب سعيد إبراهيم محمد، جامعت الأزهر، ٢٠٢١
- www.ultrasawt.com ما هو مفهوم اغتيال الشخصية؟

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ڕۆڵی پلاندانانی ستراتیژی
# لە بنیاتنانی دامەزراوەی سەربازیدا



● ئامادەکردنی: هۆشیار

**لە بواری سەربازیدا یەکێک لە گرنگترین بنەماکان بریتییە لە پلاندانانی ستراتیژی. لێرەدا، پێناسە و ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە لە سیاسەتی دامەزراوەی سەربازی و هەروەها دیدگایەک بۆ دروستکردنی بەشی پلاندانانی ستراتیژی لەناو پێکهاتەی دامەزراوەکەدا دەخەینەڕوو کە پەرەپێدانی پلانێکی ستراتیژیی یەکگرتوو و درێژخایەنە و پلانی جێبەجێکردن بۆ هەموو ستاف و یەکەکانە بۆ ئەوەی بەم پلانانە، ئەو ئامانجانە بەدەستبهێنن بۆ گەیشتن بە خواستی گشتیی دامەزراوە سەربازییەکە.**

**وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆ دڵنیابوون لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان، گرنگییەکی زۆر بە پلاندانانی ستراتیژی وەک گرنگترین ئامرازی کارگێڕی لە دامەزراوەکانیاندا دەدەن تا بەم شێوەیە، ئامانجی داهاتووی ئەو دامەزراوانە بەدیبهێنن. ئەم وڵاتانە باش دەزانن کە باشترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، کارکردنە بەپێی بنەما و سیستەمی ئیداری مۆدێرن و بەکارهێنانی ئامرازە تەکنیکییەکان و توانا مرۆیی و مادییەکان بەیەکەوە، تا لە گەیشتن بەو ئامانجانە بەشداری بکەن لە پێناوی دامەزراوەکان و بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی و تەکنیکی هاوسەنگ بن، پێویستە شێوازی بەڕێوەبردنی مۆدێرن پەیڕەو بکەن و لە نێویاندا پلاندانانی ستراتیژی و کارکردن بۆ ڕەگداکوتانی ئەم چەمکە لە چوارچێوەی سیستەمی کارگێڕی دامەزراوە سەربازییەکەدا و پەرەپێدانی میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی لە داهاتوو، بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوەیە بۆ دامەزراوەیەکی کاریگەر بگۆڕن کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هەبێت.**

سەرکەوتنی کاری دامەزراوەیی بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە بەڕێوەبردنەوە، هەر دامەزراوەیەک تەنها لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی زانستیانەوە دەتوانێت ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت. پێکهاتە و پایە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی مۆدێرن ئێستا لەلایەن زۆرێک لە پسپۆڕان و ئەوانەی ئارەزووی ئەم بوارە دەکەن لەم تەوەرانە ڕەچاودەکرێن:

- پلاندانان، بەو پێیەی زەمینەی پێشبینیکردنی داهاتووە و ئامادەکاری بۆ دەکات، وەک دواتر ڕوون دەکرێتەوە
- ڕێکخستن، هەماهەنگی هەوڵەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە.
- ڕێنماییکردن، بریتییە لە دیاریکردنی ئەرکەکان.
- کۆنترۆڵکردن، بریتییە لە بەدواداچوون بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردن و پێداچوونەوە بە ئەرکە تەواوکراوەکان، چی ئەنجامدراوە و چی پلانی بۆ دانراوە

لەم پێناسەیە بۆ بەڕێوەبردن، تێبینی ئەوە دەکەین کە پلاندانانی ستراتیژی لە پێش هەموو شتێکەوەیە، هەروەها ئەو ئامرازە کارگێڕییەیە کە زۆرترین کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی سیستەمی کارگێڕی هەر ڕێکخراو و دامەزراوەیەک هەیە.

### چەمکی پلاندانانی ستراتیژی

بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئامانجەکانی ڕێکخراو، دیاریکردنی نەخشەڕێگە، داڕشتنی بەرنامەو تەنکیکی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان،

دیاریکردنی شێوازە پێویستەکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژییەتی دامەزراوەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان.

### سوودەکانی پلاندانانی ستراتیژی

- روونی دیدگە و گەیشتن بە ئامانجەکان
- بەکارهێنانی باشترین سەرچاوە و تواناکان.
- بەدەستهێنانی یەکگرتن و هەماهەنگی لە دامەزراوەکەدا.
- داڕشتنی پلان بۆ ڕاهێنانی تەکنیکی و تایبەتمەند بۆ تاکەکان، بەپێی پێویستی دامەزراوەکە و ئەوەی قۆناغەکە پێویستی پێیەتی.
- دیاریکردنی بودجەی پێویست.
- پەرەپێدانی پلان و بەرنامە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی دارایی لە دامەزراوە سەربازییەکەدا.
- بەدواداچوون و لێنەپرسینەوە لە چۆنێتی جێبەجێ بوونی پلانی ستراتیژی.

### بەشی پلاندانانی ستراتیژی لە دامەزراوەی سەربازیدا

بەو پێیەی ئامانجی گشتی دامەزراوە سەربازییەکە بە بەرزترین ئاستەکان دیاری دەکرێت، بۆیە پێویستە کە بەشی پلاندانانی ستراتیژیی ڕاستەوخۆی بێت

**پلاندانانی ستراتیژی بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئامانجەکانی ڕێکخراو، دیاریکردنی نەخشەرێگە، داڕشتنی بەرنامە و تەنکیکی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، دیاریکردنی شێوازە پێویستەکان بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژییەتی دامەزراوەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان**

لە نێوان پێکهاتەکانی دامەزراوەکەدا.

- کۆنترۆڵکردنی کێشەو لەمپەرەکانی بەردەم جێبەجێکردن.
- دیاریکردن و ڕێکخستنی ئەولەویەتەکان
- کەمکردنەوەی مەترسییەکان، چ دەرەکی بێت یان ناوخۆیی.

### پلاندانانی ستراتیژی لە دامەزراوەی سەربازیدا

- دیاریکردنی ژمارەی ڕاستەقینەی سەرچاوە مرۆییەکانی پێویست بۆ دامەزراوە سەربازییەکە، لەوانەش سەربازەکان، ئەفسەرەکان، ئاماژەدان بە بڕوانامەیان و ئەزموونەکانیان و هەڵسەنگاندنیان.
- داڕشتنی پلانی گونجاو بۆ کۆنترۆڵکردنی پابەندبوونی سەربازەکان

### بەربەستەکانی بەردەم پلاندانانی ستراتیژی

هەندێک لە نەیارانی بەکارهێنانی پلاندانانی ستراتیژی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەندێک دامەزراوە سەرەڕای پەیڕەوکردنی پلانی ستراتیژی، نەیانتوانیوە بە ئامانجەکانیان بگەن، بەڵام ڕاستییەکە بە پێچەوانەوەیە، چەندین لێکۆڵینەوە دەریان خستووە کە شکست بەهۆی بەکارهێنانی پلاندانان خۆیەوە نییە، بەڵکو زیاتر بەهۆی یەکێک لەم هۆکارانەی خوارەوە:

- خراپ ئامادەکاری بۆ پلانەکە و نەخوێندنەوەی واقیع بە باشی.
- ئاشنانەبوونی تاکەکان بە پلانی گشتیی دامەزراوەکە.
- بڕیارنەدان بەپێی پلانی ستراتیژی.

و ژێردەستەی سەرۆکی ئەرکانی گشتی بێت، بەجۆرێک بۆ گرتنەبەری بڕیارەکە لە نزیکترین پێگەدا بێت لە دەسەڵات و بەم شێوەیە بتوانێت ئەو ئامانجە گشتییانە دیاری بکات کە خواستی باڵا بەدەستبهێنێت و ئاسانکاری بکات بۆ تیمی پلاندانان بە مەبەستی پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە لە هەموو شتێک کە پەیوەندییان بەم ئامانجەوە هەیە تاوەکو وێنەکە بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە و دەتوانرێت پلانی ستراتیژی و پلانی جێگرەوە دابڕێژێت کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجی گشتی دامەزراوە سەربازییەکە.

### ئەرکەکانی بەشی پلاندانانی ستراتیژی

- داڕشتنی پلان و پەیڕەو بۆ دامەزراوەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



سەربازی، لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

- دیاریکردنی ئەولەویەتەکان و پێشکەشکردنیان بۆ سەرکردایەتی.
- دارشتنی پلانی ستراتیژی و خستنە بەردەم سەرکردایەتی هەنگاو بە هەنگاو
- بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی قۆناغەکانی پلانی ستراتیژی بەپێی خشتەی ئامادەکراو، هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردن و ئەگەری دەستکاریکردن بەپێی گۆڕانکارییەکان.
- پێشکەشکردنی توێژینەوە و راوێژکاری بۆ سەرکردایەتی.
- بڵاوکردنەوەی کلتووری کارکردن بە بەکارهێنانی شێوازی پلاندانانی ستراتیژی لە دامەزراوەی سەربازییدا بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردن و بە خێرایی گەیشتن بە ئامانجەکان.
- پەرەپێدانی بەڕێوەبردن لە دامەزراوەی سەربازی و وردە گواستنەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی.

## پێداویستییەکانی بەشی پلاندانانی ستراتیژی

- دەرکردنی بریاری پێکهێنانی بەشی پلانی ستراتیژی و پەسەندکردنی دەسەڵاتەکانی.
- شایستەکردن و راهێنانی تیمی پلاندانان لەسەر شێوازەکانی پلاندانانی ستراتیژی، لەگەڵ خولی چڕ و خێرا کە بریتین لە (پلاندانانی ستراتیژی - بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان - بەڕێوەبردنی دارایی - بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی - هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی کوالیتی و ئەدای کارکردن).
- پێدانی دەسەڵات بە تیمی پلاندانان کە توانای کۆکردنەوەی زانیاری و داتا بۆ پەرەپێدانی پلانەکە و ئاسانکاری بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هەموو یەکەکانی هەبێت.
- دابینکردنی توانای دارایی پێویست بۆ پلاندانان بە مەبەستی ئەنجامدانی دروستی ئەرکەکان.

## قۆناغەکانی ئامادەکردنی پلانەکە

بۆ ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی زۆر شێواز هەن. بەناوبانگترین شێوازەکان کە لە بنیاتنانەوە و ئامادەکردنی ستراتیژییەکان بەکاردەهێنرێن، ئەمانەی خوارەوەن:

- شێوازی شیکاری و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە.
- شێوازی شیکردنەوەی خاڵە بەهێزەکان و خاڵە لاوازەکان و دەرفەتەکان و مەترسییەکان.
- شێوازی شیکردنەوەی ناوچەکانی کارکردن.
- چۆنیەتی بەکارهێنانی سیناریۆ.
- رێبازی فریاگوزاری یان پێشهاتەکان.
- شێوازی فایفەر.

لێرەدا قۆناغەکانی ئامادەکردنی پلانەکە بە بەکارهێنانی مۆدێلی پلاندانانی فایفەر روون دەکەینەوە، کە ئەو مۆدێلەیە کە زۆرێک لە دامەزراوە و کۆمپانیا گەورە نێودەوڵەتییەکان لەم دواییانەدا پەنایان بۆ بردووە. پێکدێت لەم قۆناغانە:-

## پلان بۆ پلاندانان

ئەمەش واتە پلاندانان پێش دەستپێکردنی خودی پرۆسەی پلاندانان و دانانی مەرجە پێویستەکان بۆ پلاندانان، لەوانە

- دیاریکردنی ئەندامانی تیمی پلاندانان و ژمارەیان و ئاستی تواناو لێهاتوویيان.
- دەستنیشانکردنی خاڵە کاریگەرەکان و ئەوانەی کاریگەریی پرۆسەی پلاندانانیان لەسەرە، لەوانەش تاک و لایەنەکان.
- یەکلابوونەوە لەسەر شێوازی پلاندانان بۆ پەرەپێدانی پلانەکە.
- دیاریکردنی جۆر و شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بۆ ئامادەکردنی پلانەکە.
- دیاریکردنی ماوەی پلانەکە و ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ پرۆسەی پلاندانان.
- دیاریکردنی جۆری پشتگیریی پێویست لە دەسەڵاتە باڵاکان.
- ئامادەکردنی دامەزراوەکە بۆ پرۆسەی پلاندانانی ستراتیژی، بۆ هەردوو قۆناغی ئامادەکاری و جێبەجێکردن.

## شیکاری بۆشایی

بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەموکوڕییانەی کە ڕەنگە لە پلاندانانددا دەربکەون، بە بەراوردکردنی دۆخی ئێستای هەر یەکەیەک لەگەڵ ئەو دۆخەی کە لە پلانی ستراتیژیدا پێویستە. شیکارییەک بۆ خاڵە بەهێزەکان، لاوازییەکان و دەرفەتە بەردەستەکان، هەروەها مەترسیيە چاوەڕوانکراوەکان بۆ هەر یەکەیەک.

**سەرچاوە:**

**- www.almusallh.ly. دور التخطيط الإستراتيجي في بناء المؤسسة العسكرية**

# دیسپلینی سەربازی

## وزەی تواناکان و هۆکاری بەهێزبوون

**دیسیپلین، میکانیزم و شێوازێکه که له ژیانی تاك و کۆ و له کاری ڕێکخراوەیی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت، زۆرێک له شارەزایان دیسپلین به سیستەمی ژیان دادەنێن، چونکه ئەم چەمکه لەلایەك پێویستییه و لەلایەکی تر زاده و ڕەنگدانەوەی بیر و کارو ئامانجەکانه.**

**دیسیپلین، واتا بەرنامەڕێژی و پابەند بوون پێیەوە، ئەمەش به جێبەجێکردنی ڕێسا و میکانیزمەکان. بۆیه کارامەیی دامەزراوه و ڕێکخراوەکان، چ مەدەنی یان سەربازی، به ڕادەی کۆنترۆڵ و پابەندبوونیان به فێرکاری و ئەرك و ڕێککاره دیاریکراوەکانەوه دەپێورێت، که بەرجەستەبوونی دیسپلین ڕۆحی پەیوەستبوونیان تێدا دەچێنێت و توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکان و هەنگاونانی سەرکەوتووانەی پێدەبەخشێت.**

**بێگومان هەر بوار و دامەزراوەیەك جۆرێك له دیسپلینی هەیه، که بواری سەربازیش لەمبارەیەوه خاوەن تایبەتمەندییەکی بەربڵاوەو بگره یەکێك له کۆڵەگەکانی ژیان و سیستەمی سەربازی پرسی دیسپلینه.**

● عەمیدی مافپەروەر محەممەد سدیق



### بنەماکانی دیسیپلینی سەربازی

١. تێگەیشتنێکی دروست له چەمکی عەقیدەی سەربازی.

٢. خۆشەویستی وڵات و خۆبەخشی بۆ بەرگریکردن لێی.

٣. متمانه له نێوان فەرمانده و ژێردەستەکان و پەرەپێدان و ئاڵوگۆڕی ڕێز و پێزانین له نێوانیاندا.

٤. ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر ڕەفتارو ڕێککاری سەربازی و پابەندبوون به فەرمان و ڕێنماییەکان به ڕەزامەندییەکی تەواوەوە.

٥. هزری زانستیانه و هەوڵدانی بەردەوام بۆ پێشکەوتن.

٦. پەیڕەوکردنی ریسای سزا و پاداشت.

٧. بایەخدانی کردەیی به ناوەڕۆک و سیمای کاروبارە سەربازییەکان.

### میکانیزمی کۆنترۆڵی دیسپلینی سەربازی

گوێڕایەڵی: به گرنگترین پایەی کۆنترۆڵ و دیسپلینی سەربازی دادەنرێت، که به واتای گوێڕایەڵی تەواو دێت لەسەر بنەمای قەناعەتکردنی تاکەکان به ڕێساو ڕەفتاره سەربازییەکان و پراکتیزەکردنیان و وەرگرتنیان بەبێ هیچ دواخستن و ناڕەزایەتییەک.

نمونەی باش: سەرکردەکان له هەموو ئاستەکاندا دەبێت پێشەنگی پابەندبوون به دیسپلینی سەربازی بن، ئەگەر سەرکردەو فەرماندەکان لەو ئاسته پێویستەدا بوون، ئەوا دەبنه نموونەیەکی باش و هاندەر بۆ ژێردەستەکانیان.

ستایش و ڕەزامەندی و پێزانینی تاک: نیشاندانی ڕەزامەندی و ستایش له لایەن پله باڵاکانەوە، جا به تاک بێت یان به کۆمەڵ و ڕێزگرتن له کاره باشەکان، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەهێزکردنی دیسپلین هەیە، ئەگەر تاک هەست بکات بەهای هەیە، ئەوا ریسا و فەرمانەکان

ئەم گۆڤاره له ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوه hewalname.com/ku

باشتر قبوڵ دەکات و هەست بە متمانە دەکات بە خۆی و بە سەرکردەکانی و ئەو فەرمانانەی کە بۆی دەرچووە.

پاداشت و سزا: بنەمایەکی کاریگەرە بۆ جێبەجیکردن و کۆنترۆڵکردنی پرسی دیسپلین، بۆیە پێویستە بە ڕێسای فەرمی و بە ئاراستەیەکی دادپەروەرانە بیگرێتەبەرو سزا و پاداشت بکرێت بە نەریت و کارێکی چەسپاو و زیندوو.

ئەرک و بەرپرسیارێتی: یەکێک لە گرنگترین پێکهاتەکانی کۆنترۆڵکردنی دیسپلین. ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکەکانە لەڕووی هزرو فێربوون و توانا جەستەییەکان، بۆیە لە کاتی پۆلێنکردنی تاکەکان و دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان، پێویستە بە شێوەیەک بێت کە لەگەڵ وزە و تواناکانی تاکەکاندا بگونجێت، کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگە بۆ پابەندبوون و پەیڕەوکردنی دیسپلین لە ئەرکەکاندا.

## گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی دیسپلینی سەربازی

١. ڕەفتاری دروستی سەربازەکان لە ناوەوە و دەرەوەی سەربازگەکان.

٢. پابەندبوون بە فەرمان و ڕێنماییەکان و قیافەی سەربازی.

٣. گوێڕایەڵی ڕاستەوخۆ بۆ فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە دوودڵی لە جێبەجێکردنیان.

٤. کارامەیی سەربازەکان لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەک کە شانازی و حەماسەتبەخش بێت.

٥. تاکەکان ڕێز لە سەرکردە و هاوکارەکانیان دەگرن و لە مامەڵەی نێوانیاندا ڕۆحی دۆستایەتی بڵاودەکەنەوە

٦. پاراستنی چەک و ئامێرەکان لە ئامادەیی و هەستکردن بەوەی کە بەشێکی دانەبڕاوە لە شوناس و کەرامەتی سەربازی

٧. خۆبەستنەوەی تەواوی ئەفسەران و سەربازەکان بە ئەرک و کاروباری سەربازییەوە و سەیرکردنی بوارەکەیان وەک پیشەیەک.

## هۆکارەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی دیسپلینی سەربازی

مەشق: ڕاهێنان و مەشقی بەردەوام هۆکارێکی سەرەکی چەسپاندنی دیسپلینی سەربازییە.

ئیرادە: پەروەردەی سەربازی و نیشتمانی و ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیریی تاکی سەرباز، پێوەری ئیرادەیە. کەسایەتی و توانا هزری و جەستەییەکانی و پابەندبوونی بە ئەرکەکەیەوە دیاریدەکەن. لێرەوە پرسی ورە دەردەکەوێت کە بە ئەندازەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئیرادەی تاکی سەربازەوە.

تێگەیشتنێکی باش لە ڕێساکانی سەربازی: ئەمەش دەبێتە هۆی قبوڵکردنی جێبەجێکردنی فەرمانە سەربازییەکان بە ڕۆحێکی بەهێز و گوێڕایەڵییەکی تەواوەوە، کە لەسەر بنەمای ئارەزوو و قەناعەت متمانە دروست دەکات.

## ئامانجەکانی دیسپلینی سەربازی

١. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دامەزراوەی سەربازی هێمای هێز و سەروەریی خاک و نیشتمان و دەوڵەتە، بۆیە دیسپلین لە خزمەتی پاراستنی ئەم هاوکێشەیەدایە و سەقامگیری و گەشبینی دەبەخشێت.

٢. پاراستنی سیستەمی کارپێکراو و دڵنیابوون لەوەی کە ئەم بوارەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی تۆکمەن و بە ئاراستییەکی ئاسایی و متمانەبەخش بەرەوپێش دەچێت.

٣. جێگرکردن و پەرەپێدانی ڕوحی یەکبوون و گیانی تەبایی و کارکردنی تیمی لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی دامەزراوەی سەربازیدا.

٤. وەڵامدانەوەی خێرا بۆ فەرمانەکان و جێبەجێکردن بەوپەڕی وردبینییەوە، لەگەڵ ڕاستگۆیی و متمانەپێکراوی لە شوێنی کاردا.

٦. بەرجەستەبوونی ژێرخانێکی تۆکمەی مرۆیی و لە ئامادەبوونی بەردەوامدا بۆ پارێزگاری لە گەل و نیشتمان و توانای خۆڕاگری و بەرگریی بەهێز لەبەرانبەر هەر ڕووداو و پێشهاتێکی لەناکاوی سەربازی و جەنگدا.

سەرچاوە:

الضبط والربط سر النجاح www.almusallh.ly والنظام العسكري



# ژیانی سەربازی بەرپرسیارێتی و پابەندبوون

سوپا دامەزراوەیەکی نیشتمانییە، بە ئامانج و پرەنسیپەکانییەوە ئەرکی سەرەکیی لە پلەی یەکەمدا، بەرگریکردن لە نەتەوەو نیشتمان و پاراستنی دەسکەوتەکان و پتەوکردنی یەکبوونی نەتەوەیی و پاڵپشتیکردنی سەقامگیریی ناوخۆ و پاراستنی بەهاو سەروەرییەکانی نیشتمان و کۆمەڵگەیە.

واقیعی دامەزراوەی سەربازی، کە بنیاتێکی سەقامگیر و یەککرتووە و قوتابخانەیەکی نیشتمانیی ئامانجدارە کە هەموو خۆبەخشێک لە سوپادا زانیاریی نیشتمانیی دروستی لێ وەردەگرێت و فێری ئەو بەها و چەمکانە دەبێت کە دەیکەنە کەسێکی بەرپرسیار. هەموو یەکەیەکی سەربازی ماڵێکی فراوانە، ماڵێکی گەورەیە کە پرەنسیپە نەتەوەیی و ئەخلاقییەکانی تێدا بڵاوبوونەتەوە، فێرگەیەکە کەسانی بەهێز و نموونە لە قارەمانێتی و قوربانیدان و دڵسۆزی بەرهەم دەهێنێت.

ژیانی سەربازی ژیانێکی ڕێکخراوە، دیسیپلین و یەکرێزی و هاوکاری بەسەریدا زاڵ دەبێت و لەسەر ئەم بنەمایە، لەهەموو ئاستەکاندا پاڵپشتی بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان دەکەن.



● و: گەرمیان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### پێکهاتەکانی ژیانی سەربازی

سرووشتی ژیانی سەربازی لە هەندێک لایەنەوە جیاوازە لە ژیانی کۆمەڵایەتی-مەدەنی، بەڵکو سرووشتێکی دیاریکراوەو سیستەمی سەربازی دەیسەپێنێت، کە پێویستە سەرباز بە ڕێسا و فەرمانەکان پابەند بەو بەرپرسیارێتی و ئەرکانەی دیاری کراون. ئەو زنجیرەیەی کە لەسەر بنەمای پلە و پۆست دامەزراوە، لە سەربازەوە دەست پێدەکات و بەرزدەبێتەوە بۆ پلە باڵاکان، شتێکی دیاریکراوە و لە ئەنجامدا جۆرێک لە دروست، بە ئامانجی بەهێزکردنی ئیرادە و ورە، گرنگی بە ڕێنماییکردنی لەڕووی دەروونییەوە دەدات، کە ئەمە پەیوەستە بە چەمکی پەروەردەی سەربازی، کە بنەمای کارەکانی دامەزراوەکە.

هەروەها ئەدای پیشەیی هەیە، کە نوێنەرایەتی بەشێکی جەوهەریی ژیانی سەربازی دەکەن. دەروونناسە سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان بە کۆی دەنگ لەسەر ئەو بنەمایە کۆک بوون، کە هەر دامەزراوەیەک سیستەم و دەبێت کەسایەتی سەربازی تایبەتمەند بێت بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرزی: بوێری، ڕەوشتبەرزی، ئارامی، ئیرادە، دادپەروەری، سوارچاکی، زیرەکی و هەستیارییەکی لەڕادەبەدەردا بێت.

پێویستە هەموو سەربازێک خاوەنی بیرێکی ڕوون و قوڵ بێت و ئەو هەستە کاریگەرەی هەبێت، کە نیشتمانپەروەری باوەڕەکەیەتی، سوپا ماڵە گەورەکەیەتی کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو زیاتر لەسەر بنەمایەکی جێگیر و لەسەر دەستی ئەو

**کۆمەڵگەیەکی سەرکەوتوو زیاتر لەسەر بنەمایەکی جێگیر و لەسەر دەستی ئەو کەسە بەتوانا و تێکۆشەرانە دەبێت کە خاوەنی لێهاتوویی و ئیرادە و ورەیەکی بەرزن و ، ئامادەن بەرگەی ناخۆشییەکان بگرن تا بە ئامانجەکان بگەن بەبێ ئەوەی بکەونە پاشەکشە یان چەقبەستنەوە**

ڕەفتاری سەربازی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ژیانی سەربازی بە جیاوازییەکەی لە پرسەکانی کۆنترۆڵکردندا، بەو مانایە نییە کە پرسی کولتووری پشتگوێ دەخات، بەڵکو تەواو پێچەوانەیە، پێویستە سوپا لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی و تەکنیکی هاوسەنگ بێت و لەم بوارەدا، خزمەت بە کولتووری زانستی و زانیاریی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی لە ئاست بەرپرسیارێتی نیشتمانیدا بن و بگەنە بەرزترین ئاستی گەشەسەندنی هزری و سەربازی.

وەک چۆن دامەزراوەی سەربازی ئەندامەکانی لەسەر پرۆسەکانی تەکنیکی و هونەریی سەرباز (ڕاهێنانی لەسەر بنەماکانی بەکارهێنانی چەک و میکانیزمی سەربازی) وەردەگرێت، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی ڕەفتاری ئاڕاستەی خۆی هەیە کە ئامانجەکانی دیاری دەکات و بە گشتی پێویستی پێیەتی ئەو تاکانەی کە تێیدا چالاکن، چاودێریی بەرژەوەندییەکانی بکەن و هەوڵبدەن بۆ گەیشتن بە خواستەکانی و ئاگادارکردنەوەیان لە هەر کەموکوڕییەک.

لەم بوارەدا زانا "وارن" پێی وایە سەرکەوتنی پیشەیی پێویستی بە بوونی دوو حاڵەتی پابەندبوون و کاری دیسپلینکراو هەیە بۆ ئەوەی هەر تاکێک بە بەرزترین ئاست ڕۆڵی خۆی تێدا پیادە بکات.

### تایبەتمەندیی کەسایەتییەکی سەربازی

جەوهەری کەسایەتی سەربازی لە متمانە بەخۆبوون و باوەڕبوون بە پیرۆزی پەیامی نەتەوەیی دەردەکەوێت. کەسە بەتواناو تێکۆشەرانە دەبێت کە خاوەنی لێهاتوویی و ئیرادە و ورەیەکی بەرزن و ئامادەن بەرگەی ناخۆشییەکان بگرن تا بە ئامانجەکان بگەن بەبێ ئەوەی بکەونە پاشەکشە یان چەقبەستنەوە، کە ئەمەش زیاتر لە ئەرک و پیشە و ڕۆڵی سەربازی و تاکی سەربازدا بەدیدەکرێت بۆیە ژیانی تایبەتمەندی سەربازی کە زادەو ئاوێتەی کارامەیی و توانای تۆکمەیە لە کەسایەتیدا و ئامادەییە بۆ قوربانیدان، پێویستە ئەم خەسڵەتانە هەبێت، بۆ پێشخستنی دامەزراوەی سەربازی بۆ ئەوەی لەو ئاستە خوازراوەدا بێت کە خزمەت بە بەرژەوەندیی باڵای گەل و نیشتمان بکات.

**- الروح المعنوية العالية عامل ضروري لصقل الشخصية العسكرية / www.lebarmy.gov.**

# پەرەپێدانی تواناکانی تەکنەلۆژیای دامەزراوە سەربازییەکان

و: ئارام

**لەسەردەمی ئێستادا، پەرەپێدانی یەکە و دامەزراوە سەربازییەکان جەختدەکاتە سەر پێشکەوتن لەڕووی تەکنۆلۆجی و بە ئەلیکترۆنیکردنی کاروبارەکان. لە ڕابردوودا داهێنان و فێربوونی ئەلیکترۆنی بەشێك نەبوو لەو چالاکییانەی کە هاوکاریی دامەزراوە و یەکە سەربازییەکانی لە بەدیهێنانی ئامانجە خواستراوەکان دەکرد، بەڵام بۆ ئەم سەردەمە تەواو پێچەوانەوەیە، بەبێ بونیادێکی بەهێز لە بواری تەکنۆلۆجی و ئەلیکترۆنی، هیچ دامەزراوەیەکی سەربازیی ناتوانێت لە ئاست ئاڵنگارییەکاندا بێت.**




**ئامرازەکانی پەرەپێدانی ئەلیکترۆنی**

١- تەکنۆلۆجیای زانیاری: مەبەست لە تەکنۆلۆجیای زانیاری بەپێی ئینسکلۆپیدیای نێودەوڵەتی، بریتییە لە تەکنۆلۆجیای کۆکردنەوە، پاراستن، ئامادەکردن و گەیاندنی زانیاری. ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوی یونسکۆ تەکنۆلۆجیای زانیاری وەک: کۆمپیوتەر، مانگی دەستکرد و جۆرەکانی دیکەی تەکنۆلۆجیای زانیاریی پێشکەوتوو بۆ دەسکەوتن و بەرهەمهێنانی زانیاری ژمارەیی، خەزنکردن، گەڕانەوە، دابەشکردن و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەناسێنێت.

٢- ئامرازەکانی فێرکردن: هەموو ئەو ئامێر و کەرەستانە دەگرێتەوە کە فێرکار (مامۆستا) لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردندا لەپێناو باشترکردنی دۆخی فێرکردن و زانست بەکاری دەهێنێت وەک کەناڵەکانی پەیوەندی کە لەڕێگەیەوە فێرکار ناوەڕۆکی بابەتەکان دەگوازێتەوە.

٣- فێرکردنی ئەلیکترۆنی: بریتییە لەو سیستەمە پەروەردەییە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی فێرکاری یان ڕاهێنانی فێرخوازان لە هەرکات و شوێنێک بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی بواری زانیاری و پەیوەندی وەک: ئینتەرنێت، ڕادیۆ، کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆییەکان، ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و ئەو کۆنفرانسانەی بە ئۆنلاین دەکرێت. ئەمەش دەبێت بەهۆکاری دروستکردنی ژینگەی فێرکاری لەڕێگەی ئامرازی جۆراوجۆرەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە پرۆسەی فێرکاری و ڕاهێناندا، توانا و لێهاتوویی سەرباز و دامەزراوە سەربازییەکان باشتر دەکات و بەرەو پێشەوەی دەبات.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

43

**سوودەکانی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە بواری ڕاهێنان و فێرکاریدا**

١- بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکان و تەکنۆلۆجیاوە، کێشەی پەیوەست بە کات و شوێن بە ئاسانی چارەسەردەبێت و پرۆسەی ڕاهێنانەکان بەخێرایی جێبەجێ دەبێت.

٢- فرەیی ئامرازەکانی ڕاهێنان ئەو دەرفەتە بۆ ڕاهێنەر دەڕەخسێنێت کە گونجاوترینیان هەڵبژێرێت.

٣- بەکارهێنانی ئامرازە تەکنۆلۆجییەکان خەرجی و ماندووبوونەکان کەمتردەکاتەوە و بەرەنجامێکی خێراتر و باشتر بەدەستەوە دەدات.

٤- بەئاسانی چاودێری و هەڵسەنگاندنن بۆ پرۆسەی ڕاهینان دەکرێت.

**تایبەتمەندییە گرنگەکانی فێرکاری ئەلیکترۆنی**

١. خێرایی لە گواستنەوەو بەشداریکردن و نوێکردنەوەی زانیارییەکان.

٢. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە وەرگرتن و پێدانی ناوەڕۆکی وانەکانی ڕاهێنان.

٣. زیاتر لە ڕێگە کلاسیکییەکان، خاسیەتی گرنگ بە پرۆسەی فێرکاری دەبەخشێت وەک:

- هاوکاری و بەشداریکردن
- پەیوەستکردن بە سەرچاوەکانەوە
- چاودێریکردنی راهێنەر
- ئیدارەدان و ئاڕاستەکردنی ڕاهێنان
- پێدانی ماددەکانی ڕاهێنان

پێویستە گواستنەوە لە فێرکاری کلاسیکییەوە بۆ فێرکاری ئەلیکترۆنی بەشێوەی قۆناغبەندی بێت و بەپێی ستراتیجییەک، ئامانجە تایبەتەکان دیارییکات. فێرکاری ئەلیکترۆنی پێویستی بە بونیادێکی سەرەکییە کە مەبەست لە ئامێرەکانی کۆمپیوتەر، هێڵەکانی ئینتەرنێت و تاقیگە فێرکارییەکانە لەپێناو جێبەجێکردنی لەسەرخۆی پرۆسەکە.

سەرچاوە: www.almusallh.ly

# بەربەستە سەربازییەکان و کاریگەرییان لەسەر جوڵەو بەرگریی هێزەکان



**وەرگێڕان: سان هاوکار**

بە درێژایی مێژووی سەربازی، بەربەست و قەڵاکان ڕۆڵی بەرچاویان لە شەڕەکاندا هەبووە، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم و بیست و یەکەمدا. نموونەی دیار بریتین لە هێڵی زیگفریدی ئەڵمانی، (١٩١٦-١٩١٧)، هێڵی ماجینۆتی فەرەنسی (١٩٢٩-١٩٣٨)، و هێڵی بار لیڤی ئیسرائیل (١٩٦٨-١٩٧٣)، ئەم پێکهاتانە بۆ بەهێزکردنی پێگە بەرگرییەکان دروستکراون و بە شێوەیەکی گشتی پێکدێن لە شوێنی بەهێز بۆ سەربازەکان و چەکەکان، هەروەها بەربەستەکانی وەک مین و تەلی دڕکاوی. ئامانجە سەرەکییەکانی قەڵاکان، بریتین لە بەرزکردنەوەی هێزو ئاڕاستەی چەک و پاراستنی هێزی زەمینی و ڕێگریکردن لە جوڵەی دوژمن. لە کاتێکدا کە بە پلەی یەکەم، خاڵی بەرگریین، بەڵام دەتوانین بڵێین بەربەستە زەمینییەکان پشتگیرییە لە ستراتیژییەکانی هێرشبردن.

قەڵا و بەربەستەکان لە زانستی سەربازییەکان دەتوانرێت پێناسە بکرێت، وەک پێکهاتەی جێگیر بۆ بەهێزکردنی پێگەی بەرگری وڵاتێک کە لە بەرامبەر وڵاتێکی دیکەدا دروستکراون.

قەڵاکان بەزۆری دوو جۆرن: هەمیشەیی و مەیدانی. قەڵا هەمیشەییەکان بریتین لە قەڵا و پەناگەی سەرباز، کە زۆرجار لە کاتی ئاشتیدا دروست دەکرێن، یان کاتێک مەترسی شەڕی لەسەرە. لە کاتێکدا قەڵا مەیدانییەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدا دروست دەکرێن. قەڵاو بەربەستەکان بەزۆری لە شوێنی ستراتیژی لەڕووی سەربازییەوە دروست دەکرێن، وەک بەربەستەکانی مین، تەلی دڕکاوی، دژە تانک و هتد. زۆرجار قەڵای مەیدانی و هەمیشەییەکان سوود لە بەربەستە سرووشتییەکان وەردەگرن، وەک کەناڵ و ڕووبارەکان، کە لە کۆندا لەڕووی ستراتیژی سەربازییەوە گرنگ بوون.

**ئامانجی قەڵا و بەربەستەکان:**

بەرزکردنەوەی ورە و هێزی بەرگریکارەکانە، کە وەک بەربەستێکە بۆ پاراستنی ئەو هێزانەی کە لە پشت ئەم بەربەستانەوە جێگیربوونە، ئەمە جگە لەوەی ڕێگری لە پێشڕەویی هێزەکانی دوژمن دەکەن، یان سنووردارکردنی ئازادی جوڵەیان بە ناچارکردنیان بۆ جوڵەکردن بە ڕێڕەوی دیاریکراودا، واتە کە ڕۆڵیان بە پلەی یەکەم بەرگرییە، بەڵام دەتوانین بڵێین، بەربەستەکان هەندێکجار لە ستراتیژی بەرگری و هێرشبەریدا ڕۆڵیان هەیە.

خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە قەڵاکان دەتوانن کاریگەربن ئەگەر بەشێک بن لە ستراتیژی بەرگرییەکی باش و پلان بۆ داڕێژراو، کە بە وردی هەڵسەنگاندن بۆ خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هەردوولایەنی بەرگریکار و نەیارەکانی کرابێت.

سەرچاوە: www.aljundi.ae

# دۆستەکان لە کاتی شەڕدا
# ئاگری دۆستانە، کێشەی مێژوویی هێزە سەربازییەکان

ئا: کامەران



**شرۆڤەکارانی سەربازیی پۆلێنیان کردووە کە لە شەڕدا سەربازەکان بە سێ شێوازی سەرەکی گیان لەدەست دەدەن:**

یەکەم: بە چەکی دوژمن.

دووەم: لە ڕێگەی چەکی هاوسەنگەرانیان (ئاگری دۆستانە — تەقەو پێکدادانی هەڵە).

سێیەم: بەهۆی تەقەی لەناکاو و بێ مەبەستی هاوسەنگەرەکانیانەوە (لەدەست دەرچوون).

ئاگری دۆستانە، یان تەقە و پێکدادانی هەڵەی ناوخۆی نێوان سەربازو هێزەکان کێشەیەکی بەربڵاوی مێژوویيە، کە وەک ڕووداوێک لە شەڕەکان و ئۆپەراسیۆنەکاندا پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو بووە. لەوانەیە هێزێکی سەربازی نەبێت ئەم جۆرە ڕووداوانەی تێدا ڕووینەدابێت تەنانەت لەناو هێزەکانی پێشمەرگەش.

لە پرسە سەربازییەکاندا دەگوترێت، کە ئاگری دۆستانە یان (خۆکوژی — یەکترکوشتن) بریتییە لە هێرشی هێزە چەکدارەکان بۆ سەر هێزەکانی خۆیان لە کاتێکدا کە هەوڵی هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی دوژمنەکەیان دەدەن و لەوانەیە بەهۆی هەڵەیەکەوە ئەو ڕووبەڕووبوونەوە خۆبەخۆیە و زیانەکانی لێبکەوێتەوە. هۆکارەکانیش زۆرن، گرنگترینیان؛ لە نەناسینەوەی ئامانجەکە، یاخود شەڕکردنی دەستەویەخەو و تێکڵاوبوونی هێزەکان، یان لە شەودا، لە کەشی تەم و خۆڵبارین، یەکتر نەناسینەوەی هێزەکان، هەروەها ئاگادارنەبوونی یەکەکان لە جوڵەی تیمەکانیان و نەبوونی وشەو هێمای نهێنی لەنێوانیاندا.

لە ویکیپیدیای ئینگلیزیدا هاتووە، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەستەواژەی (تەقەی دۆستانە) سەریهەڵداوە، چونکە لە جەنگەکانی ڕابردوودا مردن بەهۆی ((تەقەی دۆستانە) دەگمەن بووە، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی چەک و تەقەمەنی سەربازیدا، ئەم دیاردەیە زیاتربووەو ژمارەی کوژراو و برینداران لەم جۆرە ڕووداوانەدا زیادی کردووە.

لە ترسی ئەم جۆرە ڕووداوانەو بۆ ڕێگریکردن لێی، لە جەنگی جیهانی دووەمدا پرۆسەی دانانی ڕەنگ و هێما و نیشانەی ڕوون لەسەر فڕۆکە و جەستەی سەربازەکان و ئۆتۆمبێلەکان پەرەی سەند و تا هاتووە ئاماژەو هێمای جۆراوجۆر بۆ یەکتر ناسینەوە بەکاردێت.

**یەکتر کوشتنی سەربازەکان لەمێژوودا**

لە ١٧ی ئەیلوولی ١٧٨٨دا، سوپای نەمسا، هێزێکی هەزاران کەسی بە مەبەستی گەڕان بەدوای هێزەکانی عوسمانیدا پێکدەهێنێ، دابەشی دوو میحوەریان دەکات. ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەشێک لە هێزەکە لە نزیک شاری کارانسێبێسی ڕۆمانیا، بارەگا هەڵدەدەن. هێزەکەی دیکەی سوپای نەمسا کە بەدوای هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

دەگەڕان، لە شەودا دەچنە ناو سەربازگەی هێزەکەی دیکەیانەوە، ئەوانیش نەیانزانی ئەوە بەشەکەی دیکەی هێزەکەی خۆیانە، بە هەڵە تەقەیان لە یەکتر کردووە و لە ئاکامی شەڕێکی قورسدا ١٠ هەزار سەرباز لە خۆیان دەکوژن.

لە جەنگی ڤێتنامدا ڕێژەی قوربانیانی سەربازانی ئەمریکی بەهۆی تەقەی دۆستانە لە نێوان ١٥٪ بۆ ٢٠٪ی کۆی گشتی بریندارەکان بووە.

فڕۆکەیەکی جاگواری بەریتانی لە ٢٥ی ئایاری ١٩٨١ بەسەر ئەڵمانیای (ڕۆژئاوا) دا کەوتە خوارەوە لە ئەنجامی هەڵدانی مووشەکێکی Seedwinder))، کە لە فڕۆکەیەکی ( Phantom)ی بەریتانیەوە هەڵدراو بەهۆی هەڵەیەک لە ئامێری جیاکاریدا ئەو ڕووداوەی لێکەوتەوە.

بەگوێرەی داتاکانی پێنتاگۆن، بەهۆی ئاگری دۆستانە لە جەنگی گەردەلوولی بیابان لە ٢٨ ڕووداودا، ٣٥ سەرباز گیانیان لەدەستداوە و ٧٢ی دیکەش برینداربوون.

ڕووداوێکی کێڵگەی تارناک، کە چوار سەربازی کەنەدی کوژران و هەشت سەربازی دیکەش برینداربوون، کاتێک سەربازێکی پاسەوانی نیشتمانی ئاسمانی ئەمریکا بۆمبێکی ٢٣٠ کیلۆگرامی لە فڕۆکەیەکی جۆری ئێف ١٦ەوە فڕێدایە سەر فەوجێکی پیادەی کەنەدی کە لە نزیک قەندەهار مەشقی تەقەکردنی شەوانەیان ئەنجامدەدا.

ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بەریتانی بە مووشەکی پاتریۆتی ئەمریکی لە کاتی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣

لە جەنگی ڕووسیاو ئۆکرانیاشدا ئەم جۆرە ڕووداوە زۆر بە بەربڵاوی باسی دەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن هێزەکانی ڕووسیاوە کە تا ئێستا چەندین جار دووبارەبووەتەوە. بۆنموونە: تا ئێستا لانیکەم ٢٧ سەربازی ڕووسیا لە دۆنێتسک بە تەقەی هاوسەنگەرانیان کوژراون.

لە شەڕی حەماس و ئیسرائیلیشدا تا ئێستا هەردوولا بەهەڵە زیانی گیانی و ماددی زۆریان بەخۆیان گەیاندووە، وتەبێژی سەربازیی ئیسرائیل بە ئاژانسی فرانس پرێس-ی ڕاگەیاندووە، تا ئێستا لە دوای ئۆپەراسیۆنە زەمینییەکانەوە لە ئەنجامی تەقەی دۆستانەدا (تەقەکردنی هەڵە) سیانزدە سەرباز کوژراون. ئەگەرچی میدیاکان باسی زۆر زیاتر لەو ژمارەیە دەکەن. لەلایەن حەماسیشەوە لەناو چەکدارەکانی و خەڵکی سڤیلیشدا بەهۆی تەقەو بۆردوومانی هەڵەوە چەندین کوشتن و برینداروزیانی ماددی ڕوویداوە و تەنانەت لە بۆمبارانێکیدا بۆ سەر هێزەکانی ئیسرائیل لە نزیک سنووری لوبنان، گوللە تۆپێک کەوتۆتە ناو یەکەکەیەکی حزبوڵای لوبنانی، زیانی هەبووە.

**هەڵوەستە و پلانی سەردەم**

لە مێژووی تۆمارکراوی سەربابییدا، سەدان ڕووداوی خوێناوی و کارەساتبار بەهۆی ئاگری دۆست یان تەقەو هێرشکردنی هەڵەوە ڕوویانداوە. لەگەڵ پێشکەوتنی چەکەکان و دواتر بەهۆی گەشەسەندنی بواری تەکنەلۆژیا، ئەم پرسە زیاتر بووەتە جێی مەترسی، هەربۆیە لە هزری پلاندانەرانی سەربازی، ئەم کێشەیە بایەخی خۆی وەرگرتووە، چونکە شەڕ بە چەکی تەکنەلۆژی و چەکی تێکەڵاوی مۆدێرن و سیناریۆی نوێ بە شێوەیەکە کە کێشەی جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمنی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەش پێویستی بە بەکارهێنانی سیستەمی جیاکاری هەیە.

لە بارودۆخی شەڕی زەمینیدا، کە بینینی ڕاستەوخۆ بەهۆی تۆز و دووکەڵ و تەمەوە لێڵ دەبێت، ئامرازە تەقلیدییەکانی جیاکاری بێدەسەڵاتن و مەحاڵە وەڵامدانەوەی بەردەوامی گۆڕانی بارودۆخی شەڕ بدرێت، ئەمەش وا دەکات پێویست بێت هەندێک جۆری ئامێری جیاکاری بۆ پشتڕاستکردنەوەی سەربازو هێزی بەرانبەر دابین بکرێت. بۆیە زۆرێک لە سوپاکان پلانیان هەیە ئۆتۆمبێلەکانیان بە ئامێری جیاکاری ئەلیکترۆنی تەیاربکەن و ئەم ئامێرانە بە تۆڕەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردن لە مەیدانەکەدا ببستنەوە. هێزەکانی ئەمریکا بۆ ئاسانکاری ناسینەوە، ئامێری جیاکاری لەسەر ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنن، کە پشت بە گواستنەوەی تیشکی ژێر سوور دەبەستن و بۆ کارکردن دەتوانرێت لەلایەن ئامێرەکانی بینینی شەوانە وەربگیرێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستەمە نوێیەکانی ناسینەوە، پشتبەستنیان بە تەکنەلۆژیای تایبەتە بۆ گەیشتن بە ئەرکەکانیان، وەک بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ناسینەوە Pattern Recognition) ) کە شێوازی نوێ بەکاردەهێنێت بۆ پرۆسێسکردنی ئەو زانیارییانەی لە توخمەکانی چاودێریکردن و هەستکردن وەرگیراون، هەروەها تەکنیکە نوێیەکان بەکاردەهێنرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپیوتەرە خێراکان، بەجۆرێک کە کۆمپیوتەر هەوڵدەدات سرووشت و جۆری ئامانجەکە، لەسەر بنەمای داتا هەڵگیراوەکان لە بیرگەی خۆیدا بخاتەبەردەست.

کاتێک هێزی چەکدار بەهۆی ئاگری دۆست یان تەقەی هەڵەی هێزەکەی خۆیەوە تووشی زیانی گیانی یان کەرەستەیەک دەبێت، گومانی تێدا نییە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو هێزانە دەبێت، کە گرنگترینیان لەوانەیە لەدەستدانی ورە بێت.

ئەم پرسە هەستیارە و سوپاکان ڕێکارو پلانی تایبەتیان بۆی داناوە، چونکە دەبێت هەر سوپاو هەر سەربازو ئەفسەرێک لەمبارەیەوە زانیاری هەبێت و هۆشیارانە چەکەکانیان بەکاربهێنن و بە وردکاری و دڵنیاییەوە چۆنێتی جوڵە و ئاراستەی هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانیان بگرنەبەر.

**سەرچاوەکان:**

- النیران الصدیقة - www.aljundi.ae.

- النیران الصدیقة مشکلة أکبر جیوش العالم /

ماڵپەڕی ئینیدپەیدی عەرەبی.

- ویکیپیدیای ئینگلیزی.

سوپا سەرخۆشەکان

# بەکارهێنانی مەی و مادده هۆشبەرەکان لە جەنگدا لە یۆنانییە کۆنەکانەوە تاکوو داعش



● نووسینی: ئارام ناسیح

## بەشی سێیەم و کۆتایی

### جەنگی ڤێتنام؛ جەنگی حەب

ڤێتنام سەرزەمینی خوێن و مەرگ بوو بۆ سوپای ئەمریکا. ساڵی ١٩٧١ لیژنەی هێزە سەربازییەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا ئاماژەی بەوە داوە لە نێوان ١٩٦٦ تا ١٩٦٩ سوپای ئەمریکا لە ڤێتنام نزیکەی ٢٢٥ ملیۆن حەبی وریاکەرەوەی دیکسترۆ ئەمفیتامیناتی بەکارهێناوە. ١٩٧٢ کە ساڵی کشانەوەی ئەمریکا بوو لە ڤێتنام لە ٧٠٪ سەربازەکان مەریوانەیان دەکێشا و نزیکەی لە ٣٠٪ ئەفیون و هێرۆینیان دەکێشا. ماددەی هۆشبەر ئامرازێک بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگەگرتنی ئەو دۆزەخەی بۆ ئەمریکییەکان سازکرابوو لە ڤێتنام.

لە جەنگی یەکەمی کەنداودا ٥٨٪ فرۆکەوانە ئەمریکییەکان دیکسترۆ ئەمفیتامینیان بەکاردەهێنا، ١٧٪ بە شێوەیەکی بەردەوام حەبی گۆ (Go pills)یان دەخوارد، کە حەشیشێکی ئاسایی و ڕێگەپێدراو بوو لەناو هێزی ئاسمانی ئەمریکادا، بەڵام سوپای چین جۆرە حەبێکی دژەخەوی دەدا بە سەربازەکانی کە بە هەڵۆی شەو (Night Eagle) ناسراوە وەک دەوترێت لە توانایدایە ٧٢ کاتژمێر سەربازەکان لە حاڵەتی ئاگایی و هۆشیاربووندا بهێڵێتەوە. [١٥]

### سوپا دڕندەکەی داعش؛ زۆمبییەکانی سەدەی بیست و یەکەم

داعش وەک فیکر و پاشخانی ئایدیۆلۆژی هەڵقوڵاوی ئەو مێژووەیە کە بە (مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی) ناسراوە. بە واتایەکی دیکە بەرجەستەبووی بنەما فیقهییەکانی ئیسلامە و لە هەناوی ئەو کۆنتێکستە مێژوویی و سیاسییەوە دێتەدەر کە هەڵگری شوناسی ئیسلامە، بەڵام تاکتیک و شێوازی شەڕکردنیان بووە جێگەی تێڕامان و لەهەمان کاتدا ترس و بیمێکی زۆر. زۆرێک لە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان ئەوە دەسەلمێنن گروپە جیهادییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن. لێرەوە دەتوانین لە بەشێک لە نهێنی ئەو تەکنیکی جەنگە تێبگەین کە گروپە تیرۆریستییەکان پەیڕەوی دەکەن.

حەبی کبتاگۆن (Captagon) کە بە حەبی هۆشبەری تیرۆرستە جیهادییەکان ناسراوە بە ڕێژەیەکی زۆر لەلایەن چەکدارانی داعش و گروپە تیرۆریستەکانی دیکەوە بەکاردەهات، بە تایبەت لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا. کبتاگۆن هێزو و وزەیەکی زۆر دەبەخشێتە چەکدارەکان و توانای سەرکێشی، ڕووبەڕووبوونەوەی ترس و هەڕەشەکانیان لەلا بەهێز دەکات. هەروەها حەشیش و ئەفیونیش بەکاردەهێنن. زۆرێک لە چەکدارانی ئیخوان موسلیمینی سووریا ڕێژەیەکی ئەوەندە زۆری ئەو حەبەیان بەکاردهێنا بە شێوەیەک ڕاستەوخۆ تەقەیان لێ دەکرا کەچی ناکەوتنە سەرزەوەی هەروەک زۆمبیەکانی ناو فیلمەکانی هۆلیوود. [١٦]

لە فیلمێکی دیکۆمێنتاری کەناڵی بی‌بی‌سی بە ناونیشانی (ماددەی هۆشبەری شەڕی سوریا) پزیشکی دەروونی لوبنانی ڕەمزی حەداد لەبارەی کاریگەرییەکانی کبتاگۆنەوە دەڵێت: «وا دەکات بۆ ماوەیەکی کەم هەست بەخۆشی بکەی و تەحەدای ترس بکەیت، پێویستییەکی کەمت بە خەو هەبیت. ئەم کاریگەرییانەش حاڵەتێکی نموونەییە بۆ جەنگاوەر لەکاتی جەنگدا.» هەر لەو فیلمەدا پزیشکی ئێرلەندی کالڤن جیمس کە بۆ خاچی سووری کوردستانی لە سووریا کار دەکات دەڵێت: «چەکدارێکی داعش هەوڵی دابوو خۆی بتەقێنێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43




نەببوو، بە سەختی بریندار‌بوو. کاتێک هێنرایە نەخۆشخانە بینیم هیچ باکی بە ئازار و قووڵی برینەکەی نییە، بەڵکوو وەک کەسێکی ئاسایی لەگەڵ نەخۆشەکانی دیکە چارەسەری بۆ کرا. لەوکاتەدا هەستم کرد ماددەی هۆشبەری بەکارهیناوە. [١٧]

## ئەنجام

دوای هینانی تیۆری پەرەسەندنی چارلس داروین بۆ ناو کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەستی فەیلەسوفی بەریتانی هێربەرت سبنسەر لە سەدەی نۆزدەدا، چیدیکە گوتەزای «مانەوە بۆ بەهیزەکانە« تەنیا لەڕووی بایۆلۆجیەوە ڕاست نییە، بەڵکوو بۆ سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش حەقیقەتە. ئەو ڕاستییەی سەرەوە پێمان دەڵێت مانەوە لەناو ئەو جەنگەڵستانەی پێی دەوترێت وجود سەختە، بەڵکوو سکپڕە بە ئەگەری زۆر ترسناک. لێرەوە دەستبردن بۆ هەر ئامرازێک وەک سەرچاوەی هێز و مۆڕاڵی جەنگاوەران خواستێکی دێرینەی ناو کایەی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. بە قەولی کلاوزەفیتز: «سەرکەوتن واتە؛ سەپاندنی ئیرادەی خۆت بەسەر دوژمندا.» مێژووی جەنگەکان حیکایەتی بەکارهێنانی داهێنانەکانی مرۆڤە لەپێناو وێرانکردن و تەفروتوناکردنی ئەویدیکە. خوادردنەوەی کحولی و ماددەی هۆشبەر هاوشان لەگەڵ توانای وێرانکاری چەکەکان، سەرچاوەی هێز و ئیرادەی جەنگاوەران بووە بەرانبەر مەترسییەکان و کابوسی مەرگ. چیرۆکی سوپا سەرخۆشەکان حیکایەتی ئەو سەربازانەیە کە مەستبوون کردوونی بە پاڵەوانی ئەفسانەیی.

سەرخۆشکردنی سوپا بێ مەترسی نییە، بەڵکوو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لەمەودای دووردا مەترسیدارترە لە سەرکەوتنەکانی. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی گۆڤاری (Jama Psychiatry) پاش تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر جەنگی ڤێتنامدا، نزیکەی ٢٠٠ هەزار سەربازی ئەمریکی تا ئێستاش دەناڵێنن بەدەست گرفتی دەروونی و پەشێوی پاش شۆکبوون (اضطراب مابعد الصدمة) کە بەشێکی زۆری بە هۆی کاریگەری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە بووە. لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر دیسپلینی سوپا و کردە سەربازییەکان دروست دەکات، بەڵام ئەوەی بۆ لایەنەکانی جەنگ گرنگە سەرکەوتنە بەهەر نرخێک بێت. لێرەوە واقیعییەتی تێگەیشتنی ماکیاڤیلیمان بۆ دەردەکەوێ کاتێ دەڵێت: «ئامانج پاساودەری ئامرازە (الغاية تبرر الوسيلة).»

سەرچاوەکان:

- Micky Bumbar: How Alcohol Played a Key Role in Warfare around the World. https://lordsofthedrinks.com/٠٩/٠٥/٢٠١٥/how-alcohol-played-a-key-role-in-warfare-around-the-world/.

٢. گەشتەکەی زینەفۆن. وەرگێڕانی، محمد مەسعود محمد، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، هەولێر٢٠١٢، لا١٧١.

-٣ Micky Bumbar: هەمان سەرچاوەی پێشوو

-٤ Kevin R Kosar: The military and whiskey's -٢٥٠ year history. https://medium.com/@kevinrkosar/the-military-and-whiskeys-٢٥٠-year-history-dc٧٨٣fc٣e٦٧d.٢٠١٧/١٢/٢٣.

-٥ Micky Bumbar: هەمان سەرچاوەی پێشوو

-٦ Nicholas K .Johanson: world war١, part٤.The German Army and Intoxication. https://pointsadhs.com/١٩/٠٦/٢٠١٤/world-war-i-part-٤-the-german-army-and-intoxication/.

-٧ Harry Andrew Miller: Rum and Blood, masculinity, Alcohol and the First World War. http://homeronline.com/rum-blood-masculinity-alcohol-world-war-one/ ١٣/Jan/ ٢٠١٩.

-٨ Peter Andreas: The untold story how booze soaked the battlefield of world war ll. https://watson.brown.edu/news/٢٠٢٠/untold-story-how-booze-soaked-battlefields-world-war-ii-written-peter-andreas.٢٠٢٠/٠١/٠٨.

-٩ Lukasz Kamienski: Combat High- How Armies Throughout history Used Drugs to Make Soldiers Fight. https://militaryhistorynow.com/٠٨/٠٥/٢٠١٨/combat-high-a-sobering-history-of-drug-use-in-wartime/.

-١٠ Lukasz Kamienski: Drugs. https://encyclopedia.-١٩١٨-١٩١٤online.net/article/drugs. ٢٠١٩/٠٣/٠٧

-١١ Lukasz Kamienski: Combat High- How Armies Throughout history Used Drugs to Make Soldiers Fight.

-١٢ Norman Ohler: BLITZED, Drugs in the Third Reich, translated by Shaun whiteide, Houghton Mifflin Harcourt. Boston, Newyork ٢٠١٧, p٣٨.

١٣- خالد بن الشريف: من هتلر الى الداعش...كيف صنعت المخدرات جنود الخارقين. www.ultrasawt.com ٠٥/مايو/٢٠١٨

-١٤ - Lukasz Kamienski: Combat High- How Armies Throughout history Used Drugs to Make Soldiers Fight.

-١٥ Lukasz Kamienski: هەمان سەرچاوەی پێشوو

-١٦ Lukasz Kamienski: هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٧- - خالد بن الشريف: من هتلر الى الداعش...كيف صنعت المخدرات جنود الخارقين. www.ultrasawt.com ٠٥/مايو/٢٠١٨



# ململانێ سەربازییەکان لەسەر مانگ

لە ساڵی ١٩٥٩وە، ئەمریکا کەوتووەتە هەوڵی دامەزراندنی شوێنێکی سەربازی لەسەر مانگ، بەڵام توانا تەکنەلۆژییەکانی ئەو کاتە کە لەبەردەستدا بوون نەیتوانی ئەو کارە بکات. لە ساڵی ٢٠١٩ هێزی بۆشایی ئاسمانی دامەزراند. جۆن شاو، فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە ٢٠٢٠ ڕایگەیاندووە، لە هەندێک شوێن خاڵی سەربازی لە بۆشایی ئاسمان جێگیر دەکەین. ئاماژەی بەوەشکردووە: ئەوان دەتوانن، بۆ نموونە، ناوەندێکی فەرماندەیی لە شوێنێک لە بۆشایی مانگدا بەڕێوەببەن.

لە درێژەی هاوکاریی نێوان چین و ڕووسیا لە مانگی ئازاری ٢٠٢١دا، دوو ڕێککەوتنیان بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی شرووسیا زیاتر بۆشایی ئاسمان وەک دۆمەینێکی شەڕ سەیردەکەن. سوپای چین لە ساڵی ٢٠١٥ هێزی پشتیوانی ستراتیژی دامەزراند، کە مامەڵە لەگەڵ ناوچەکانی بۆشایی ئاسمان و فەزای ئەلیکترۆنی و سپێکتریمی کارۆموگناتیسی دەکات. هەروەها ڕووسیا لە هەمان ساڵدا هێزێکی بۆشایی ئاسمانی سەربەخۆی دامەزراند. لە بەرامبەر ئەم پێشهاتانەدا، فەرەنسا لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٩ فەرماندەیی بۆشایی ئاسمانی دامەزراند.

زلهێزەکان سوورن لەسەر گەیشتن بە مانگ و وەبەرهێنانی ئابووری و سەربازی تیایدا، بەڵام توانای بەدەستهێنانی ئەمە بەندە بە بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتووتر بۆ بەکارهێنانی لە بۆشایی ئاسمان، بەجۆرێک بتوانێت بنکەی سەربازی دروست بکات.

# مۆبایل لەناو سوپادا هەڕەشەی ڕاستەقینە و دیارییەک بۆ دوژمن

ئامادەکردنی: ئارمان قارەمان

پرسی موبایل لەناو سوپاکان یەکێکە لە بابەتەکانی ئەم سەردەمە و لێکدانەوەو توێژینەوەی زۆری لەبارەوە دەکرێت. لێرەدا لە باسکردنی ئەم پرسەدا بۆ ئەوەی نموونەی زیندوومان لەبەر دەست بێت، لە جەنگی ڕووسیا – ئۆکرانیاوە دەست پێدەکەین. خێزانە ڕووسیاییەکان لە سەرەتای شەڕەکەوە سەریان سوڕما لە زانیاری بێزارکەری منداڵ و هەرزەکارەکانیان کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامەکانی تری نامە ناردنی مۆبایلە زیرەکەکانی سەربازەکانی ڕووسی و تەنانەت بەهۆی پەیامەکانی ئۆکرانیەکانەوە بەدەستیان گەیشتووە، کە بەگشتی نەرێنی بوون و ئازارەکانی ئاگری شەڕەکە و مەترسییەکانیان بۆ باسکردوون، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو منداڵ و هەرزەکارانە ئاگاداری هۆکارو ئامانجی شەڕەکە نەبوون، یان چاوەڕوانی ڕووداوی وایان نەدەکرد. بۆیە ڕووسەکان بۆ ڕەواندنەوەی ترس و بێ ورەیی پێیان گوتن، کە هاونیشتمانە ئۆکراینییەکانیان، بە ڕەچەڵەک ڕووسین، بە گوڵەوە چاوەڕێی سەربازەکانمان دەکەن.

سوپای ڕووسیا دوای ١٠ مانگ لە شەڕ ڕایگەیاند، کە مۆبایلەکانی سەربازەکانیان لە بە ئامانجگرتنی ئەوان لە بەرەکانی شەڕدا بەشداری کردووە. لەمبارەیەوە لە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا ئاشکرایکرد، لە هێرشەکەی ئۆکرانیا بۆ سەر ماکێیڤکا لە ناوچەیەکی ژێر

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

دەسەڵاتی رووسیا لە دۆنێتسک، ٨٩ سەرباز کوژراون. روونیشیکردووەتەوە، هۆکاری سەرەکی هێرشەکە، بەکارهێنانی مۆبایلە بەبێ مۆڵەتەکان بووە لەلایەن سەربازەکانیانەوە.

مۆبایل و سوپا.. هەڕەشەیەکی راستەقینە

گۆڤاری (Information Warfare) لە ساڵی ٢٠١٢ توێژینەوەیەکی لەژێر ناونیشانی (مۆبایل و سوپا: ئامرازێکی بەسوود یان هەڕەشەیەکی راستەقینە؟) بڵاوکردەوە کە لە مەترسییەکانی بەکارهێنانی موبایلی زیرەک لەلایەن سەرباز و ئەفسەرەکانەوە هۆشداری سەربازانە نزیک دەبێتەوە. نووسەر روونی دەکاتەوە، کە مۆبایل تا رادەیەکی زۆر سەلامەت نییە، جا بۆ بەکارهێنانی مەدەنی بێت یان سەربازی، چونکە هۆکارێکە بۆ زانین و بردنی داتای بەکارهێنەر و هاوبەشکردنی لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکتەر و سیخوڕی دروستکراودا. چاودێر و هێرشە سیخورییەکان دەتوانن نامەی کورت بخوێننەوە، بەدواداچوون بۆ پەیوەندییەکان بکەن، وشەی نهێنی کۆبکەنەوە، شوێن پێی مۆبایلەکە هەڵبگرن، دەستیان بگات بە مایکرۆفۆن و کامێراکەی و زانیاری لە ئەپڵیکەیشنەکان دەربهێنن.

و شوێنی دیاری دەکات و گوێیان لە قسەکانی دەبێت و هەروەها وێنەیشی دەگرن و لەوانەیە هەموومان بەردەوام بەرکەوتەی ئەم شتە ببین. بۆیە ئەم کێشەیە بۆ بواری سەربازی پەیوەندی بە پاراستنی ئاسایشەوە هەیە، ئەمەش وادەخوازێت پلان دابڕێژن و رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر، بۆیە رەنگە پێویست بێت، چ لە بارەگا بێت یان مەیدانی شەڕ، مۆبایلی زیرەک هەڵنەگرن. ئەو پسپۆڕە لە کاروباری ئەمنی و بەرگری دووپاتی دەکاتەوە، ئەگەر ئەم رێکارە خۆپارێزی و وریایە لەکاتی ئاساییدا دروست بێت، دەبێت لە بەرەکانی شەڕ و مەیدانەکانی رووبەڕووبوونەوەدا

## مۆبایل هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی زانیاریی کەسانی ئاسایی، بەڵام بۆ سەرباز و ئەرکی سەربازی هەڕەشەکە زیاتر و مەترسیدارترە و نابێت تەنها لە بەرەکانی شەڕدا سنووردار بکرێت، بەڵکو لە سەربازگە و بارەگاکانیشدا پێوەستە بە هۆشیاری و سنوورداریییەوە بەکاربهێنرێت

داوە.

توێژینەوەکە رەهەندەکانی مەترسی بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکانی باسکردووە لە ژینگەی سەربازیدا، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە سوپاکە لە رێگەی ئەپڵیکەیشنی تایبەتەوە مۆبایل بە شێوەیەکی بەسوود بۆ پەیوەندیی کاروباری میدیای سەربازی بەکاربهێنرێت.

**توێژەران: موبایلی زیرەک .. دیارییەک بۆ دوژمن**

ماریا فاریل، نووسەری ئێرلەندی کە پسپۆڕە لە کاروباری تەکنەلۆژیا، لە بابەتێکیدا بە ناونیشانی (ئەو سەربازانەی مۆبایلی زیرەک هەڵدەگرن، دەتوانن دیارییەک بن بۆ دوژمن) دەڵێت، بە بەکارهێنانی موبایل، مەترسی راستەقینە لە دەوری ئەو شارەزایەکی دیکەی پرۆگرامی ئاسایش و بەرگری لە سەنتەری میسری بۆ هزر و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە قاهیرە، هاورایە و دەڵێت: مۆبایل هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی زانیاریی کەسانی ئاسایی، بەڵام بۆ سەربازو ئەرکی سەربازی هەڕەشەکە زیاترو مەترسیدارترەو نابێت تەنها لە بەرەکانی شەڕدا سنووردار بکرێت، بەڵکو لە سەربازگە و بارەگاکانیشدا پێوستە بە هۆشیاری و سنوورداریییەوە بەکاربهێنرێت.

توێژەرێک روونی دەکاتەوە، کە ئەو تەکنیکەی لە ئەنتەرنێت و مۆبایلەکاندا بەکاردەهێنرێت و سرووشتی خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وایانکردووە، مۆبایلی زیرەک لە ئامێرێکی پەیوەندیی سادە بگۆڕێت بۆ سیستەمێکی ئۆتۆماتیکی کە لەگەڵ خاوەنەکەیدا کارلێک دەکات دوو هێندە بکرێت، کە خزمەتگوزاری هەواڵگری و زانیاری بەگشتی چالاکن، و لەو کاتەدا ئاسانە چاودێریی شوێنی ئەو سەربازانە بکەن کە مۆبایل بەکاردەهێنن. لێرەدا هەندێک کەس پێیان وایە کە تەلەفۆن ئاسانکاری دەکات بۆ پەیوەندی نێوان سەربازەکان لە شوێنی شەڕدا، بەتایبەتی ئەگەر وێستگەی پەیوەندیی زەمینی نەبێت، بەڵام ئاسایشی سەربازەکان لێرە گرنگترە و مۆبایلیش نییە کە بە تەواوی پارێزراو بێت. بۆیە ئەم پرسە وەک هەڕەشەیەکی راستەقینە بۆ سەر سوپاکان دەمێنێتەوە، بە تایبەت لە کاتی شەڕدا.

**سەرچاوە:**

- الهواتف في الجيوش... نيران صديقة و هدايا مجانية للعدو - www.independentarabia.

# فرۆکەی B_52



و/ رائد قانیعە حەسەن

بە یەکێک لە فرۆکە زەبەلاح و تایبەتەکانی سوپای ئەمریکا دادەنرێت، فرۆکەیەکی ستراتیجی بۆمب هاوێژە کە لە لایەن کۆمپانیای بۆینگ بی بۆ هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرهەمهێنراوە. سوپای ئەمریکا تاکە وڵاتە کە خاوەنی ئەم جۆرە فرۆکەیە، کە توانای بارکردن و گواستنەوەی 32 تەن بۆمب و مووشەکی جیاوازی هەیە. فرۆکەکە بۆ ئەرکی ئەتۆمی نهێنی لە کاتی جەنگی سارد و وەک جێگرەوەی بۆمب هاوێژی B-36 پەرەی پێدراوە.

مێژووی بەرهەمهێنان و دیزاین کردنی فرۆکەی B-52 دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1946 و لە ساڵی 1954 بۆ یەکەم جار فرێندرا. لە ساڵی 1955 ەوە ئەمریکا کار بەو فرۆکەیە دەکات و رۆڵێکی گرنگی لە هێزەکانی ئاسمانی ئەمریکادا هەبووە. رێژەی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فرۆکەیە تا ساڵی 1962 گەیشتە 351 فرۆکە. دوایین فرۆکەی بۆمبهاوێژی B-52 کە توانای هەڵگرتنی بۆمبی ئەتۆمی هەبوو لە ساڵی 1962 بەرهەمهێنرا. هەروەها لە نێوان ساڵانی 1961 تا 1962، 65 جۆری B-52H بەرهەمهێنرا کە توانای هەڵگرتن و هاوێشتنی 15 مووشەکی کرۆزی هەبوو.

B-52 فرۆکەیەکی جەنگی خێرایە و دەتوانێت بگاتە خێرایی سەرووی دەنگ، هەروەها دەتوانێت بگاتە بەرزایی نزیکەی (12000 هەزار مەتر) ، فرۆکەکە توانای هەڵگرتنی بۆمبی ئەتۆمی نائاسایی و گەشتی جیهانی هەیە.

هەروەها لە ئەرکەکانی چاودێریی زەریادا. رۆڵێکی گرنگی لە یارمەتیدانی هێزی دەریایی ئەمریکادا هەیە لە ئۆپراسیۆنەکانی دژە کەشتی و میندانان. دەتوانێت لە ماوەی دوو کاژێردا 162000 کیلۆمەتر چوارگۆشە لەڕووی ئاستی زەریا ببینێت. هەروەها شوێنی سووتەمەنی تەواوی هەیە کە بەشی بڕینی زیاتر لە 12000 کیلۆمەتر دەبێت، لە کاتێکدا دەتوانێت بە بێ سووتەمەنی لە ئاسماندا بەردەوام بێت لە فرین تا ئەو کاتەی توانای فیزیکی دەستەی فرینەکە رێگەی پێدەدات.

درێژیی باڵەکانی فرۆکەکە 56,4 مەتر، درێژی لاشەکەی 48,5 و بەرزییەکەی 12,4 مەترە. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی فرۆکەکەش بریتین لە پێنج کەس: فەرماندە، فرۆکەوان، دەریاوان، ئەفسەری رادار و ئەفسەری جەنگی ئەلیکترۆنی. لە ئێستاش دا فرۆکەی B-52H بە هەشت بزوێنەری توربۆفان کار دەکات، رۆڵێکی گرنگی لە هێزی ئاسمانی ئەمریکادا هەیە و پلانیان هەیە تا ساڵی 2034 ئەم فرۆکەیە بەکاربهێنن.

سەرچاوە: https://fa.wikipedia.org

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43




## یۆنان گرێبەستی کڕینی ٢٠ فڕۆکەی جەنگی ئەمریکی (F-35A) واژۆ دەکات

ئەڤین ئەحمەد

یۆنان بە فەرمی واژۆی لەسەر کڕینی 20 فڕۆکەی جەنگی ئێف 35 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و بووە 19هەمین وڵات کە فڕۆکە جەنگییەکەی نەوەی پێنجەمی هەبێت. بە وتەی نیکۆس دێندیاس وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە، یۆنان کاردەکات بۆ دروستکردنی هێزی چەکداری بەهێز و مۆدێرن کە توانای دابینکردنی مەرجەکانی ئاسایشی نیشتمانی هەبێت لەڕێگەی کڕینی مۆدێرنترین فڕۆکەی شەڕکەر لە جیهاندا. فڕۆکەی جەنگی F-35 ناسراو بە(Joint Strike Fighter) تایبەتمەندە بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی دزێو کە ڕێگری دەکات لە دەستنیشانکردنی لە ڕێگەی ڕادارەو. مەودای فراوانی کارەکانی و بەرفراوانی تواناکانی، وای لێکرد بە "فڕۆکەی جەنگی ئێف-٣٥" بناسرێت. فڕۆکە جەنگییەکە سێ وەشانی هەیە، وەشانی F-35A بە سووکترین و بچووکترین دادەنرێت، هەروەها ئەو وەشانەیە کە دەتوانێت لە ڕێڕەوی فڕینی تەقلیدییەوە هەڵبفڕێت و بنیشێتەوە. فڕۆکەی F-35A بە تۆپێکی 25 ملم تەیار کراوە و باری شەڕکەری دەگاتە 18 هەزار پاوند و مەودای زیاتر لە 1200 میل.



## بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەستنیشانی هەڕەشە کیمیایی و تیشک و ئەتۆمییەکان دەکرێت

ئا: ڕێناس

کۆمپانیای تەکنەلۆژیای نەمسایی (فرێکوێنتیس) پەردەی لەسەر سیستەمێکی نوێی لەسەر بنچینەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لادا کە دەتوانێت مەترسیە کیمیایی و بایۆلۆجی و تیشکی و ئەتۆمییەکان دەستنیشان بکات کە بۆ ئاژانسی بەرگریی ئەورووپا پەرەی پێدراوە. ئەم دەستپێشخەرییە بەشێکە لە پرۆگرامی گەشەپێدانی پیشەسازی بەرگریی ئەورووپا، لەلایەن ئەندامانی یەکێتی ئەورووپا هاوبەشی دارایی دەکرێت و ئامانجی بەهێزکردنی تواناکانی وەزارەتەکانی بەرگریی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپایە. سیستەمەکە خانەیەکی داهێنەرانە و پێشکەوتووی داتا فیوژن بەکاردەهێنێت کە بە شێوەیەکی بێ کێشە زانیارییەکانی سەرچاوە جیاوازەکان وەک هەستەوەر و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان جیاوازەکان یەکدەخات. هەروەها یارمەتی خێرا دۆزینەوە و هەڵسەنگاندنی مادده مەترسیدارەکان دەدات لە ژینگەی کارکردندا، ئەمەش مەترسییەکان بۆ سەر ئەندامانی هێزی سەربازی کەمدەکاتەوە.

## ڕاداری دوورمەودای RAT 31DL/M

ئا: حەسەن عومەر

ڕادارەکانی RAT31DL/M، کە بە تەکنەلۆژیای خۆپاراستنی و بەرەنگاربوونەوەی ئەلیکترۆنی (ECM)یش ناسراوە، بۆ دیاریکردنی جۆرەها هەڕەشەی ئاسمانی دروستکراوە، لەوانە فڕۆکە، مووشەکی کروز، فڕۆکەی هایپەرسۆنیک لەنێویاندا مووشەکی بالیستیک و ئەوانی تر. ڕادارێکی سێ ڕەهەندییە و زۆرترین مەودای ٤٠٠ کیلۆمەترە و توانای هەیە خۆی لەگەڵ ئەو مەترسیانەدا بگونجێنێت کە بەهۆی کۆمەڵێک سیناریۆی کارپێکردنی فراوانەوە دروست دەبن. ئەم ڕادارە بە ڕاداری بەرگریی ئاسمانی سەرەتایی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) دادەنرێت.





# ئەڵمانیا و ئیسرائیل و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە ژێر ئاو

ئا: توانا



بەپێی ئەو زانیارییانەی وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا بڵاویکردووەتەوە، جێگری هێزی دەریاوانی ئەڵمانی، یان کریستیان، سەردانێکی سەرەتایی خۆی بۆ ئیسرائیل ئەنجامداوە، لەگەڵ هاوتا ئیسرائیلییەکەی جێگری دەریاوان دەیڤید سار کۆبووەتەوە. سەردانەکە لەسەر گەڕان بەدوای تەکنەلۆژیا دەریاییەکانی داهاتوودا بووە لەنێویاندا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ژێر ئاو .پێدەچێت گفتوگۆکانی ئەم دواییەی نێوان فەرماندەکانی هێزی دەریایی ئەڵمانیا و ئیسرائیل لەسەر فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ژێر ئاو بێت. کۆمپانیای BlueWhale کە هاوکاریی کۆمپانیای ئیسرائیلی Elta Systems و کۆمپانیای Atlas Elektronik ئەڵمانییە، سیستەمی BlueWhale تواناکانی دژەشەڕی ژێردەریایی بەرزدەکاتەوە بە یەکخستنی تەکنەلۆژیای ژێردەریایی سەربەخۆی کۆمپانیای Elta . لەگەڵ ڕیزبەندییەکی سۆناری پاسیڤی ڕاکێشراو لە کۆمپانیای ئەتڵەس ئەلیکترۆنی. ئەم تێکەڵەیە ڕێگە بە دۆزینەوە و شوێنپێهەڵگرتنی ژێردەریاییەکان دەدات لە قووڵاییەکاندا کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی دەستنیشان نەکرێن. کە سوودێکی ستراتیژی لە چاودێری ژێر ئاو و سیناریۆکانی شەڕدا دابیندەکات. لەڕووی ستراتیژییەوە سیستەمی BlueWhale چەندین سوود پێشکەش بە هێزی دەریایی ئەڵمانیا دەکات. لەو شوێنەی کە توانا پێشکەوتووەکانی بەکار دەهێنرێن. هەروەها ئاسایشی دەریایی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزدەکاتەوە لە ڕێگەی باشترکردنی توانای چاودێریکردن و بەدواداچوونی ژێردەریاییەکان لە ناوچە گرنگەکانی وەک دەریای باڵتیک و دەریای باکوور. سیستەمەکە مەودای کارکردنی هێزی دەریایی ئەڵمانیا فراوانتر دەکات. جگە لەوەش، کارایی تێچووی ئۆپەراسیۆنە سەربەخۆکان پێویستی بە ئەرکە گەورەکانی سەرنشین کەمدەکاتەوە، ئەمەش ڕێگە بە چاودێریکردنی بەردەوامتر و گشتگیرتر لە ژێر ئاودا دەدات. ژێردەریایە ئۆتۆنۆمەکە درێژییەکەی ١٠.٩ مەتر و کێشی ٥.٥ تەنە، ئەمەش وایکردووە ببێتە سەکۆیەکی زۆر باش بۆ ئەرکەکانی ژێر ئاو. دەتوانێت تا ٣٠ ڕۆژ بە بەردەوامی کاربکات.

# کۆنترین فڕۆکەی شەڕکەر

ئا: سەردار



فڕۆکەی Curtiss JN-٤ Jenny لەلایەن Glenn Curtiss دیزاین و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٥ دروستکراوە. لە ساڵی ١٩١٦ دەستی بە خزمەتکردن لە سوپای ئەمریکا کردووە. ناوی فڕۆکەکە لەلایەن فڕۆکەوانە بەریتانییەکان نازناوی «جینی»ی پێدراوە، ئەمەش بۆ ڕێزگرتن لە ناوی کچەکەی گلێن کورتیس. تایبەتمەندییەکانی: بە بزوێنەری تاکەپستۆن بە توانای ٩٠ ئەسپ کاری دەکرد. خێرایی بەرزی ٧٥ میل لە کاتژمێریکدایە (١٢١ کیلۆمەتر لە کاتژمێریکدا). مەودای تا ٢٠٠ میل (٣٢٢ کم)ە. بە شێوەیەکی سەرەکی لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا بۆ مەشق و ڕاهێنان بەکاردەهێنرا، چونکە بۆ ڕاهێنانی فڕۆکەوانی نوێ فڕینی ئاسان و متمانەپێکراو بوو، ئەمەش وایکرد بۆ ڕاهێنان گونجاو بێت. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا لە خزمەتی سەربازی دەرهێنرا. جێنی لە یەکەم نمایشی ئاسمانی لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٠ بەکارهێنرا. کەشتیی جێنی لە یەکەم فڕینی ئەمریکا بۆ دەرەوەی کیشوەری لە ساڵی ١٩١١ بەکارهات. فڕۆکەی جێنی لە یەکەمین فیلمی فڕۆکەوانی لە ساڵی ١٩١٢ بەکارهات. فڕۆکەیەکی دوو کورسی بووە و بزوێنەری یەک پستۆنی هەبووە. جێنی زیاتر بۆ مەشق و ڕاهێنان لە شەڕی جیهانی یەکەمدا بەکاردەهێنرا، بەڵام وەک فڕۆکەی شەڕکەریش بەکارهێنراوە. جێنی کۆرتیس فڕۆکەیەکی تارادەیەک خاو و بێ چەک بوو، بەڵام فڕینی ئاسان بوو و متمانەی پێدەکرا. زیاتر لە شەش هەزار جێنی دروستکرا، هەروەها لەلایەن هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی ئەمریکا بەکارهێنرا. جێی یەکەم فڕۆکە بوو کە بەکۆمەڵ بۆ سوپای ئەمریکا دروستکراوە. جگە لە بابەتی جەنگی، یەکەم فڕۆکە بوو کە بۆ کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆ و پۆستی ئاسمانی و بۆ ڕشاندنی قرکەر بەکاردەهات. فڕۆکەی کورتیس JN-٤ Jenny وەک فڕۆکەیەکی بەناوبانگ دەمێنێتەوە. زۆرجار لە پێشانگای فڕۆکەوانی و فێستیڤاڵە ئاسمانییەکان بەکاردەهێنرێت و نمایش دەکرێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA
WWW.GOV.KRD/MOPA
Jul 2024
43
43

# مووشەکی هەڵۆی تاریکی



ئەم مووشەکە هایپەر سۆنیکە ناوی Long-Range Hypersonic Weapon LRHW)) خێراییەکەی زیاترە لە ٥ جار خێرایی دەنگ، توانای بڕینی ١٧٢٥ کیلۆمەتری هەیە، بەهۆی توانای گۆڕینی ئاڕاستەکەی لە کاتی فڕیندا، توانای بڕینی زۆربەی سیستمە بەرگرییەکانی هەیە، بۆ هێرشە ستراتیژییەکان بەکاردەهێنرێت وەک تێکشکاندنی سیستەمەکانی بەرگریی دوژمن. لەلایەن وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاوە پەرەی پێدراوە، بەشێکە لە بەرنامەی نوێکردنەوەی چەکە ستراتیجییەکانی ئەمریکا و هێشتا لە قۆناغی تاقیکردنەوە و پەرەپێداندایە. دەکرێت هاوکێشەی هێزی سەربازی لە جیهاندا بگۆڕێت. هەروەها پارسەنگی هێز دەگۆڕێت لەگەڵ وڵاتانی وەک چین و ڕووسیا. هێزی ئاسمانی ئەمریکی لەهەوڵی ئەوەدایە خێرایی ئەم مووشەکە هایپەرسۆنیکە بەرزبکاتەوە بۆ بیست ئەوەندەی خێرایی دەنگ کە دەکاتە نزیکەی ٧کیلۆمەتر لە یەک چرکە یان ٢٥٠٠٠ کیلۆمەتر لە یەک کاتژمێردا لە بیست پلەی سیلیزی. بۆ زانیاریی زیاتر، خێرایی دەنگ لە هەوادا لە ٢٠ پلەی سیلیزی ٣٤٣ مەترە لە یەک چرکە یان ١٢٣٥ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێک یان ٧٦٨ میلە لە کاتژمێرێکدا.

ئامادەکردنی: شاخەوان

# چۆنیەتی کارپێکردنی بزوێنەری تانک و زرێپۆش





ئۆتۆمبێلی ئاسایی بەچەند قۆناغێک پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و توانرا لە پەیداڵ لێدان و سلف بگاتە پەنجە لێدان بۆ هەڵکردن و ئیشپێکردنی بزوێنەر . بەگشتی چ لە رابردوو چ لە ئێستادا، پڕۆسەکە خێرایە و چەند چرکەیەک دەخایەنێت، بەڵام ئەم پڕۆسەیە بۆ بزوێنەری تانک و زرێپۆش جیاوازە و سیستەمێکی ئاڵۆزتر و فرەقۆناغی هەیە. پێش دەستپێکردن، پشکنینێکی خێرا بۆ سیستەمەکان دەکرێت، سیستەمی پێش گەرمکردن بەکاردێت بۆ ئامادەکردنی بزوێنەرەکەو دوگمەی دەستپێکردن دەپەستێرێت یان سویچ دەسووڕێنرێت، سیستەمی هایدرۆلیکی یان نیوئۆتۆماتیکی یارمەتی دەستپێکردن دەدات پرۆسەی دەستپێکردن دەکرێت چەند خولەکێک بخایەنێت، بەڵام لە زرێپۆشەکانی شەڕی یەکەم و دووەم سیستەمەکە ئاڵۆزتر بووەو کاتێکی زیاتری خایاندووە. هەرچەندە ئێستا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا ئاڵۆزەو پێویستی بەکات هەیە. تانکە پێشکەوتووەکان توانای دەستپێکردن لە پلەی گەرمای زۆر بەرز و زۆر نزمیان هەیە، هەروەها سیستەمی یەدەگی بۆ دەستپێکردن لە کاتی کێشەی سەرەکی بۆ دانراوە، توانای دەستپێکردنی خێرای هەیە لە کاتی فریاکەوتن. جگە لەمە، سیستەمی پاراستن لە دەستپێکردنی نەخوازراوی بۆ دانراوە.

گرنگە بزانین کە پرۆسەی دەستپێکردنی تانک و زرێپۆش ئاڵۆزترە و کاتی زیاتری دەوێت بەراورد بە ئۆتۆمبێلی ئاسایی، بەڵام دیزاین کراوە بۆ دڵنیابوون لە دەستپێکردنی سەرکەوتوو لە دۆخی سەختدا. بۆیە بەکارهێنانی پۆمپی سووتەمەنی بەهێز بۆ دابینکردنی سووتەمەنی زۆر لە کەمترین کاتدا هەروەها سیستەمی پاڵاوتنی پێشکەوتوو بۆ پاککردنەوەی سووتەمەنی لە پیسی خڵتەی سوتەمەنییەکە، سیستەمی هەواپێدانی پێشکەوتووە بە بەکارهێنانی توربۆچارجەر بۆ زیادکردنی هێزی بزوێنەر لەگەڵ سیستەمی فلتەرکردنی هەوای پێشکەوتوو بۆ کارکردن لە ژینگەی پیس لەگەڵ ڕادیەیتەری گەورە و بەهێز بۆ ساردکردنەوەی بزوێنەر بە سیستەمی ساردکردنەوەی دووانە بۆ کارکردن لە پلەی گەرمای بەرز، تایبەتمەندی دیکەی بزوێنەری تانک و زرێپۆش ئەوەی کە دەتوانرێت لەژێر ئاودا کاربکات.

43

# ئەو وڵاتانەی هێزی سەربازییان نیە

ئامادەکردنی: هۆزان قارەمان



## سامۆئا

سامۆئا، وڵاتێکە بەشی ڕۆژئاوای دوورگەکانی ساموا لە باشووری زەریای هێمن دەگرێتەوە و لە ساڵی ١٩٦٢ سەربەخۆیی خۆی لە نیوزلەندا بەدەستهێناوە. لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هیچ هێزێکی سەربازی تێدا نییە، بەڵکو یەکەیەکی چاودێری دەریایی هەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ. پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان ساموا و نیوزلەندا لە ساڵی ١٩٦٢ واژۆ کرا، کە تێیدا بڕیاری یارمەتی سەربازی درا لە ئەگەری شەڕ یان هێرشی بیانی بۆ سەر سامۆئا.



## ئەندۆرا

میرنشینی ئەندۆرا، یەکێکە لە وڵاتانی کیشوەری ئەورووپا و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی (٩٠) هەزار کەسە، لە باکوورەوە لەگەڵ فەرەنسا و لە باشوورەوە لەگەڵ ئیسپانیا هاوسنوورە.

ئەو وڵاتە سوپایەکی ئاسایی نییە، تەنها پەیمانی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا و بەتایبەتی فەرەنسا واژۆ کردووە بۆ پاراستنی خاکەکەی. کۆمەڵێک خۆبەخش بەرپرسیارن لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ئەندۆرا لە ساڵی ٢٠٢٤ لە ڕیزبەندی سەلامەتترین وڵاتانی جیهان پلەی یەکەمی وەرگرتبوو.



## لیختنشتاین

لیختنشتاین، وڵاتێکی بچوکی ئەورووپییە و دانیشتوانەکەی نزیکەی ٤٠ هەزار کەسە، بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکەن و دەکەوێتە نزیک بەرزاییەکانی ئەلب، لە نێوان هەردوو وڵاتی نەمسا و سویسرا هەڵکەوتووە. لە ساڵی ١٨٦٨ بەهۆی تێچووی زۆری ماددی سوپاکەی هەڵوەشاندەوە و سوپاکە تەنها لە کاتی جەنگدا بانگ دەکرێت. میرنشینی لیختنشتاین بە کۆمەڵێک چەک و تاکتیکی تایبەت پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی وڵاتەکە دەپارێزێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

43

# بەرزیی پلەکانی گەرما و کاریگەری لەسەر بەرەکانی پێشەوەی شەڕ





**وەرگێڕانی: شیوەن موحسین**

بێگومان بەرزیی پلەی گەرما کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەرەکانی پێشەوەی شەڕ هەیە بەتایبەت دەبێتە هۆی ماندووبوونی زۆر و کەمبوونەوەی وریایی سەربازەکان و دروستبوونی سەراب کە کاریگەری لەسەر دید و ئامانج و مەترسی گەرمالێدان و وشکبوونەوە و دابەزینی ڕێژەی ئاوی لە لەشدا هەیە. هاوکات، کەمبوونەوەی مۆراڵی سەربازەکان بەهۆی ناڕەحەتی گەرما، زیادبوونی گرژی و هەڵچوون لە نێوان سەربازەکان، کەمبوونەوەی توانای جەستەیی و هزری لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی دیکەن، ئەوەش لە کاتێکدایە کە زۆر پێویستە سەرباز لەو کاتە هەستیارانە لەوپەڕی وریایی و توانای جەستەیی بێت. جگە لە کاریگەریی مرۆیی، بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر کەلوپەل و چەک وەک گەرمبوونی زیاتری چەک و کەمبوونەوەی کارایی، زیادبوونی پێویستی بۆ چاکسازی و چاودێری ئامێرەکان، کورتبوونەوەی تەمەنی باتری و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی. بەرزی پلەکانی گەرما کاریگەری دەبێت لەسەر ئۆپەراسیۆنەکان وەک سنووردارکردنی کاتی چالاکییەکان بۆ کاتە فێنکەکانی ڕۆژ، زیادبوونی پێویستی بۆ پشوودان و ئاوخواردنەوە، گۆڕانکاری لە ستراتیژیی شەڕ بەهۆی دۆخی کەشوهەوا. لەلایەکی دیکە کاریگەرییەکی نەرێنی دەبێت لەسەر لۆجیستیک وەک زیادبوونی پێویستی بۆ ئاو و خواردنەوەی فێنک، پێویستی بۆ کەلوپەلی تایبەت بە پاراستن لە گەرما، گرنگی زیاتری سیستەمی ساردکردنەوە لە ئامێرەکان کەمبوونەوەی کارایی هەندێک ئامێری چاودێری حەراری.

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشانە، سوپاکان پێویستە ستراتیژی تایبەت و ئامادەکاری پێشوەخت ئەنجام بدەن، وەک دابینکردنی کەلوپەلی گونجاو، ڕاهێنانی تایبەت، و گۆڕانکاری لە شێوازی ئۆپەراسیۆنەکان. وەک ڕاهێنانی تایبەت بۆ شەڕ لە کەشی گەرم، گرنگی زیاتری پلاندانان بۆ بەڕێوەبردنی کاریگەرییەکانی گەرما، هەروەرها دابینکردنی ئاوی پێویست — دەبێت سەربازەکان بەردەوام ئاوی زۆر بخۆنەوە بۆ ڕێگری لە وشکبوونەوە. جلوبەرگی گونجاو – بەکارهێنانی جلی سووک و فێنک کە ڕێگە بە هەڵمژینی ئارەق دەدات، سێبەر و پشوودان – دروستکردنی شوێنی سێبەردار و دانی کاتی پشوودان بۆ سەربازەکان، ڕاهێنان لەسەر نیشانەکانی گەرمالێدان– فێرکردنی سەربازەکان بۆ ناسینەوەی نیشانەکانی گەرمالێدان، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێنککەرەوە – وەک جلی فێنککەرەوە یان ئامێری بچووکی فێنککردنەوە، خۆراکی گونجاو – دابینکردنی خۆراکی سووک و پڕ وزە، ڕێکخستنی کاتەکانی چالاکی – ئەنجامدانی کاری قورس لە کاتە فێنکەکانی ڕۆژدا، چاودێری تەندروستی – پشکنینی بەردەوامی باری تەندروستی سەربازەکان.

دەربارەی خۆراک و ژەمی سەربازەکان پێویستە خواردنی ژەمی بچووک و زووزوو باشترە لە ژەمی گەورە، خۆ دوورگرتن لە خۆراکی چەور و قورس، خواردنەوەی ئاو پێش، لەکاتی و دوای خواردن، خواردن لە شوێنی فێنک و سێبەردار، دڵنیابوون لە پاکوخاوێنی خۆراک بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی. گرنگە سەربازەکان فێر بکرێن کە تەنانەت ئەگەر برسیش نەبن، پێویستە بەردەوام خۆراک بخۆن بۆ پارێزگاریکردن لە وزەیان. هەروەها، دەبێت هۆشیار بن لە بەکارهێنانی خۆراکی زۆر سارد، چونکە دەتوانێت ببێتە هۆی شۆکی گەدە.

43

## هەواڵگریی پزیشکی ..

# ڕۆڵی کاریگەر لە پاراستنی سەلامەتی هێزی سەربازیی



**ئامادەکردنی: ژوان**

**هەواڵگریی پزیشکی، ڕۆڵێکی هەستیارو گرنگ لە چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان بۆ سەر تەندروستی ئەندامان و کۆی هێزی سەربازی دەگێڕێت، واتا، بەشێك لە تواناکان و چارەنووسی نیشتمان پەیوەستە بە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم دامەزراوەیەوە لەناو هێزی سەربازییدا، لەبەرئەوەی هێزی سەربازی هەر دەوڵەت و قەوارەیەك بنەماو پێکهاتەیەکی گرنگی بەرژەوەندی و ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی پێکدەهێنن و سەروەری و پارێزراوی خاك و خەڵك و کیانەکەیان لە ئەستۆیە. ئەم دامەزراوەیە لەناو زۆربەی وڵاتان و سوپاکانیاندا چالاکە، بەتایبەتی لە ئەمریکاو لەناو سوپای ئەو وڵاتەدا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە کاریان لەسەر کردووەو لە ئێستادا دامەزراوەیەکەو کاری گرنگ ئەنجامدەدات.**

### گرنگی ئەم دامەزراوەیە

زیاتربوونی نەخۆشییە وەرزی
و پەتاکان و نەخۆشی و پەتا
درمی و ئاژەڵییەکان و تەنانەت
بڵاوکردنەوەی ئەو نەخۆشییانەو
ڤایرۆس لەلایەن دوژمن و
نەیارەوە، ڕۆڵی هەواڵگریی
پزیشکی کاریگەرتر کردووە، ئەمە
سەرەڕای شێوازی ململانێکانی
سەردەم کە لەجیاتی شەڕو تەقەو
بۆمب و فڕۆکە، پرسی ناردنی
ڤایرۆس و بڵاوکردنەوەی پەتاو
نەخۆشییەکان و شێوازەکانی
تیرۆر بەشێکن لە پرسە
مەترسیدارەکان
لاوازکردنی تواناکانی مرۆڤ،
بە تایبەت لەرێگەی مەترسییە
تەندروستییەکان کە کەسێک
بە خێرایی بەرکەوتەی دەبێت،
دەبێتە مەترسییەکی تەندروستی
بۆ تەواوی دانیشتووان.
نەخۆشییە درمیەکان دەبنە
هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کە
کاریگەرییان لەسەر ئۆپەراسیۆنە
سەربازییەکان و بەرژەوەندییە
ستراتیژی یان سیاسییەکان بۆ
ئەو کۆمەڵگە و وڵاتانەی تێیدا
ڕوودەدات، هەیە.
دەتوانرێت هەواڵگریی پزیشکی بە
شێوازێکی تایبەتی کاری هەواڵگری
پێناسە بکرێت، کە لە ئەنجامی
کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندن و
شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییە
پزیشکییەکان بابەتە ژینگەییەکانی
بایۆلۆجی و دەرەکی هەڵسەنگێنن،
کە گرنگن بۆ پلاندانانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ستراتیژی و پلاندانانی پزیشکی سەربازی و ئۆپەراسیۆنەکان , هەروەها هەڵسەنگاندنی توانا پزیشکییەکانی دوژمن لە هەردوو کەرتی سەربازی و مەدەنیدا

## ئەرکی هەواڵگری پزیشکی

هەواڵگری پزیشکی دەکرێت لێکۆڵینەوە لە هەر لایەنێکی ژینگە سرووشتییە دەرەکییەکان و ژینگە دروستکراوەکانی مرۆڤ بکات، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر تەندروستی سەربازەکان هەبێت. ئەم پرۆسەیە نەک تەنها بۆ دابینکردنی پارێزراوی هێزی خۆت پێویستە، بەڵکو دەکرێت بۆ پێشبینیکردنی لاوازییە پزیشکییەکانی هێزەکانی دوژمنیش بەکاربهێنرێت. هەواڵگری پزیشکی زانیارییەکانی پەیوەست بە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هەڕەشەکانی لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆن و تایبەتمەندییەکانی شانۆی ئۆپەراسیۆنەکاندا لەخۆدەگرێت. زانیارییە بەسوودەکان بۆ ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوە، کەمکردنەوەی هەڕەشەکان، و پاراستنی تەندروستی هێزەکان کاری لەپێشینەی ئەم هەواڵگرییەن. بەزۆری، زانیاری و هەڵسەنگاندن لەسەر مەترسی جۆراوجۆری ژینگەیی، پیشەسازی، تەندروستی، نەخۆشییە گوازرەوەکان، ماددەی هۆشبەر کۆدەکاتەوە و پلانی خۆی دادەڕێژێت

## شەڕ و پەتا

پەتاکان توانای شەڕی سوپاکانی لەناودەبرد، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕادەگرت و مردن و کارەساتی بەسەر دانیشتووانی مەدەنی و یەکە جەنگییەکان و هەروەها دەوڵەتانی غەیرە شەڕکەردا دەهێنا. ڕووداوی مێژوویی پەتاکاندا لە ژێر کاریگەری پرۆسەکانی سەربازیدایە. لەڕووی مێژووییەوە، پەتاکان پەیوەندییان بە جێگیرکردنی سەربازییەوە هەبووە، نەخۆشییە درمیەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکان هەبووە. لە ساڵی ٤٣٠ پێش زایین، کاتێک شەڕی سپارتادا ڕوویدا، ئەسینای پایتەخت بەهەمان شێوەی سپارتا بەرەنگاری تاعون بووەوە. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، نەخۆشییەکە لە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڤێنیز لە کاتی شەڕەکانی ناپلیۆن ڕۆڵی هەبوو، کەسانێکی زۆری سوپای بەریتانیا بەهۆی نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستدا نەک بەهۆی برینەکانی شەڕەوە. لە شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا، زیاتر لە



دوو لەسەر سێی ئەو سەربازانەی کە کوژراون بەهۆی هەوکردنی سییەکان و تایفۆید و ئیسقان و مەلاریا بووە. پەتای ئەنفلۆنزای ئیسپانیا لە ساڵی ١٩١٨-١٩١٩ زیاتر لە جەنگی جیهانی یەکەم زۆر کەسی کوشت کە لەمبارەیەوە باس لە ژمارەیەکی مەزەندەکراو دەکرێت کە لە نێوان ٢٠ بۆ ٤٠ ملیۆن کەسدا بووە. لە بەرەی ڕۆژهەڵات، تایفۆس لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢٢ سێ ملیۆن کەسی لە ڕووسیا و پۆڵەندا و ڕۆمانیا کوشت..

لە ساڵی ٢٠١٤دا، هەواڵگری پزیشکی لە دوای بڵاوبوونەوەی بێ وێنەی ئیبۆلا لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، بەشدارییان لە هەڵسەنگاندنی خراپبوونی خێرای دۆخی ئەمنی و تەندروستی کرد. تیمەکانی هەواڵگری پزیشکی هەڵسەنگاندنی ئەوە بوو کە ئەگەری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە چەندە، و ئەو شێوازە بڵاوبوونەوەیە چۆن دەبێت و هەڕەشە ستراتیژییەکانی پەیوەست بەو ڤایرۆسە چییە و دەبێت چ ڕێگری و بەرپەرچدانەوەیەک بگیرێتە بەر

## ئاسایشی نەخۆشی و پەتاکان

دەوڵەتەکان تا هاتووە زیاتر لەسەر چەمکی ئاسایشی نەخۆشییەکان کۆکبوون، ئەمەش هاندەری پەرەپێدان و دامەزراندنی دەزگا هەواڵگرییە نیشتمانییەکانی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بووە لە چوارچێوەی دامەزراوە سەربازی و مەدەنییەکان. بۆ نموونە لە کاتی پرۆسەی دانانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا، پێشنیازێک بۆ ئامانجێک کرا کە پەیوەندی بە ئاسایشی تەندروستی جیهانییەوە هەیە، ئەویش بەم شێوەیە داڕێژراوە: ڕێوشوێنی گونجاو بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی بەرکەوتنی خەڵک لەگەڵ یەکتردا، بەرکەوتەی توند یان خێرا فراوان دەبن بۆ سەر تەندروستی، بەتایبەتی ئەو نەخۆشی و پەتایانەی کە هەڕەشەی بەزاندنی سنووری نێودەوڵەتییەکان دەکەن. هەرچەندە ئەم پێشنیازە پەسەند نەکراوە، بەڵام تیشک خراوەتە سەر تێکەڵکردنی ئاسایش لە چەمکە مۆدێرنەکانی تەندروستیدا.

## کاری هەواڵگری پزیشکی

- دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو مەترسییە ژینگەییانەی کە دەتوانن تەندروستی یان تواناکانی هێزەکە تێکبدەن، لەوانە: پیسبوونی کیمیایی و میکرۆبی ژینگە، ڕووداوی ژەهراوی پیشەسازی، کیمیایی و تیشکی، تیرۆر و ماددە هۆشبەرەکان
- هەڵسەنگاندنی کاریگەریی پرس و ڕەوتەکانی تەندروستی ژینگەیی دەرەکی لەسەر ئاسایشی ژینگە و سیاسەتی نیشتمانی
- دەستنیشانکردن، هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتکردنی مەترسییەکانی نەخۆشییە تووشبووەکان کە دەتوانن کاریگەریی ئەرکی سەربازەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان تێکبدەن، یان ببنە هۆی کاریگەرییە تەندروستییە درێژخایەنەکان
- ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی و فەرماندە سەربازی و سیاسییەکان لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە دەرەکییەکان کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و داڕشتنی سیاسەت هەیە، لەوانەش بەرگریکردن لە نیشتمان

## ڕێکارە زانستییەکان

- هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنە بنەڕەتی و کارپێکراوەکانی بایۆپزیشکی و بایۆتەکنەلۆژیا کە گرنگی پزیشکی سەربازییان هەیە
- هەڵسەنگاندنی تواناکانی پیشەسازی دەرمانی مەدەنی و سەربازی
- هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی پزیشکی بۆ بەرگریکردن لە شەڕی ئەتۆمی و بایۆلۆجی و کیمیایی
- ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئامێر و زانیارییە مەترسیدارەکان
- هەڵسەنگاندنی توانا پزیشکییە سەربازی و مەدەنییەکان، لەوانەش دامەزراوەکانی چارەسەرکردن، کارمەندانی پزیشکی، وەڵامدانەوەی فریاگوزاری و کارەسات، لۆجستی، و پیشەسازییە پزیشکییەکان/ دەرمانسازی

پەرەپێدانی سیاسەتی پزیشکی پرۆسەیەکی پێویستی سەردەمە و لە خزمەتی تواناو هێزی وڵات و ستراتیژیەتی نیشتمانیدایە، چونکە لەم ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی کاریگەرتر، چالاکییەکانی چاودێریکردن بەڕێوەدەچن، هەروەها زیاتر مەترسییەکانی پەتاو نەخۆشییەکان و چەکە تیشکدەرو ڤایرۆسەکان دەناسرێن، هاوکات زانین و هۆشیاریی پرۆسەکانی خۆپارێزی بۆ سەربازەکان و ئاسایشی نیشتمانی باشتر دەستەبەردەکرێن.

**سەرچاوە:**

- الاستخبارات الطبية تداخل الأمن وقضايا الصحة العالمية / www.aljundi.ae

43

# لیۆناردۆ داڤینشی .. داهێنەری سەربازی





● ئا: رۆژین

لیۆناردۆ داڤینشی، هونەرمەندی ناسراوی ئیتاڵی کە خاوەن شاکاری (مۆنالیزا) یە و لە سەردەمی ژیانی خۆیدا ( ١٤٥٢ —١٥١٩ ز) تا ئێستا بە وێنەکێش ناوبانگی دەرکردووە ، بەڵام زۆر بەهرەو شارەزایی دیکەی لە بوارە جیاجیاکاندا هەبووە نمونە بواری سەربازی. داڤینشی لەکاتێکدا لە (دوکی میلانۆ) کار دەکات (دوکی میلانۆ لە ساڵی ١٣٩٥ی ز تا ١٧٩٧ی ز دەوڵەتێک بووە لە باکووری ئیتاڵیاو بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی) لەوێ کۆمەڵێک بیرۆکەو داهێنای سەربازی خستۆتەڕوو

داڤنشی لە نێوان ساڵانی ١٤٨٢-١٤٩٩ز، نەخشەی چەندان چەکی سەربازی کێشاوە، وەک: مووشەک، تۆپ، غەواس، هەلیکۆپتەر و تانک

ئامێری جەنگی دیزاین کردووە، لەوانە گالیسکەیەک کە لە هەموو لایەکەوە چەقۆی تێدابووە، هەروەها هاوێژەرێک کە لە شێوەی تانک بووەو بە ئامێرێکی باشی زانیوە بۆ تێکشکاندنی ڕیزەکانی دوژمن لیۆناردۆ داڤینشی پلانی بەکارهێنانی مادەی برۆنزی بۆ درووستکردنی تۆپ پێشکەش کردووە لەپێناو پاراستنی شار لە هێرشەکانی چارلزی هەشتەم

لە دەستپێکی شەڕی دووهەمی ئیتاڵی لە ١٤٩٩ ز لیۆناردۆ لەگەڵ خزمەتکارەکەی (Salai) و هاوڕێ ماتماتیکزانەکەی (Luca Pacioli) شاری میلان بەجێ دەهێڵن و دەچن بۆ وێنیز ، لەوێ وەک ئەندازیارێکی سەربازی دەخرێتەکار بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ پاراستنی شارەکە لە هێرشە دەریاییەکان

وێڕای ئەوەی زۆرینەی ئەو ئامێرو کەرەستە سەربازیانەی داڤینشی نەخشەی کێشاون جێبەجێ نەکراون، بەڵام بیرۆکەو داهێنانە سەربازیەکانی بوونەتە بەشێک لە مێژووەکەی. هەروها ئەو هەڵوێست و کارانەی داڤینشی پەندو وانەیەکی خۆشەویستی گەل و نیشتمانە کە هەوڵیداوە خزمەتی بکات و بەشداربێت لە پاراستنی.

سەرچاوە:

www.alarabiya.net

ویکیپیدیا

zaniary.com

# سەربازێك دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ لە کۆتایی هاتنی شەڕ دۆزرایەوە

● ئا: رۆژین



تێرو ناکامورا، سەربازێکی بە ڕەسەن تایوانی کە لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی پەیوەندئی بە سوپای ژاپۆنەوە کردبوو، ساڵی ١٩٤٥ و لە سەروبەندی کۆتایی جەنگەکەدا، هێزەکەی لەناودەچێت و ئەویش بەتەنیا دەمێنێتەوە، وا مەزنەندە دەکات کە شەڕەکە هێشتا بەردەوامە، بەڵام لەبەرئەوەی لە یەکەکەی بەتەنها مابووە، هەڵهاتووە بۆ ناو جەنگەڵێک لە ئەندەنووسیا و ڕزگاری بووە، هەر لەو شوێنە ماوەتەوە تا دواجار پاش نزیکەی ٣٠ ساڵ، لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤دا دۆزرایەوە و، پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ لەتەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کرد

43

# پەیامی ئاشتی لە گاندی بۆ هیتلەر

## پەیڤ و پەند

● ئا: هێشوو ئاژگەیی

* مرۆڤایەتی دەبێت کۆتایی بە شەڕەکان بهێنێت، ئەگەرنا شەڕەکان کۆتایی بە مرۆڤایەتی دێنن.

* ئەو کەسەی ئەمڕۆ چالاکە، سبەینێ پاڵەوانی مەیدانە.

* تەنها لە خزمەتی سەربازیدایە، کە مرۆڤەکان ژیانی خۆیان ئازادانە بەخت دەکەن و لە پێناو باوەڕی نیشتمانی ئامادەن ئازار بچێژن و بمرن.

* گرنگترین سیفەتەکانی فەرماندەی سەرکەوتوو؛ متمانە بەخۆبوون، ئیرادەی خۆبەختکردن، دادپەروەری، چالاک بوون، کاری نوێ و بوێری لە بڕیاردانە.





As at Wardha
C.P.
India.
23.7.'39.

Dear friend,

Friends have been urging me to write to you for the sake of humanity. But I have resisted their request, because of the feeling that any letter from me would be an impertinence. Something tells me that I must not calculate and that I must make my appeal for whatever it may be worth.

It is quite clear that you are today the one person in the world who can prevent a war which may reduce humanity to the savage state. Must you pay that price for an object however worthy it may appear to you to be ? Will you listen to the appeal of one who has deliberately shunned the method of war not without considerable success? Any way I anticipate your forgiveness, if I have erred in writing to you.

Herr Hitler
Berlin
Germany.

I remain,
Your sincere friend
M.K.Gandhi

مەهاتما گاندی کە بە یەکێک لە گەورەترین ئاشتیخوازەکانی جیهان دادەنرێت، بەر لە دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی ویستویەتی ڕێگری لە هەڵگیرسانی جەنگ بگرێت و بۆ ئەم مەبەستە لە لە ٢٣ی تەمموزی ١٩٣٩دا نامەیەکی بۆ هیتلەر نووسیوە. لە نامەکەیدا بە «ئازیز» ناوی هیتلەری بردووەو داوای لێدەکات شەڕ بەرپا نەکرێت.

**لە نامەکەدا هاتووە:**

هاوڕێی ئازیزم ، دەوروبەرم فشاریان خستە سەرم کە بەناوی مرۆڤایەتییەوە نامەت بۆ بنووسم، بەڵام لە بەرامبەر ئەم داوایەدا، ماوەیەک بەبێ دەنگی مامەوە، چونکە قەناعەتم هەبوو کە نامەیەک لە منەوە ناگات بە تۆ، بەڵام شتێک هەبوو کە وای لێکردم ئەمە لەبەرچاو نەگرم، و بەبێ گوێدانە ئەنجامەکان قسەت لەگەڵ بکەم.

ئەوەندە ڕوونە، کە ئەمڕۆ تۆ تاکە کەسێت لەم جیهانەدا کە دەتوانیت ڕێگری لە هەڵگیرسانی شەڕ بکەیت، و مرۆڤایەتی لە گەڕانەوە بۆ ژیانێکی بەربەرییەت ڕزگار بکەیت، کەواتە ئایا بەڕاستی ئامادەی باجێکی وا هەڵبگریت؟ دەرئەنجامەکانی هەرچییەک بێت؟ ئایا گوێ لە پیاوێک دەگریت کە ڕەتیدەکاتەوە ناکۆکیەکان بەهێز یەکلابکرێنەوە؟ بەم ڕێگەیە ناگەیتە ئەنجامە ئەرێنییەکان. کاتێک نامەکەم دەخوێنیتەوە و بینیت پاڵپشتیەک بۆ قسەکانم نیە، داوات لێدەکەم لێم ببورن. من وەک هاوڕێی تۆ دەمێنمەوە).

هەرچەندە گاندی بەوپەڕی دڵسۆزیەوە بۆ هیتلەری نووسی، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی حکومەتی بەریتانیا، نامەکە هەرگیز نەگەیشتە هیتلەر. دوای کەمتر لە مانگێک لە نووسینی نامەکەی گاندی، ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر پۆڵەندا و جەنگی دووەمی جیهانی دەستپێکرد و بەهۆیەوە زیانی زۆرو وێرانەیی هەمەلایەنەو دەیان ملیۆن قوربانی لە سەرانسەری جیهاندا لێکەوتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku